گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٧)- (٧)ی نیسان ٢٠٢٥

جێبەجێکردنی دەستوور بە تەواوی و بونیادنانەوەی هەیکەلی فیدراڵیی ڕاستەقینە تەنیا ڕێگەیە بۆ پاراستنی عێراق لەو ئاگرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە

جارێکی دیکە هێزی دیپلۆماتی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ چارەسەر ناکرێت و دیپلۆماتییەتی هێز سەرلەبەری نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕێت

ئەو دەوڵەتانەی وەک سوپەر پاوەری ئیقلیمی پێشتر مانۆڕیان دەکرد و ماسوولکەی هێزیان پیشان دەدا، ئێستا چاکەتێکی قوڵ درێژیان لەبەر کردووە و ماسوولکەکانیان شاردووەتەوە

## لە "سایکس -پیکۆ"وە بۆ "بی بی -ترەمپ"

# گۆڕینی ڕاستەی دابەشکردنی نەخشەکان بۆ "تی - سکوێر"



# پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی بایدن و سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە حوزەیرانی ٢٠١٤






ڕۆژی ١٩ی حوزەیران، بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم. لە پەیوەندییەکەدا بەوردی گفتوگۆ لەسەر بارودۆخ و ڕووداوەکان کرا. لە درێژەی پەیوەندییەکەیدا بایدن ڕایگەیاند: (دەستپێکردنی هێرشەکەمان بۆ سەر داعش بە مانای پشتگیریکردن لە مالیکی نییە و لادانی مالیکییش کاری عێراقییەکانە).

لە درێژەی قسەکانیدا جێگری سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند: (لەم قۆناغەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان زۆر گرنگە و دەبێ کورد بەشدار بێت. چارەسەری بنەڕەتی بریتییە لە پێکهێنانی حکوومەت بە زووترین کات بە بەشداریی هەموو لایەنەکان).

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پێم ڕاگەیاند: ئێستا ویژدانم ئاسوودەیە، چونکە پێشتر چەندان جار دەسەڵاتدارانی بەغدا و لایەنەکانم ئاگادار کردەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە عێراق بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێت و هۆشداریی مەترسییەکانی سەر عێراقم پێ ڕاگەیاندن. ئێستا کاتی بیرکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی جددییە بە بارودۆخەکەدا و لەبەرچاوگرتنی هەردوو چارەسەری سەربازی و سیاسی پێکەوە.

ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران، دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیم لەگەڵ ئەمانپوور پێشکەشکاری کەناڵی سی ئێن ئێن کرد. لە دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکەدا ڕاشکاوانە باسی سەربەخۆیی کوردستانم کرد. مەبەستم لە بابەتەکە هەبوو، چونکە بڕیار بوو ڕۆژی ٢٤ی حوزەیران جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی بزانم چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکی دەبێت.

بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە نەوشیروان مستەفاوە کرد بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی بەیانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکادا بکات. بەپێی بەرنامەکە ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٤، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە یاوەری باڵیۆز بیکرۆفت و مامکگۆرک و ژمارەیەک لە ستافی وەزارەتی دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد, لە کۆبوونەوەکەدا کە نەوشیروان مستەفا و نێچیرڤان بارزانی و دکتۆر فواد حوسێن و قوباد تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح و فەلاح مستەفا ئامادە بوون، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نیگەرانیی خۆی نیشان دا لە بارودۆخی نوێی عێراق. لە بەشێکی تری قسەکانیدا سەرسووڕمانی خۆی نیشان دا بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان. لە تەوەرەیێکی تری دیدارەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا داوای کرد هەوڵ و تواناکانمان بخەینە گەڕ لە پێناو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە، لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا بە وردی و دووروودرێژی بۆچوون و سیاسەت و ڕوانگەکانمان سەبارەت بە دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکان و بارودۆخی عێراق خستە ڕوو، دیار بوو کێری زۆر باش لە بابەتەکە گەیشت.

لە کۆتاییی دیدارەکەدا، جۆن کێری ئاماژەی بەوەدا کە دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکەی لە (سی ئێن ئێن)دا بینیوە و گوتی: (مافی خۆتانە، بەڵام پێویستە لە کاتێکی لەبار و گونجاودا بێت).







چاپی یەکەمی کتێبی (لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر) لە نووسینی (مامۆستا ڕێباز ئارام عەبدولڕەحمان) بە (٩٦) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە دەروازەیەکە بۆ خستەڕووی بیروبۆچوون و تێبینی و ڕای ئازاد لەبارەی خێزانی کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری بە شێوەیەکی گشتی، بە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەتایبەتی ئەوانەی کە هاوسەرگیری دەکەن، یاخود لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیرییدان.

نووسەری ئەم کتێبە هەوڵی داوە لەم بوارەدا خزمەتێك بە کۆمەڵگەی کوردەواری بکات، دیارە ئەمەش لە چوارچێوەی داب و نەریتی کوردەواری و شەرعیی میانڕەوانەی ئیسلامیدا، بەو پێیەی زۆرینەی کورد موسڵمانن، ئەم بابەتە جگە لە گەلی کورد پەیوەستە بە گشت مرۆڤایەتی.

ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم کتێبە ئاماژەی بۆ چەندین جیاوازی کردووە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە نووسەر بە تێروتەسەلی پەنجەی خستووەتە سەر سەرجەم ئەو جیاوازییانە؛ لەوانە جیاوازیی لە ڕەنگ و ڕووخساری مرۆڤەکان بەگشتی و دابەشبوون بەسەر گۆی زەوی، ئینجا جیاوازیی دەنگ لەنێو تاکەکاندا، دەبینین لەنێو مرۆڤەکان ڕوخساریش جیاوازە، هەرچەندە خوای گەورە مرۆڤی بە جوانترین شێوە دروستکردووە، بەڵام کەمیان لەیەك دەچن و زۆر جاریش بە نەتەوە و ناوچە جیاوازییان هەیە، دەمێنێتەوە سەر جیاوازیی جەستە؛ کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە، ئەمەش جۆرە چێژێك دەبەخشێت، ئایین و بیروباوەڕیش جیاوازییەکی دیکەی نێوان مرۆڤی سەر زەوییە، بە سەدان ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ هەن، کە هەندێکیان خودایی و ئاسمانین، هەندێکی دیکەش دروستکراو و بیروباوەڕی داهێنراوی خودی مرۆڤەکانن.

نووسەر لەم کتێبەدا لەم هەموو بوارەی کە ئاماژەی پێکردوون، مەبەستی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێیە، بۆیە هەندێ بنەمای دیکەیش هەن کە بناغەی بەردەوامیی ژیان و مرۆڤایەتین؛ پێکەوەژیان،هاوسەرگیری، ڕێزگرتن، وەفا، یەکترناسین، ڕەوشت، خۆنەویستی، لێبووردەیی، دڵپاکی.... تاد. دەستخۆشی بۆ مامۆستا ڕێباز ئارام عەبدولڕەحمان، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## د. ماجید خەلیل :



**ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا هەمووان لە دەوری مەرجەعی خۆمان سەرۆک بارزانی کۆ ببینەوە**

## جدعان عەلی :



**سەرۆک بارزانی مەرجەع و خەمخۆری کێشەی کوردە، بۆیە مەزڵووم عەبدی هاتە هەولێر و ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە پەیامی بۆ نارد**

## ماهیر سورچ :



**پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ نەورۆزی ئامەد جێگەی تەقدیر و دڵخۆشیی هەمووان بوو**

## فوئاد ئیزەدی :



**بۆی هەیە ئێران پەنا بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ببات**




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

ئارام شەعبان :



**سیاسەتی بەغدا بۆ برسیکردن و نەدانی بوودجەی هەرێم فۆرمێکی نوێی ئەنفال و تیرۆری داراییە لە دژی خەڵکی کوردستان**



پەیام دارا :

**لەگەڵ کارەکەم ئاسوودەم، چونکە دڵنیام لەوەی هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە**

**داتاشۆیەک بەقەد مۆبایلێک**



**چۆن بە خێرایی کۆلیستیرۆڵ دادەبەزێنیت؟**





هونەرمەند حەسەن شەریف:

**حەز دەکەم هەندێک گۆرانی فۆلکلۆری بەشێوازێکی نوێ پێشکەش بکەم و بە پاکی رایانبگرم**

ئیمان بارزان :

**بەهۆی بەردەوامبوونم وەک یاریزان ناتوانم ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکان بگرمە ئەستۆ**






### لە «سایکس – پیکۆ»وە بۆ «بی بی – ترەمپ»

# گۆڕینی ڕاستەی دابەشکردنی نەخشەکان بۆ «تی-سکوێر»


Turkey
Syria
Iraq
Israel

زۆر جاران کە باسی پەیماننامەی «سایکس-پیکۆ» دەکرێت، کە میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پێ دابەش کرد، باس لەوە دەکەن لەناو نەخشەکەی سایکس پیکۆدا دەوڵەتەکان بە راستە «Ruler» دابەش کراون، بۆیە ئەندازەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ نابینرێت، بەڵام لە پەیماننامەی ئێستای «نەتانیاهو – ترەمپ» کە کورتکراوەکەی دەبێتە «بی بی – ترەمپ»، مەزندەی ئەوە دەکرێت بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشە تازەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامێری تی- سکوێر «T-square» وێنەی ئەندازەیی بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ناو ئەم نەخشە تازەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندازەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخی تێدا پیادە بکرێت.

لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک هەر شتێك بە ناوی دەوڵەت و سەروەریی دەوڵەت بوونی نەماوە، بەڵکو کۆی سەرۆك و پادشاکانی ئەم ناوچەیە بە دۆست و نەیارەوە چاوەڕێی ئەوەن لە «مار ئا لاگۆ»ی فلۆریدا پەیامێکیان ئاراستە بکرێت و ئەو سەقفەیەی ترەمپ داوای دەکات، بە دڵی ئەو ئیمزای بکەن و مەترسیی رووخانی رژێمەکانیان لە خۆیان دوور بخەنەوە.

هاوسەنگیی هێز لەم ناوچەیە بە جۆرێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە. ئەو دەوڵەتانەی ٥-٦ مانگێك پێش ئێستا وەك سۆپەر پاوەری ئیقلیمی مانۆڕیان دەکرد و ماسوولکەی هێزیان پیشان دەدا، ئێستا هەر یەکەیان چاکەتێکی قۆڵ درێژیان لەبەر کردووە و ماسوولکەکانیان شاردووەتەوە، لەمەش زیاتر بە ئاشکرا بەیداخی سپیان هەڵکردووە و دەڵێن: «ئێمە شەڕ ناکەین».

ئەو دەوڵەتانەشی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان بە پاشکۆی دەوڵەتانی سوپەر پاوەری ئیقلیمیی ئەم ناوچەیە دەزانی، ئەوانیش خۆیان لێ ساحێب کراوە، هەر بۆ نموونە: بە بەرچاوی جیهانەوە ئیسرائیل لە یەك کاتدا غەززە و باشووری لوبنان و سووریا بە سەختی بۆمباران دەکات، بەڵام تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی نییە و بە ئاشکرا دەڵێت شەڕمان لەگەڵ ئیسرائیل پێ ناکرێت. ماوەی نزیکەی دوو هەفتەیە ئەمریکا زۆر بە سەختی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی میلیشیا حوسییەکان لە یەمەن کاول دەکات، کۆماری ئیسلامیی ئێران راشکاوانە رایگەیاندووە کە حوسییەکان سەربەخۆن و خۆیان بریار دەدەن و هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە نییە.

ئاگری ئەم شەڕەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، جارێکی دیکە بە هێزی دیپلۆماتی چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵکو ئاراستەکە بەو جۆرەیە دیپلۆماتیەتی هێز سەرلەبەری نەخشەی ئەم ناوچەیە بگۆڕێت و، ئەو دەوڵەتانەشی کە هاتە ئێستا راستەخۆ لەم شەڕەوە تێوە نەگلاون، یان دەبێت ئەو ئەمری واقیعە تازەیە قبووڵ بکەن و بە ئاشتییانە خۆیان لەگەڵ نەخشە تازەکە بگونجێنن، یان ئاگری ئەم شەڕە ئەوانیش دەگرێتەوە.

### ستراتیژیەتی بنبڕکردنی مەترسییەکان دروستکردنەوەی هاوسەنگی لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکاندا

ئۆلاف شۆلز، راوێژکاری ئەڵمانیا لە کانوونی دووەم – شوباتی ٢٠٢٣ لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز، وتارێکی بە ناونیشانی «خاڵی وەرچەرخانی جیهانی - The Global Zeiten-wende» بڵاو کردەوە، لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ ئۆرسولا ڤۆندر لاین، سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا لە کۆربەندی داڤۆسەوە رایگەیاند: «ستراتیژیەتی تازەی یەکێتیی ئەورووپا ناو دەنێم «بنبڕکردنی مەترسییەکان - De-risking»، ئەم دوو پەیامەی راوێژکاری ئەڵمانیا و سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، بە پلەی یەکەم ئاراستەی ڤلادمیر پوتین سەرۆکی رووسیا بوو، کە وەك مەترسیی سەرەکی بۆ ئاسایش و سەقامگیریی ئەورووپا و جیهان لە قەڵەمیان دەدا، بەڵام لە شوباتی ٢٠٢٥ لە ناو کۆنگرەی میونشن، جی دی ڤانس جێگری دۆناڵد ترەمپ، هەموو دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپای شۆك کرد، کاتێك

**ئەو دەوڵەتانەی ٥-٦ مانگێك پێش ئێستا وەك سۆپەر پاوەری ئیقلیمی مانۆڕیان دەکرد و ماسوولکەی هێزیان پیشان دەدا، ئێستا هەر یەکەیان چاکەتێکی قۆڵ درێژیان لەبەر کردووە و ماسوولکەکانیان شاردووەتەوە**

**بە بەرچاوی جیهانەوە ئیسرائیل لە یەك کاتدا غەززە و باشووری لوبنان و سووریا بە سەختی بۆمباران دەکات، بەڵام تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی نییە و بە ئاشکرا دەڵێت شەڕمان لەگەڵ ئیسرائیل پێ ناکرێت**

**ماوەی نزیکەی دوو هەفتەیە ئەمریکا زۆر بە سەختی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی میلیشیا حوسییەکان لە یەمەن کاول دەکات، کۆماری ئیسلامیی ئێران راشکاوانە رایگەیاندووە کە حوسییەکان سەربەخۆن و خۆیان بریار دەدەن و هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە نییە**

**ئاگری ئەم شەڕەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، جارێکی دیکە بە هێزی دیپلۆماتی چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵکو ئاراستەکە بەو جۆرەیە دیپلۆماتیەتی هێز سەرلەبەری نەخشەی ئەم ناوچەیە بگۆڕێت**

گوتی: «مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر ئەورووپا ڕووسیا نییە، یان فاکتەری دەرەکی نییە، بەڵکو مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئەورووپا خودی ئەورووپایە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەترسن، لەوەی کە پارتە ڕاسترەوەکان دەنگ و کورسیی زیاتر بەدەست بهێنن، یان دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ڕێگری دەکەن لەوەی ئەو پارتانە بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانیی وڵاتدا بکەن».

لێرەوە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان پەیامەکانی «ئۆلاف شۆلز» و «ئورسۆلا ڤۆندەر لاین» لەگەڵ پەیامەکەی «جی دی ڤانس» بکەین، دەبینین ئەو «بنبڕکردنی مەترسییەی» سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا باسی لێوە دەکرد، بەوەی گوایە لە دەرەوە مەترسی لەسەر ئەورووپا دروست دەکات، ئێستا لە سەردەم ئیدارەی ترەمپ گۆڕاوە بۆ خودی «سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتانی ئەورووپی»، هەروەها ئەو وەرچەرخانە جیهانییەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئاماژەی پێدەکرد، کە تیایدا ئەڵمانیا ڕۆڵی سەرەکیی تێدا بگێڕێت، ئێستا گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا دەیەوێت لەگەڵ تەواوی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ وەك یەکێك لە ویلایەتەکانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، لەمەش زیاتر دەست لە کاروباری ناخۆ و هەڵبژاردنەکانیشیان وەردەدات، بۆ ئەوەی ئەو حزبە سیاسییانە بگەنە دەسەڵات کەوەك ترەمپ و تیمی ئیدارە تازەکەی ترەمپ بیر دەکەنەوە.

لەم بەراوردەوە دەگەینە ئەو دەرنجامەی ئەو وەرچەرخانە جیهانییەی لە دوای ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ و لە دوای دەستبەکاربوونەوەی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا دروستی کردووە، بە مانای وشە دابڕانێکی مێژوویی ئەوتۆی دروست کردووە، کە هەرگیز سیاسەتی نێودەوڵەتیی ٢٠٢٥، سیاسەتی نێودەوڵەتیی ٢٠٢٤ نییە و، دەبێت کۆی دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە تازەیە خۆیان بگونجێنن، کە ئەم ئیدارە تازەیەی ئەمریکا دروستی کردووە.

ئەوجا ئەگەر کاریگەریی ئەم وەرچەرخانە جیهانییە لەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاڤە بکەین، ئەوا وەك ڕەوتی ڕووداوەکان پیشانی دەدەن، دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بە تەواوەتی لە ئاراستەی ئەم وەرچەرخانە جیهانییە تێنەگەیشتوون، بەوەی لەسەر ئەرزی واقیع لە سیاسەتی ئەمریکادا، مەترسییەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن پێناسە کراوە، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانن لە ناوچەکە، بتوانن بە ڕایەڵەیەك خۆیان بە سیاسەتی تازەی ئەمریکاوە گرێ بدەنەوە، هەر بۆیە لەگەڵ هەر ڕووداوێك کە لەناوچەکە ڕوو دەدات، ڕووداوی توندتر و خوێناویتر بەدوای خۆیدا دێنێت. هەر بۆ نموونە لەگەڵ دەستبەکاربوونی ترەمپ لە ئیدارە تازەکەیدا، داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد کە شاری غەززە ببێتە موڵکی ئەمریکا و دانیشتووانەکەی ڕابگوێزرێن بۆ وڵاتانی دیکە، بەڵام ئەم داوایەی ترەمپ، لەلایەن «شا عەبدوڵڵا»ی پادشای ئوردونەوە بەو جۆرە وەڵام درایەوە کە هەرسێ دەوڵەتی «ئوردون، میسر، سعودیە» پێکەوە کۆدەبنەوە و وەڵامێکی گونجاوی پێشنیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا دەدەنەوە. ئەوە بوو هەر سێ دەوڵەتەکە لە ڕیازی پایتەختی سعودیە کۆبوونەوە و ڕازی نەبوون کە دانیشتووانی غەززە ڕابگوێزرێن، بۆیە هەر دوای چەند ڕۆژێك ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر میلیشیای حوسییەکان لەیەمەن، ئەویش ئاگربەستی لەگەڵ حەماس شکاند و زۆر بە چڕی هێرشەکانی بۆ سەر غەزە دەست پێکردەوە و ژمارەیەکی هێجگار زۆری هاووڵاتی سڤیل و ژن و منداڵ بوون بە قوربانی. ئێستا بارودۆخی غەززە گەیشتووەتە ئەوەی دانیشتووانی شارەکە خۆیان بە ئارەزوومەندانە شارەکە جێ دەهێڵن و ئیسرائیلیش کارئاسانییان بۆ دەکات، لە باشووری لوبنانیش هێزەکانی حزبوڵڵا خەریکی دووبارە خۆڕێکخستنەوە بوون، جارێکی دیکە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر باشووری لوبنان، تورکیا ویستی بنکەیەکی سەربازی

**ئەمریکا دەیەوێت لەگەڵ تەواوی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ وەک یەکێک لە ویلایەتەکانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکات**

**هەرگیز سیاسەتی نێودەوڵەتیی ٢٠٢٥، سیاسەتی نێودەوڵەتیی ٢٠٢٤ نییە و، دەبێت کۆی دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە تازەیە خۆیان بگونجێنن، کە ئەم ئیدارە تازەیەی ئەمریکا دروستی کردووە**

**ئێستا بارودۆخی غەززە گەیشتووەتە ئەوەی دانیشتووانی شارەکە خۆیان بە ئارەزوومەندانە شارەکە جێ دەهێڵن و ئیسرائیلیش کارئاسانییان بۆ دەکات**

**چۆن کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆی دەرکەوت، چیتر ناتوانرێت بەرگری لە مانەوەی بەشار ئەسەد بکرێت و پشتی تێکرد، بە هەمان شێوە لە ئێستادا تورکیاش لەو ڕاستیە تێگەیشتووە کە ناتوانێت بەرگری لە ئەحمەد شەرع بکات**



**سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق وەک دەوڵەت، بەو ئاراستەیەیە کە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی بێت**

لە دیمەشق دابمەزرێنێت، ئەوا وەك دەبینین نەك هەر دەستی کردووە بە بۆمبارانکردنی دیمەشق و چەند شارێکی دیکەی سووریا، لە هەمان کاتدا بە قووڵایی چەندین کیلۆمەتر سوپای ئیسرائیل پێشڕەوی کردووە و چووەتە ناو خاکی سووریاوە و، چۆن کاتێك کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆی دەرکەوت، چیتر ناتوانرێت بەرگری لە مانەوەی بەشار ئەسەد بکرێت و پشتی تێکرد، بە هەمان شێوە لە ئێستادا تورکیاش لەو ڕاستیە تێگەیشتووە کە ناتوانێت بەرگری لە ئەحمەد شەرع بکات و ڕاشکاوانە دەڵێت: «شەڕی ئیسرائیل بە ئێمە ناکرێت».

کەواتە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە چاویلکەی ئیسرائیل و ترەمپەوە، پێناسەکردنی مەترسی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی «بنبڕکردنی مەترسییەکان» لە ئێستادا زۆر بە ئاشکرا پیادە دەکرێت.

ئەوەی بۆ سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ئیسلامی جێگەی ناحاڵیبوونە لەم ستراتیژە تازەیە، بەو جۆرەیە کە «جۆرج دەبلیو بۆش» دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕایگەیاند: «لە شەڕی دژی تیرۆردا بێلایەنی بوونی نییە، یان ئەوەتا لەگەڵ ئێمە لە سەنگەری دژە تیرۆر دەبن، یان ئەوەتا خۆتان ساغ بکەنەوە و لەسەنگەری تیرۆریستان دەبن و ئێمە وەك دوژمن مامەڵەتان لەگەڵ دەکەین». ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، شەرعییەتی نێودەوڵەتییان بە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش دا کە سەرکردایەتیی «ئۆپەراسیۆنی هەڵۆ» بۆ ڕووخانی ئیمارەتی تاڵیبان دەست پێبکات، بەڵام ئەوەی ئێستای ئیدارەی ترەمپ لە ساڵی ٢٠٠١ی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە



ئیدارەی ترەمپ بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە نەک هەر پابەندی هیچ بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نابێت، بەڵکو لە چەندین ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ئەندامیەتی ئەمریکای لەو ڕێکخراوانە کێشاوەتەوە و پشکی ئەمریکای لە بوودجەی ئەو ڕێکخراوانە بڕیوە، بەمەش ئەم هێزەی ئەمریکا ڕاشکاوانە ئەو پەیامەی بە جیهان ڕاگەیاندووە کە بڕیاری چارەنووسساز لەسەر ئایندەی جیهان لە ماڵەکەی خۆی لە «مار ئالا گۆ»ی فلۆریدا دەدرێت، نەک لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەنهاتن.

بڕیاری چارەنووسسازیش وەك لەم دوو سێ مانگەی دوای دەستبەکاربوونی ترەمپ تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیماکانی دەرکەوتوون، ڕاشکاوانە ئەوە بوو «لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەی وەك سەرچاوەی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر ئاستی ناوچەکە هەژمار دەکرێت، تەنیا دوو بژارە بۆ تەواوی دەوڵەتەکان ماوەتەوە، کە ئەوەیە، یان دەبێت هاوپەیمانی ئەمریکا بیت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، یان ئەوەیە ئەمریکا وەك دوژمن و هاوپەیمانی سەرچاوەی مەترسییەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

## عێراق لەناو گێژاوی وەرچەرخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق وەك دەوڵەت، بەو ئاراستەیەیە کە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی بێت، بەڵام بە کردەیی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و سەرەتای ٢٠١١، عێراق بەرەو دەوڵەتێکی مەزهەبگەرایی شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت، وەك ئەو بارە دیفاکتۆیەشی

**لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و سەرەتای ٢٠١١، عێراق بەرەو دەوڵەتێکی مەزهەبگەرایی شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت**

ئێستا لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتە دەبینرێت، حوکمڕانی لە عێراقدا بەدەستی لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»وەیە کە ناتوانن نە بە فەرمی و نە بە نافەرمی خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا بگونجێنن و خۆیان لە ئاگری ئەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بخەنەوە.

ئاراستەی خوێندنەوەی سیاسەتی ئەمریکا کە ئێستا بە شێوەیەکی نافەرمی نامەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ناردووە بۆ دانوستاندن و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە ڕێگەی سەڵتەنەتی عومان وەڵامی نامەکەی سەرۆکی ئەمریکای داوەتەوە، بەو شێوەیە کە لە ماوەی ئەم یەك دوو مانگەی داهاتوو کە ئیدارەی ئەمریکی وەك مۆڵەت بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنەکان بۆ کۆماری ئیسلامی دایناوە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا کە هێرشی ئاسمانی و ڕۆکێت بە ڕاگەیاندنی جەنگ لە دەستووری ئەمریکادا لە قەڵەم نادرێت، ئەوا هێرشەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆکن و پێویستیان بە ڕەزامەندی کۆنگرێسی ئەمریکا نییە، هەروەك چۆن ئێستا دەبینین کە هێرشکردنە سەر میلیشیای حوسییەکانی یەمەن پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆنگرێس نەبووە، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە دوای هێرشی حوسییەکان، نۆرەی ئەو لق و پۆپانەی دیکەی میلیشیاکانیش دێت کە لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپدا وەك حوسییەکان پۆلێن کراون، بەم حیسابەش بێت، پێش ئەوەی دانوستاندنی ئەمریکا و ئێران دەست پێبکات، ئەمریکا، یان ئیسرائیل هێرش دەکەنە سەر ئەو گرووپە چەکدارانە کە خودی حکومەتی عێراق بە «لە یاسا دەرچوو» ناویان دەبات. ئەم لێدوانانەش بە ئاشکرا لەسەر شاشەی ئەو کەناڵانە بڵاو دەکرێنەوە، کە هەندێکیان زۆر نزیکن لە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و لەبەر یەك هەڵوەشانی توانا سەربازییەکانی حەماس و حزبوڵڵا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە، ئەو گرووپە چەکدارانە بە هیچ جۆرێك پاشکۆی کۆماری ئیسلامی نین و خۆیان سەربەخۆن لە بڕیارەکانیان و درێژەدانیان بە مقاوەمەی ئیسلامی. ئەم پەیامە ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئیسرائیل و ئەمریکا هێرش بکەنە سەر هەر گرووپێکی چەکداری، ئەوا ئێران هیچ کاردانەوەیەکی لە سەریان نابێت، هێرشی چڕی دوو هەفتەی ڕابردووی ئەمریکاش بۆ سەر حوسییەکان جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر ئەو هێرشە توندەی ئەمریکا بۆ سەر حوسییەکان نەبووە، کە وەك خودی ترەمپ لە تویتەکانی ڕاشکاوانە ئاماژەی پێدەکات، ئەوەی لە هێرشەکانی ئەمجارەدا زیانیان بە میلیشیا حوسییەکان گەیاندووە، هیچی لەو هێرشانە کەمتر نییە کە هێرشەکانی ئیسرائیل بەسەر چەکدارانی حزبوڵڵای لوبنانی هێناوە و، زۆر ڕاشکاوانەش ئاماژە بەوە دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی حوسییەکان لە ڕیزەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەم هێرشانەدا کوژراون.

کەواتە عێراق وەك دەوڵەت دەبێت خوێندنەوەیەکی زۆر ورد بۆ سیناریۆی وەرچەرخانە نزیکەکانی ئەم ستراتیژە بکات، بەوەی ناتوانرێت بە وەرگرتنی هەڵوێستی بێلایەنانەی ڕووکەش تاسەر بۆی بچێتە سەر و دەبێت ڕاشکاوانەتر هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێت، بەتایبەتی کە ئێستا مەزندەکان بەو ئاراستەیەن دوای حزبوڵڵا و حەماس و حوسییەکان، ئەوەی لە لیستی مەترسییەکانی ئەمریکادا پۆلێن دەکرێن، گرووپە چەکدارەکانی عێراقن، کە زۆر بێباکانە هەتا مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بە ئاشکرا بەشێك بوون لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و غەززە و حزبوڵڵا، لەمەش زیاتر هاوکات هەر لەو سەروبەندەدا حکومەتی ئیسرائیل بە فەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان شکاتی لە حکومەتی عێراق کردووە، بەوەی لەسەر خاکی عێراقەوە هێرشی دەکرێتەسەر.

**هێرشەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆکن و پێویستیان بە ڕەزامەندی کۆنگرێسی ئەمریکا نییە، هەروەک چۆن ئێستا دەبینین کە هێرشکردنە سەر میلیشیای حوسییەکانی یەمەن پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆنگرێس نەبووە**

**مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە دوای هێرشی حوسییەکان، نۆرەی ئەو لق و پۆپانەی دیکەی میلیشیاکانیش دێت کە لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپدا وەک حوسییەکان پۆلێن کراون**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و لەبەر یەک هەڵوەشانی توانا سەربازییەکانی حەماس و حزبوڵڵا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە، ئەو گرووپە چەکدارانە بە هیچ جۆرێک پاشکۆی کۆماری ئیسلامی نین و خۆیان سەربەخۆن لە بڕیارەکانیان و درێژەدانیان بە مقاوەمەی ئیسلامی**

**ئیسرائیل و ئەمریکا هێرش بکەنە سەر هەر گرووپێکی چەکداری، ئەوا ئێران هیچ کاردانەوەیەکی لە سەریان نابێت**

## هەرێمی کوردستان لەناو عێراقێکی ناسەقامگیردا

لە سەروبەندی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گفتوگۆی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ی تەرخان کرد بۆ «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان». بۆ ئەم گفتوگۆیە «شێخ حەیدەر لامی» سەرکردە لە دەوڵەتی یاسا و «سەرمەد ئەلبەیاتی» ئەفسەری پێشووی پۆلی زرێپۆشی عێراق و «موخەلەد حازم» ڕاوێژکاری ئاسایش و یاسایی حکومەتی عێراق ئامادە بوون. لەم گفتوگۆیەدا شێخ حەیدەر لامی، وەك نوێنەری دەوڵەتی یاسا و بەشێك لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، هەڵوێستی لەسەر کەوتنی ڕژێمی ئەسەد دەربڕی و گوتی: «بشار ئەسەد بە شێوازێکی منداڵانە و هەرزەکارانە حوکمڕانیی سووریای کردووە. بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێویستی بە لۆژیکی دەوڵەتمەدارێکی وەك سەرۆك بارزانی هەیە، کە دەتوانێت هەموو عێراقییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە». سەرمەد ئەلبەیاتییش وەك پسپۆڕێکی سەربازی زۆر ڕاشکاوانە گوتی: «بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بڵاوی کردووەتەوە، عێراقیش بەشێکە لە هیلالی شیعی، ئەوەی لەو نەخشەیەدا ناوی لێ نراوە «دەوڵەتە بێزراوەکان — دول النقمة»، موخەلەد حازمیش وەك پسپۆڕێکی سەربازی و ئەمنی، هەڵوەستەی لەسەر نەخشەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد و گوتی: «نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەی ئێستا نامێنێتەوە و دەوڵەتەکان دابەش دەبن بۆ دەوڵەتی بچووك «ویلات»، بەڵام هەرێمی کوردستان لەناو ئەم سیناریۆ تازەیەدا سەلامەت و سوودمەند دەبێت».

هەموو ئەم لێدوانانە لە گفتوگۆیەکدا گوتراون کە تەنیا یەك هەفتە بوو، ڕژێمی ئەسەد ڕووخا بوو، هەموو ئەوانەشی ئەو قسانەیان کردووە، زۆر نزیکن لە بڕیاربەدەستانی حکومەتی ئێستای عێراقەوە و هەمووشیان عەرەبی شیعە بوون. ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە عەرەبی شیعەی عێراق بە گشتی و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، زۆر باش لە مەترسی ئەو سیناریۆیە تێدەگەن، کە دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە ناوچەکە دەرکەتووە، دەشزانن تەنیا بە یەك ڕێگە دەتوانن خۆیان لە ئاگری ئەم سیناریۆیە بە دوور بگرن، ئەویش ئەوەیە کە هەوڵ بدەن لەو خاڵەدا خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بگونجێنن کە ڕەهەندەکانی لە ڕێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە ٢٠٢٢ بە لۆژیکی سەرۆك بارزانی داڕێژراوە، ئەویش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ وەك یەك سەفقە هەموو دەستوورەکە پێکەوە، ئەگەر لە ئێستاشدا چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە دروستی ئەم ڕێگەیە بگرن و دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەن و هەیکەلەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ڕاستەقینە بونیاد بنێننەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان چۆن پێشتریش لایەنێکی خێر بووە بۆ پاراستنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، ئەوا لە ئێستاشدا هەمان ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە ئەبومیساق ئەلمساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر لە مارتی ٢٠٢٤ پێی گوتین: «ئەگەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئیدارەی بایدن بەو ئاستە پێشوازی لە شاندی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەیی محەمەد شیاع سوودانی نەدەکرد»، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر سوور بن لەسەر ئەوەی دەستورەکە وەلا بنێن و بەو جۆرە حوکمڕانی بکەن، کە ئێستا دەیکەن، ئەوا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو دەستوورە، هەرێمی کوردستان ناتوانێت هیچ ڕۆڵێك بگێڕێت و، دەبێت چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەختی خۆی لەسەر ئەگەرە نادیارەکانی ئەو سیناریۆیە تاقی بکاتەوە کە ئێستا لە ناوچەکە پیادەکرێت.

**ئێستا مەزندەکان بەو ئاراستەیەن دوای حزبوڵڵا و حەماس و حوسییەکان، ئەوەی لە لیستی مەترسییەکانی ئەمریکادا پۆلێن دەکرێن، گرووپە چەکدارەکانی عێراقن**

**حکومەتی ئیسرائیل بە فەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان شکاتی لە حکومەتی عێراق کردووە، بەوەی لەسەر خاکی عێراقەوە هێرشی دەکرێتەسەر**

**عەرەبی شیعەی عێراق بە گشتی و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، زۆر باش لە مەترسی ئەو سیناریۆیە تێدەگەن، کە دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە ناوچەکە دەرکەتووە**

**تەنیا بە یەک ڕێگە دەتوانن خۆیان لە ئاگری ئەم سیناریۆیە بە دوور بگرن، ئەویش ئەوەیە کە هەوڵ بدەن لەو خاڵەدا خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بگونجێنن کە ڕەهەندەکانی لە ڕێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە ٢٠٢٢ بە لۆژیکی سەرۆک بارزانی داڕێژراوە**



د. ماجید خەلیل
شارەزا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا هەموان لە دەوری مەرجەعی خۆمان سەرۆک بارزانی کۆ ببینەوە

# هەولێر بووەتە ناوەندێکی سەرەکی و پردێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان

**شەڕ و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڕەشەکانی ترەمپ بۆ سەر ئێران، چاوەڕوانیی گۆڕانکارییەکی گەورەی لێدەکرێت. ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و قەوارەی هەرێمی کوردستان وەکو چەتری کۆکەرەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان، گرنگیی خۆی لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا بۆ گەلی کورد هەیە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ماجید خەلیل، شارەزا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ساز دا.**

* شەڕ و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڕەشەکانی دۆناڵد ترەمپ لە ئێران و میلیشیاکانی، هەلومەرجێکی نوێیە، وەکو شارەزایەکی مێژووی هاوچەرخ چۆن دەڕوانیتە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە سیستمە جیهانییەکە هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

- یەکێك لە سەرەداوەکانی دنیابینیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا ڕۆڵێکی یەکجار گەورە و گرنگی تێدا دەبینێت. لە ئێستادا کۆمەڵێك ڕەهەندی ڕاستەقینە ڕیشەیان لەناو لۆژیکی سیاسەتکردنی نێودەوڵەتیدا هەیە. ئەم ڕەهەندانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەرمەیانە، واتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەقێکی چارەنووسسازە بۆ ئاراستەکردنی سیستمی نوێی سیاسی و ئابووریی جیهانی و ئاراستەکردنی ئایدیۆلۆژیای نوێی هەڵتۆقیو و مەزهەبە پەڕگیرەکان و بۆ ئەزموونکردنی سەرکەوتن، یان دۆڕانی ئەو سیستەمەی کە ئەمڕۆ دنیا شانازی پێوە دەکات، کە بریتییە لە دیموکراسی، بەم شێوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵێکی گرنگی گەمە سیاسییەکان تێیدا کۆبووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو تاك جەمسەرەی ئەمریکا و خۆرئاوا کە لە دوای جەنگی کەنداو و ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیێتی تێیدا دەبینییەوە، دەرکەوت کە ئەم سیاسەتەی ڕۆژئاوا ناتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، تەنانەت سیماکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێت، ئەم جەمسەرە نەیتوانیوە بوونێکی بابەتییانەی خۆی لە ئەرزی واقیع و وێنا سیاسییەکانی ناوچەکەدا ببینێت، بۆیە جۆرێك لە پێکدادان دەبینین، هەر لە تێزە هزرییەکانی سامۆئیل هنتگتۆن بەتایبەتی لە «پێکدادانی شارستانییەکان» کە پێشتر ئاماژە بە شکڵێکی سیاسیی لەم جۆرە کراوە. ئەمڕۆ ڕاستە هەر هێزی هەژموونداری هونەری سیاسەتکردنەکە لە دەسەڵاتی ئەمریکا و خۆرئاوادایە بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان جەمسەری دیکە بە شێوازی جۆراوجۆر و جیاوازی دیکە هاتوونەتە پێشەوە، وەکو ڕووسیا

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەقێکی چارەنووسسازە بۆ ئاراستەکردنی سیستمی نوێی سیاسی و ئابووریی جیهانی و ئاراستەکردنی ئایدیۆلۆژیای نوێی هەڵتۆقیو و مەزهەبە پەڕگیرەکان**

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا مۆدێلێك لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی زیاتر پێی ڕاکێشاوە و هەر یەک لە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا دەیانەوێت هێزی هەرێمی بن و لە دەرەوەی سنوورە تەقلیدییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەژموونیان هەبێت**

**مێژوو پێمان دەڵێت، هیچ وڵاتێک لەژێر پەردەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی نەیتوانیوە هونەری هەرێمیبوون بەرجەستە بکات**

**بە رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد کۆتایی بە هیلالەکە هات و پاشەکشە و شکستیان بە ئێران هێنا**

**ئەوەی نوێنەرایەتیی دۆزی گەلی کورد دەکات و دۆست و دوژمنی کورد لە دنیادا چاویان لە سەریەتی، مەرجەعی گەلی کورد سەرۆک بارزانییە**

**بۆ یەکەمین جارە کورد ئەزموونێکی حوکمڕانیی زیاتر لە ٣٠ ساڵە بەڕێوە ببات، ئەمە قسەی من نییە، قسەی زانکۆ و توێژینەوە بەناوبانگەکانی جیهانە**

و چین، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا مۆدێلێك لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی زیاتر پێی ڕاكێشاوە و هەر یەك لە دەوڵەتانی ئێران و توركیا دەیانەوێت هێزی هەرێمی بن و لە دەرەوەی سنوورە تەقلیدییەكانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەژموونیان هەبێت و خوازیارن لە ڕووی تیۆریی و تێڕامانی ئایدیۆلۆژیا و دینی و ناسیۆنالیزمی ڕۆڵیان هەبێت و بۆ ئەمەش جاڕی یەكجار زیاتر هەژێنتر دەدەن.

*** لەناو ئەم ململانێ و بارودۆخە ئاڵۆز و پڕ لە كێشمەكێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا هێزە هەرێمیایەتییەكان دەتوانن هەژموونگەرایی خۆیان پارێزگاری لێبكەن، بەتایبەتی هەردوو هێزی هەرێمایەتیی كە توركیا و ئێرانن؟**

- مێژوو پێمان دەڵێت، هیچ وڵاتێك لەژێر پەردەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی نەیتوانیوە هونەری هەرێمیبوون بەرجەستە بكات. جەمال عەبدولناسر لە میسر و دواتر سەدام حوسێن لە عێراق، كە لەژێر پەردەی عروبەدا ئەم بیرۆكەی ناسیۆنالیزمەیان هەبوو، نەیانتوانی بەرجەستەی بكەن، تەنانەت توركیاش نەیتوانیوە لەژێر بەرچەمی ناسیۆنالیزمی توركی ئەمە بكات، بۆیە لە ئێستادا ئەم ئاڵاهەڵگرییە كەوتە دەستی مەزهەبەكان كە خۆی كەلتوورەكە كانگای ململانێی لەم جۆرەیە لەناو سیستمە سیاسییەكەدا، هەرچەندە لە سەدەی شانزەوە وڵاتانی هەرێمی كار لەسەر پێكدادانی ئەم ململانێ مەزهەبییانە دەكەن، بەتایبەتی شیعە و سوننە، بەڵام ئەمجارە لە ململانێ هەرێمایەتییەكەدا ئیسرائیل و تا ڕادەیەك سعودییە و وڵاتانی ئیقلیمی و میسریش بوونیان هەیە، بۆیە سیماكانی نەخشە نوێیەكە بە گۆڕانكاریی لەسەر هەژموونی مەزهەبیش دەركەوتووە، ڕاستە لە ئێستادا جێگیر نییە، بەڵام كۆتاجار ئەمانیش ناتوانن بە هاوشێوەی ناسیۆنالیزم هەژموونبوونی خۆیان بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زاڵ بكەن.

*** هاتنی ئەمجارەی ترەمپ و ئیدارەكەی بۆ سەر حوكم زۆر جیاوازترە لە جاران، هەست ناكەیت چەمگەكانی دیموكراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەم ململانێیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان نییە؟ ئایا ئەولەوییەتی دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازیی ئەمریكا ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانكارییانەیە كە لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە؟**

- ڕاستە گوتاری كۆمارییەكان لە دیموكراتییەكان جیاوازە و كەمتر پەیامی سەرەكی، هاتنی ئەمریكا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕیفۆرم بووە، هەروەكو ئەوەی لە سەردەمی بەهاری عەرەبیدا بینیمان، بەڵام ئەمجارە كۆمارییەكان بە سەرۆكایەتیی ترامپ لە كارنامەی كابینەكەیدا ڕیفۆرم وەكو چەمكێك بۆ پێكەوەژیان و فرەیی و دیموكراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و نەمانی توندوتیژی، هەر باسیش لەوە ناكەن. هەر بۆ نموونە ئێران كە نیزامێكە زیاتر لە ٤٠ ساڵە لەسەر حوكمە ئەمریكا بۆ تۆمەتكردنی ئاماژەی بە مامەڵە خراپی بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییەكان و دیموكراسی دەهێنایە پێشەوە، كەچی لە ئێستادا تەركیزەكە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەكەی و دانانی سنوورێكە بۆ دەستتێوەردانی لە وڵاتان و ناوچەكە و نەمانی هیلالی شیعەیە كە بە ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد كۆتایی بە هیلالەكە هات و پاشەكشە و شكستیان بە ئێران هێنا، هەر بۆیە ئەمجارە ئامانج و مەبەست و شێوازی ململانێكە گۆڕانكاریی گەورەی بەسەردا هاتووە و ئەمریكا تا ئەم ئامانجە نەپێكێت، كۆتایی بە ململانێكە و جێگیریی نەخشەی هێز و هەژموونگەرایی هەرێمی دەرناكەوێت و تەنانەت پێشبینی و پێشهاتەكانیش بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ناسەقامگیری ئاسان نییە.

*** پرسی كورد بەگشتی و هەرێمی كوردستان بەتایبەتی لەناو ئەم شەڕ و پێكدادان و ململانێیانەدا چۆن دەبینیت؟ ئایا تا چەند كورد لەم قۆناغەدا پێویستی بە یەكڕیزیی و تەبایی هەیە، بۆ ئەوەی لەم وەرچەرخانە مێژووییە سوودمەند بێت؟**

- ئەوەی نوێنەرایەتیی دۆزی گەلی كورد دەكات و دۆست و دوژمنی كورد لە دنیادا چاویان لە سەریەتی، مەرجەعی گەلی كورد سەرۆك بارزانییە، كە ڕەمزی یەكگرتوویی و سەقامگیری نەتەوەیی و پارێزەری ئەزموونی بەرجەستەی بونیادی هەرێمی كوردستانە و

لەناو كوردی هەرچوار پارچەی كوردستان ڕێز و قورسایی خۆی هەیە، كە توانیویەتی وێڕای ئالنگاری و دژایەتییەكان قەوارەی ئەم هەرێمە بپارێزێت و لە دنیای دەرەوە بە ئەزموونێكی سەقامگیر و پێشكەوتوو دادەنرێت. بۆ یەكەمین جارە كورد ئەزموونێكی حوكمڕانیی زیاتر لە ٣٠ ساڵە بەڕێوە ببات، ئەمە قسەی من نییە، قسەی زانكۆ و توێژینەوە بەناوبانگەكانی جیهانە. ڕاستە ئەزموونەكەمان كەموكورتی و گرفتی هەیە، بەڵام سەرۆك بارزانی و هەرێمەكە توانیویەتی هاوسەنگییەكی دیپلۆماسی و سیاسی یەكجار گەورە و سەردەمییانە بەرانبەر هەموو ئەو كەلتوورە نامۆیانە لە نەزمی سیاسیدا بپارێزێت و شوێنی خۆی بكاتەوە لەناو جەنگەڵستانی پڕ لە توندوتیژی و كوشتار و ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بگرە بووەتە ناوەندێكی سەرەكی و سیمایەكی دیاری چارەسەری كێشەكانی ئەوانی دیكەش و دەبێتە پردێك بۆ دیاریكردن و چارەنووسی كوردانی توركیا و ئێران و سووریا. پەیامەكەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆكی پەكەكە و هاتنی مەزڵووم عەبدی و شاندی ئیمراڵی و نزیكبوونەوەی یەكێتی و پارتی ئاماژەیەكی ڕوون و ئاشكران بۆ پێگەی سەرۆك بارزانی و قورسایی هەرێمی كوردستان. بۆیە سەرۆك بارزانی و هەولێر دەبێت بە چەقی ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە هەرچوار پارچەی كوردستان ڕوو دەدات. ئەمڕۆ پێگە و گلۆڵەی گەمە سیاسییەكەی ئێران لە عێراقیشدا كەوتووەتە لێژی بە زاڵبوونی هێزە سوننەكان لە ناوچەكەدا، كە لە دوای ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر شیعەكان بەرانبەر گەلی كورد و حكومەتەكەی ڕۆڵێكی باشیان نەگێڕا و بەردەوام لە سەنگەری دژایەتیكردن و برسیكردن و داگیركردنی خاك و نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی كوردستان و شكاندنی كەرامەتی تاكی كورد بوون، كە هەرگیز لە ڕوانگەی مەزهەبییەوە نەیتوانیوە كورد بخوێنێتەوە، بۆیە لە قۆناغی داهاتوودا كورد لە بەرانبەر خراپترین فشارەكانیش دەربازی دەبێت. قۆناغەكە و وەرچەرخانە مێژووییەكە پێمان دەڵێن، ئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانییە هەمووان لە دەوری مەرجەعی خۆمان سەرۆك بارزانی كۆببینەوە، ئەو مەرجەعەی سرووشتی مێژوویی و جووڵانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد كردوویەتە ناوەندێكی نەریتی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی كورد، ئەمە گەڕانەوەی ئەو مێژووەیە بۆ گەلی كورد لە هەرێمی كوردستان كە لە شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی سەریهەڵدا و داوای مافی گەلی كوردی كرد و شۆڕشێك بوو، نەك تەنیا لە زاخۆوە تاوەكو خانەقین، بەڵكو بە درێژایی سنوورەكانی باكووری كوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولدا ماڵێك نەبوو وێنەی بارزانی تێدا نەبێت. پارتیی كوردستانی توركیا لە ساڵی ١٩٦٥ دروست دەبێت و دواتر ئەم ئەدەبیاتە دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆژئاوای كوردستان و لە پەنجاكاندا پارتی دیموكراتی سووریا دروست بوو، خۆیان لە لە میتۆدیاندا دەڵێن: ئێمە بەشێكین لەو شۆڕشە و پارتیی دایك و پارتی فایەق بووجاك و فەهمی بیلال و دكتۆر سەعید ئاڵچی و پارتیی كەسایەتییەكی وەكو موسا عەنتەرە، ئەمانە بناغەی ڕێكخستنی سیاسی و ڕێنیسانسی ڕاسانن لە باكووری كوردستان، ئەو كاتە كە لە شۆڕشدا بووین، چەقێكی چارەنووسساز بووین و لە ئێستادا كە ئەزموونێكی فیدراڵی و ڕێپێدراوین، دەبێت زیاتر چەقێكی چارەنووساز بین. ئەوەتا ئێستا وەزیری ناوخۆی ئێمە لەناو جەرگەی لەندەندا وەكو وەزیری وڵاتێكی گەورە پێشوازی لێدەكرێت و ناوەندە جیهانییەكان باسی دەكەن. بۆیە هەرێمی كوردستان بە بناغەیەكی كاریگەریی ئەم عێراقە دادەنرێت كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرترین چاوی لەسەرە. بەداخەوە هێزگەلێك لە ناوخۆ هەن كە دەركیان بە گرنگیی سەرۆك بارزانی و قەوارەی هەرێمی كوردستان نەكردووە و نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی تیرۆری فیكری دەربازیان بێت و دوای نەیار و دوژمنانی كورد كەوتوون، بۆ ناشیرینكردنی ئەزموونی هەرێمی كوردستان، ئەوەیان لەبیر كردووە كە سەركەوتن هەر بۆ نیشتمانپەروەر و ئەو كەسە نەتەوەیی و دڵسۆزانەیە كە لە ڕۆژە سەختەكاندا پێگەی پۆڵایینی پاراستنی ئەم ئەزموونەیان لە هەر چوارپارچەی كوردستان بەر نەداوە.

**پەیامەكەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆكی پەكەكە و هاتنی مەزڵووم عەبدی و شاندی ئیمراڵی و نزیكبوونەوەی یەكێتی و پارتی ئاماژەیەكی ڕوون و ئاشكران بۆ پێگەی سەرۆك بارزانی و قورسایی هەرێمی كوردستان**

**پێگە و گلۆڵەی گەمە سیاسییەكەی ئێران لە عێراقیشدا كەوتووەتە لێژی بە زاڵبوونی هێزە سوننەكان لە ناوچەكەدا**

**ئەو كاتە كە لە شۆڕشدا بووین، چەقێكی چارەنووسساز بووین و لە ئێستادا كە ئەزموونێكی فیدراڵی و ڕێپێدراوین، دەبێت زیاتر چەقێكی چارەنووساز بین**

**ئێستا وەزیری ناوخۆی ئێمە لەناو جەرگەی لەندەندا وەكو وەزیری وڵاتێكی گەورە پێشوازی لێدەكرێت و ناوەندە جیهانییەكان باسی دەكەن**

جدعان عەلی
سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی - سووریا لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی مەرجەع و خەمخۆری کێشەی کوردە، بۆیە مەزڵووم عەبدی هاتە هەولێر و ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە پەیامی بۆ نارد



# ئەحمەد شەرع لە ڕاگەیاندنی دەستوور و پێکهێنانی حکومەتی تازە و دیاریکردنی موفتیی سووریا نەیهێشتووە کورد بەشدار بن

**پرسی سووریا تا دێت ئاڵۆزتر و ناجێگیرتر دەبێت، عەلەوییەکان کۆمەڵکوژ دەکرێن و سزاکانی سەر دیمەشق درێژەیان هەیە و کوردەکانیش لە پەراوێزخستنیان نیگەرانن، لەم بارودۆخەدا مەزڵووم عەبدی سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، بۆ پرۆسەی ئاشتییش لە تورکیا، ئۆجەلان پەیامێکی بۆ مەرجەعی کورد نارد. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار دیدارێکی لەگەڵ جدعان عەلی سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی - سووریا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ماوەیەکی زۆری نەبرد بە سەر ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد، جارێکی دیکە بارودۆخی سووریا ئاڵۆزی و شەڕی تێکەوتەوە. خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی ئێستای سووریا چۆنە، بەتایبەتی کە عەلەوییەکان شەڕێکی سەختیان دەست پێکردووە و درووزەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەژێر کۆنترۆڵی دیمەشقدا نین؟**

- لە سەرەتادا ئێمە وەکو کورد و بەشێکی ڕەسەن و سەرەکیی گەلی سووریا پێشوازیمان لە هاتنی ئەحمەد شەرع و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی ئەسەد کرد، چونکە زیاتر لە نیو سەدە بوو گەلی سووریا بە هەموو پێکهاتەکانی، بەتایبەتی گەلی کورد، لە ژێر زوڵم و سەتەمێکی زۆر گەورە و نامرۆڤانەدا دەیناڵاند، هەر بۆیە بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد نزیکەی چواردە ساڵ شۆڕشێکی خوێناوی بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریەت هەڵگیرسا، کە تێدا هەموو لایەك لە خەڵکی سووریا نارەحەتی و ناخۆشی و دەربەدەری و وێرانیمان تێدا دیت، ئەمە هەمووی وای کرد، دڵشاد و دڵخۆش بین بە ڕووخانی بەشار و هاتنی ئەحمەد شەرع، هەر چەندە ئێمە وەکو کورد و تەواوی میللەتی سووریا دەزانین کە شەرع کەسێکی توندڕەو و سەر بە گرووپی تیرۆریستیی وەکو قاعیدە و داعش بووە، چەند ساڵ لەسەر ئەو کار و بیروباوەڕە توندئاژۆیانە زیندانی بووە و لەلایەن ئەمریکاوە داواکراو و لە لیستی ڕەشدا بوو، بەڵام بە پاڵپشتیی وڵاتانی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەمریکا و تورکیا و چەندین وڵاتی دیکە شەرع توانی بە کۆکردنەوەی زیاتر لە (١٧) گرووپ لە چوارچێوەیەك بە سەرۆکایەتیی خۆی هێرشی کرد و لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم لە ٢٠٢٤/١٢/٨ بەشار ڕای کرد و سووریای بەجێهێشت و جۆلانی سووریای ڕزگار کرد لە دەست ئەو ڕژێمە مەترسیدار و خوێنڕێژە، بەمەش حزبوڵڵای لوبنان و ئێران و حەماس و حەشدی شەعبی ئەو میلیشیایانەی عێراقی سەر بە ئێران دەسەڵات و پێگەیان لە سووریا لاواز بوو، یان بە تەواوی نەما، هەر بۆیە ئەو حزب و لایەنانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەسەد هەبوو و ئێران بەتایبەتی هەوڵیان دا بە هاندان و پشتگیریکردنی عەلەوییەکان لە لایەکدا شوێن پێی خۆیان دروست بکەنەوە، لە ئەنجامدا گرووپەکانی سەر بە شەرع ڕووبەڕووی عەلەوییەکان بوونەوە، دەرئەنجام کوشتن و بڕینێکی زۆر تا ئاستی کۆمەڵکوژی دژی خەڵکی سڤیلی عەلەوییەکان ڕووی دا، لەلایەکی دیکەوە درووزەکان تا ئێستاش نەچوونەتە ژێر ڕکێفی شەرع و گوێی لێ ناگرن کە ئەوانیش ئیسرائیل پشتگیرییان دەکات، بۆیە لەوەتەی جۆلانی هاتووە بەتایبەتی لەکاتی حکومەتی ڕاگوزەر و ئێستاکەش هەرچی کار و پلان و بەرنامەیەکی داناوە بە ڕێککەوتنەکانیشیەوە لەگەڵ کورد بەتایبەتی هەسەدە و مەزڵووم عەبدی تەنیا بۆ خافڵاندن و کات بردنە سەر بووە، ئەگینا لە ڕاگەیاندنی دەستوور

**ئەو حزب و لایەنانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەسەد هەبوو و ئێران بەتایبەتی هەوڵیان دا بە هاندان و پشتگیریکردنی عەلەوییەکان لە لایەکدا شوێن پێی خۆیان دروست بکەنەوە**

**درووزەکان تا ئێستاش نەچوونەتە ژێر ڕکێڤی شەرع و گوێی لێ ناگرن کە ئەوانیش ئیسرائیل پشتگیرییان دەکات**

**ئێستا لە سووریا خەڵك بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە شەرع دڵنیا نین و متمانەی بۆ خۆی دروست نەکردووە، بۆیە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و دواڕۆژێکی باش چاوەڕێ سووریا ناکات**

**من دڵنیام کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هۆی پێنەدانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان وەکو کورد و بەشداری نەکردنمان لە حوکمڕانیدا، شەرع پەلاماری کوردیش نەدات**

**چەکدارەکانی جۆلانی پەلاماری ناوچە کوردییەکانیش دەدەن و خەریکی نانەوەی کێشە و ناسەقامگیرین بۆمان**

**تورکیا بە نهێنی و ژێر بە ژێر پشتگیریی جۆلانی دەکات، هەر تورکیاشە ناهێڵێت ڕۆژئاوای کوردستان بگاتە بارودۆخێکی زیاتر سەقامگیر و بە ئازادی و دیموکراتی لە وڵاتی خۆیاندا بژین**

و پێکهێنانی حکومەتە تازەکەی و دیاریکردنی موفتیی سووریا، نەیهێشتووە هیچ پێکهاتەیەکی سووری بە کوردیشەوە تێدا بەشدار بن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئایندەی شەرع باش نابێت و ئێستا لە سووریا خەڵك بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە شەرع دڵنیا نین و متمانەی بۆ خۆی دروست نەکردووە، بۆیە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و دواڕۆژێکی باش چاوەڕێ سووریا ناکات، بۆی هەیە بە پیلان و هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران و لایەنی دەوروبەر وەکو حزبوڵڵا و حەماس بە پشتگیریکردنی عەلەوییەکان لەلایەکی دیکە لەگەل دروزەکان و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی نەدانی مافی کورد و بەشداری پێنەکردنی گەلی ڕۆژئاوی کوردستان شەڕی ناوخۆ دروست بێت. هاوکات من دڵنیام کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هۆی پێنەدانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان وەکو کورد و بەشداری نەکردنمان لە حوکمڕانیدا، شەرع پەلاماری کوردیش نەدات، لێرە و لەوێش دەبینین چەکدارەکانی جۆلانی پەلاماری ناوچە کوردییەکانیش دەدەن و خەریکی نانەوەی کێشە و ناسەقامگیرین بۆمان، لەولاشەوە تورکیا بە نهێنی و ژێر بە ژێر پشتگیریی جۆلانی دەکات، هەر تورکیاشە ناهێڵێت ڕۆژئاوای کوردستان بگاتە بارودۆخێکی زیاتر سەقامگیر و بە ئازادی و دیموکراتی لە وڵاتی خۆیاندا بژین. ئەگەرچی دەزانین ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش وەکو ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسرائیلیش لە ناوچەکە زۆر بە وردی و بەردەوام چاودێریی سووریا و کار و پرۆژە و هەڵسوکەوتەکانی ئەحمەد شەرع دەکەن. بەڵام باوەڕ ناکەم بهێڵن شەرع بە ئارەزووی خۆی مەبەستەکانی مومارەسە بکات و پێی خۆی قایم بکات، بەڵکو ئەمریکا بەتایبەتی سنووری بۆ شەرع داناوە و لە چرکەساتەکانی کۆتاییدا ئەمریکا لە شەرعی مۆدێرنی ئەمڕۆ و بۆینباغ بەستوو و تیرۆریستی داواکراوی نێودەوڵەتی، بۆێ ڕوون دەبێتەوە کە ئەمە هەر جۆلانی ئەمیری قاعیدە و داعشە و سوودی بۆ گەلی سووریا و پێکهاتەکانی نابێت. هەر بۆیە پێویستە لایەنەکانی ڕۆژئاوی کوردستان هەموومان یەکڕیز و یەکدەنگ بین و ڕێککەوتن لە نێوانمان دروست بێت، وەکو ئەوەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کورد داوامان لێ دەکات و هەوڵی بەردەوامی بۆ دەدات، تاوەکو بتوانین مافی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان لە دەستووری سووریا جێگیر بکرێت و کورد لە ڕۆژئاوادا بچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر کە ئەوە داواکاری ئێمەشە کە ببینە سیستمی فیدراڵی و وەکو نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆمان بژین.

*** ڕەفتارە توندەکانی شەرع و دەستەی تەحریر شام لەگەڵ چەکدارانی عەلەوی گەیشتووەتە ئاستێك هەموو بنەما و مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووە، ئایا ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمان هەڵوێست وەك سەردەمی ئەسەد دووبارە بکەنەوە و سزای توند بخەنەوە سەر دیمەشق؟**

- وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا چاودێریی وردی شەرع دەکەن، زۆر مومکینە هەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك سەردەمی ئەسەد سزای توند و خراپتریش بخەنە سەر شەرع، چونکە جۆلانی خۆی لە هەناوی تیرۆردا پەروەردە بووە و زۆر زەحمەتە بتوانێت پابەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژیانی پێکهاتەکانی سووریا بێت، لە ڕاگەیاندنی دەستوورەکە و پێکهێنانی حکومەتی کاتییشدا هەموو پێشێلکردنێك دیارە و لە هیچ وڵاتێکدا نەبووە حکومەتی ڕاگوزەر بۆ پێنج ساڵ بێت، بەڵکو لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نابێت لە هەژدە مانگ زیاتر بێت و بەشداری پێ نەکردنی کورد و هیچ پێکهاتەیەك لە حکومەتە ڕاگوزەرەکەیدا، مانای وایە شەرع نەیتوانیوە دەروونی خۆی پاك بکاتەوە لەو نیاز و مەبەستەی کە بەرانبەر کورد و پێکهاتکانی دیکەی سووریا هەیەتی. ئەگەر بە جوانی بە وردی لە دەستوور و حکومەتەکە و وەزیرەکانی بڕوانیت، بۆت دەردەکەوێت ئەحمە شەرع هەر جۆلانییە و تاکڕەوی و حکومەت و دەسەڵاتێکی تاکلایەنە لەژێر سێبەری ئەو بنەمایانەی کە ئەو ئیمانی پێی هەیە، لە ئیسلامی سیاسیی توندڕەودا کار دەکات.

*** هەتا ئێستا بارودۆخی ڕۆژئاوا و هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە بارودۆخێکی نیمچە سەقامگیردا بووە و تا ڕادەیەك لەگەڵ هێزەکانی تەحریر شام نەکەوتوونە شەڕەوە، ئایا دەبێت هەڵوێستی ڕۆژئاوا لەسەر ئەم گۆڕانکارییانەی سووریا چۆن بێت؟**

- ئێمە وەکو میللەتی کورد وای دەبینین کە واز لەشەڕ و جەنگ بهێنین، چونکە ئەو گۆڕانکارییە مەزنەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ڕووی داوە و چاوەڕوان دەکرێت نەخشەیەکی تازە بێتەدانان، کە تێدا میللەتی کورد سوودمەند بێت و بە ڕووخانی بەشار ئەسەد ئێمە وەکو ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت هەوڵ بدەین هەموو لایەن و حزبە کوردییەکان یەک ئامانج و تێڕوانین دروست بکەین، کە ئەویش بە گفتوگۆ و ڕێگەی ئاشتییانە بێت، هەروەها لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕێگەی شەڕەوە لە ناوچەکەدا هاتەدی هەر هەمووی وەکو حزبوڵڵا و حەماس و لوبنان تێدا زەرەرمەند بوون. تورکیا کە ئێستا دەستی خستووەتە ناو کاروباری چەند ناوچەیەک لە ڕۆژئاوای کوردستان کە مەبەستی ئەو دژی پەکەکەیە، ئەگەرچی زیانی زۆر و گەورەی بۆ هەموو سەقامگیریی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، هەر بۆیە دەبێت پەیەدە و هەموو ئەو ناوانەی سەر بە پەکەکەن لە ڕۆژئاوا وەک مەسەدە و هەسەدە واز لە چەکداری و شەڕ بێنن، بەڵکو دەبێت ئەوانیش بۆ بەرژەوەندیی میللەتی کوردی ڕۆژئاوا وەکو باکووری کوردستان و چەکدارانی پەکەکە لە قەندیل پابەندی پەیامەکەی ئۆجەلان بن، کە سەرکردەکەیان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە دەبێت بە ئاشتی و گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێت، ئێمە بەو ڕێباز و ڕێنوییانەی لە جەنابی سەرۆک بارزانی وەری دەگرین، پابەندین و کار بۆ خەباتی دوور لە شەڕ و چەکداری دەکەین، ئەگەرچی وەکو دەزانین کە ئەمریکا پاڵپشتی باش و تەواوی کوردی ڕۆژئاوا بەتایبەتی هەسەدە و مەزلووم عەبدی دەکات، هەر بۆیە وەکو ئەوەی ئێمەش دەیبینین، مەزلووم عەبدی پاش ئەوەی سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی کرد، لە چوارچێوەی ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی بەرانبەری بەتایبەتی لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی «شەرع»دا، زیاتر لە جاران لە کار و هەڵسوکەوت و تێڕوانینەکانیدا یەکدەستی و یەکڕیزیی بۆ کورد دەوێت، بەڵام لەم کاتەشیدا کە ڕێککەوتنێک لەگەڵ جۆلانی دەکات، دەبێت پابەندی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بێت.

*** هەست دەکرێت جۆرێک لە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن لە نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە و هێزەکانی سووریای دیموکرات هەیە، هەروەها بینیمان مەزلووم عەبدی هاتە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبووەوە، ئایا لە دوای کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ مەزلووم عەبدی، باروودۆخی هێزەکانی کورد لە ڕۆژئاوا چەند چووەتە پێشەوە؟**

- بێگومان لە دوای پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ ئاشتی و چوونی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ لای مەزلووم عەبدی و هاتنی مەزلووم بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی، هەوڵدان بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنەکانی کوردی ڕۆژئاوا زۆر بەرەوپێشەوە چووە، چونکە لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆک، بۆ هەموو کوردان دەرکەوت کە ئۆجەلان دەیەوێت جەنابی سەرۆک وەکو مەرجەعی کورد بە پرۆسەی ئاشتیی نێوان پەکەکە و تورکیا هەستێت و، هاتنی مەزلوومیش بۆ لای جەنابی سەرۆک جارێکی دیکە پێمان دەڵێت کە جەنابی بارزانی تاکە مەرجەعە کە دەتوانێت گەلی کورد بگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی سەقامگیری و سەرکەوتن، پێشتریش ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠١٢ بەولاوە لەگەڵ لایەن و حزبەکانی ڕۆژئاوا کوردستان ئەوە بووە کە یەکگرتوو و یەکدەست بن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان، ئێستاش گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوا هەیە و هەوڵ بۆ ڕێککەوتنێکی یەکڕیزی و یەک ئامانج دەدرێت.

*** تورکیا دەیەوێت دۆناڵد ترەمپ بگەیەنێتە قەناعەت کە هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە و هێزەکانی تورکیا جێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا بگرێتەوە، ئایا بە ڕای ئێوە ئەمریکا متمانە بە تورکیا دەکات و هێزەکانی لە ڕۆژئاوا دەکشێنێتەوە؟**

- ئەمریکا واز لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ناهێنێت، ئەو ناوچەیە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە کە ئێران هەوڵی دەدا هیلالی شیعەی تێدا تەواو بکات، کە ئەمەش لەبار برا و نایەتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا بە هیچ جۆرێک هیچ بەشێکی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تورکیا بەجێ ناهێڵێت، چونکە ئەمریکا متمانەی نەک بە تورکیا بە هیچ وڵاتێک نییە، بەتایبەتی ترامپ بەرژەوەندیی ئەمریکا لەلای لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبینێت و دەزانێت کە کورد توانیی شەڕی داعش بکات و ناوچەکە بپارێزێت، ئەمەش بەشێکە لەو لایەنەی کە ئەمریکا بە گرنگییەوە سەیری دەکات.

**جۆلانی خۆی لە هەناوی تیرۆردا پەروەردە بووە و زۆر زەحمەتە بتوانێت پابەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژیانی پێکهاتەکانی سووریا بێت**

**ئێمە بەو ڕێباز و ڕێنوییانەی لە جەنابی سەرۆک بارزانی وەری دەگرین، پابەندین و کار بۆ خەباتی دوور لە شەڕ و چەکداری دەکەین**

**ئەمریکا واز لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ناهێنێت، ئەو ناوچەیە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە کە ئێران هەوڵی دەدا هیلالی شیعەی تێدا تەواو بکات**

**ئەمریکا بە هیچ جۆرێک هیچ بەشێکی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تورکیا بەجێ ناهێڵێت، چونکە ئەمریکا متمانەی نەک بە تورکیا بە هیچ وڵاتێک نییە**



ماهیر سورچ
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ نەورۆزی ئامەد جێگەی تەقدیر و دڵخۆشیی هەمووان بوو

# هێنانی پەیامی ئۆجەلان بۆ هەولێر، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرۆك بارزانی مەرجەعی هەموو کوردە و ڕۆڵێکی گەورەش لە پرۆسەی ئاشتیدا دەگێڕێت

**هاتنی شاندی دەم پارتی و پەیامی ئۆجەلان بۆ سەرۆك بارزانی و پرۆسەی ئاشتی، وەرچەرخانێکی مێژووییە بۆ گەلی کوردی باکوور، بەتایبەتی ئەگەر دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە هەنگاوی پراکتیکی بنێن بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ و هەمبوارکردنەوەی دەستوور و جێگیرکردنی مافی گەلی کورد لەو وڵاتە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ماهیر سورچ، ئەندامی پێشووی پەکەکە، ئەنجام دا.**

*** شاندی دەم پارتی پەیامی ئاشتیی ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنابوو، سەرۆك بارزانی-یش پشتگیریی ناوەرۆکی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، کە ئامانج لێی چارەسەری ئاشتییانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، ئێوە چۆن سەردانی شاندی دەم پارتی بۆ لای سەرۆك بارزانی دەخوێننەوە؟**

- لە هەموو کاتێکدا هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەندێ کار و پێشهاتدا کە دێنە پێش و ڕوو دەدەن، بەتەواوی گەلی کورد پێشوازییان لێ دەکەن و پێی دڵخۆش دەبن. بێگومان ئەو پرۆسەی ئاشتییەی کە ئێستا لەلایەن تورکیاوە داوا کراوە، یەکێکە لەو ئومێد و داوایانەی کە تەواوی گەلی کورد لە هەموو دنیا چاوەڕوانیان کردووە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت گەلی کورد دوور لە شەڕی چەکداری و ئاشتییانە لە باکووری کوردستان لەو شەڕ و مەینەتییە دەرباز بێت و بچێتە قۆناغێکی سەردەمییانە. هاتنی شاندی دەم پارتی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی و گەیاندنی پەیامەکەی ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە، خوێندنەوەی زۆری بۆ دەکرێت، لەوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ تەواوی کورد و سەرکردەکانی، جێگەی شانازییە و بە مەرجەعییەتی هەموو گەلی کوردی دنیا دادەنرێت. بۆ ئۆجەلانیش، لە ناردنی پەیامەکەی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی، دەردەکەوێت کە ئۆجەلان دڵنیایە و متمانەی تەواوی هەیە کە هەر کارێك سوودی بۆ کورد هەبێت، لە هەر پارچەیەك بێت، ئەوا سەرۆك بارزانی بەوپەڕی دڵسۆزی و لێبووردەیی و جەسارەتەوە لە ئەستۆی دەگرێت. لەلایەکی دیکەوە، هاتنی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ یەکەمجار بۆ لای سەرۆك بارزانی، پێمان دەڵێت کە ئۆجەلان جگە لەوەی دڵنیایە بارزانی قورسایی و کاریگەریی زۆری لەسەر حکوومەت و دەوڵەتی تورکیا هەیە، بۆیشی ڕوون بووەتەوە کە تەنیا سەرۆك بارزانی خەمخۆر و مەرجەعی گەلی کوردە لە دنیادا و، هەر سەرۆك بارزانی بووە وەك سەرکردەی گەلی کورد لە ساڵی ٢٠١٣ و دواتریش کەوتووەتە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان لە ڕێگەی پرۆسەی ئاشتییەوە، هەرچەندە چەکدارانی پەکەکە تاکلایەنە لە ڕێگەی نانەوەی شەڕ و پشێوییەوە پرۆسەکەیان لەبار برد، بەڵام ئەمجارە ئۆجەلان

شەخسی خۆی و بەتایبەتیش لە دەستپێکی ڕاگەیاندنی پرۆسەکە پەیامەکەی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی ناردووە، تاوەکو قەندیل و ڕۆژئاواش پابەند بن بە هەنگاوەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی هەنگاوی پراکتیکی و سەرکەوتوو بهاوێژێت.

*** ئۆجەلان بە فەرمی داوای کردووە کە پەکەکە چەك دابنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت، بەرانبەر ئەم پەیامە، سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە بە زارەکی پێشوازییان لەم پەیامە کردووە، ئایا پەکەکە بە کردەیی ئەم پەیامەی ئۆجەلان جێبەجێ دەکات؟**

- پەکەکە لە قەندیل و پەیەدە لە ڕۆژئاوا و هەر گرووپ و لایەنێکی دیکە کە سەر بە چەکدارانی پەکەکە بن، لە هەر شوێن و پارچەیەکی کوردستاندا بن، لە سەرەتای ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش، بە بڕیار و فەرمان و قسەی ئۆجەلان جووڵاونەتەوە و بۆ هیچ سەرکردە و کەسێك نەبووە لەناو پەکەکە لە قسەی ئاپۆ (ئۆجەلان) دەربچێت. بۆ زیاتر دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە، پێشتریش هەوڵ دراوە، بەتایبەتی لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانییەوە، کە بە پرۆسەی ئاشتی کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی بە کۆتاییهێنانی شەڕ و چەکدارانی پەکەکە، بەڵام ئەو کات بڕیار و بۆچوونی ئۆجەلان بەو جۆرە نەبوو، هەر بۆیە هیچ فەرمان و پەیامێکی بۆ پەکەکە نەناردبوو، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئۆجەلان هەر شتێك بڵێت، ئەوا سەرکردە و چەکدارەکانی پەکەکە لە هەر شوێنێك بن، نەك تەنیا بە زارەکی، بەڵکوو بە کردەییش پابەندی دەبن، هەر بۆیە، لەو پەیامەی کە دەم پارتی لە ئۆجەلانەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنابوویان، دەمودەست چەکدارانی پەکەکە و تەواوی سەرکردەکانیان لە قەندیل پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد. من وەك ئەوەی کە ئەزموونی زۆرم لەناو پەکەکە هەیە، دڵنیام و زۆریشیان پێ خۆشە (پەکەکە) بە کرداری چەك دابنێن و، بۆیان دەرکەوتووە کە تاکە ڕێگەچارەی کێشەکانی نێوانیان لەگەڵ تورکیا بە چەك ناکرێت، بەڵکوو لەم قۆناغەی ئێستای دنیادا بە گفتوگۆ و شێوازی ئاشتییانە دەگەنە زۆر ئامانج، گەلی کوردی باکوور و ڕۆژئاواش پشوو دەدەن و ڕزگاریان دەبێت لەو ماڵوێرانی و کوشتن و ئاوارەییەی کە زیاتر لە (٤٠) ساڵە لەگەڵی دەژین. لەلایەکی دیکەوە، ئێستا پەکەکە لە باروودۆخێکی زۆر ناخۆش و خراپی دارایی و سەربازیدا دەژیت، هەروەها دەبینین سەرکردەکانی پەکەکە لەدوای پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ پرۆسەی ئاشتی، لە ڕاگەیاندن و چاوپێکەوتنەکانیاندا هەندێ قسە دەکەن، وەك ئەوەی کە ئەوانیش ڕا و بۆچوونی خۆیان هەیە، بەڵام ئەمە وانییە، بەڵکوو چەکدانانەکە و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە پێویستی بە ماوە و چەند مەرجێك هەیە، کە ئەمانەشیان بۆ دڵنیابوونەوەیە لە ڕاستی و دروستیی پرۆسەی ئاشتییەکە لەلایەن تورکیاوە، و ئەو مەرج و کارانەش داوا دەکەن لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا بێت، بەتایبەتی بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و چەکدارەکانیان، هاوکات ئۆجەلان و پەکەکە ئەمجارە لە پرۆسەکەی ئاشتیی نێوان خۆیان و تورکیا لەوە دڵنیان و متمانەی زۆریان هەیە کە سەرکەوتوو دەبێت، چونکە ئۆجەلان پەیامی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی ناردووە کە دەزانێت و دڵنیایە سەرۆك بارزانی لەناو هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە و دنیاشدا، بەتایبەتی لە تورکیا، قورسایی گەورە و متمانەی زۆری هەیە و ناچێتە ناو ئەو پرۆسەیەکەوە مەگەر دڵنیا بێت کە سوودی زۆر و باش و کاریگەریی هەیە بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردی باکووری کوردستان.

*** با بێینە سەر کاریگەریی دەم پارتی لەناو کوردی تورکیادا. ئایا کوردی تورکیا دەم پارتی بە نوێنەری خۆیان دەزانن، ئایا ڕۆڵ و کاریگەریی دەم پارتی و سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ پرۆسەی چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەمڕۆ بەهێزترین و جەماوەریترین لایەن و پارت کە دەنگی کوردی باکووریان لەگەڵە و نوێنەرایەتیی بەشی زۆری گەلی کوردی باکووری کوردستان دەکەن دەم پارتییە. دەم پارتی جگە لەوەی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ پەکەکە هەیە، هاوکات پاڵپشتی و دەنگی پەکەکەشی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، هەر

**ئۆجەلان شەخسی خۆی و بەتایبەتیش لە دەستپێکی ڕاگەیاندنی پرۆسەکە پەیامەکەی بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی ناردووە، تاوەکو قەندیل و ڕۆژئاواش پابەند بن بە هەنگاوەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی**

**ئۆجەلان هەر شتێک بڵێت، ئەوا سەرکردە و چەکدارەکانی پەکەکە لە هەر شوێنێک بن، نەک تەنیا بە زارەکی، بەڵکوو بە کردەییش پابەندی دەبن**

**من وەک ئەوەی کە ئەزموونی زۆرم لەناو پەکەکە هەیە، دڵنیام و زۆریشیان پێ خۆشە (پەکەکە) بە کرداری چەک دابنێن**

بۆیەش شاندی دەم پارتی سەردانی ئۆجەلانیان کرد و پەیامی ئەویان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆک بارزانی و قەندیل هێنا. ڕاستە گرووپ و کۆمەڵە و لایەنی دیکەی کوردی لە باکووری کوردستان هەن، گەرچی ڕۆڵ و کاریگەرییان بەو جۆرە نییە. سەڵاحەدین دەمیرتاشیش وەک کەسایەتییەکی سیاسیی خۆشەویست لەلایەن گەلی کوردی باکوورەوە دیارە، بەڵام ئەو ڕۆڵە ناگێڕێت و قورساییەکەی تەنیا لەوەدا دەبینرێتەوە کە دەتوانێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی نێوەندگیری بکات و هەوڵ بدات پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت.

*** ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە تورکیا پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ دووبارە بوونەوەی بە سەرۆک کۆمار، بۆ ئەمەش دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانیی هەیە. ئەمە بێجگە لە شکۆی سەرۆک بارزانی، کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئێستادا وەک مەرجەعی هەموو کورد سەیر دەکرێت، ئایا مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی تا چەند دەبێتە زامنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان؟**

- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە ئێستا سەرۆکی تورکیایە، خاوەنی بڕیار و بەڵێنەکانی خۆی نییە، ئەمڕۆ بەڵێنێک بە خەڵک یان بە گەلی کوردی باکوور دەدات، بەیانی یان پاش هاتنەدیی ئامانجەکەی پەشیمان دەبێتەوە، هەر بۆیە قەندیل و پەکەکە و کوردی باکووری کوردستان بەگشتی متمانەیان پێی نییە، هەر ئەو خاڵە جەوهەرییەشە وای کردووە پەکەکە و کوردی باکوور بەگشتی دڵنیا نەبن لەوەی کە پرۆسەی ئاشتییەکە سەربگرێت. گەرچی زۆر ڕوونە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەبێ بەدەستهێنانی دەنگی کورد ناتوانێت ببێتەوە بە سەرۆک کۆماری تورکیا، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کوردیش کە داوا و مەرجی کوردی باکووری کوردستان و قەندیلیشە، دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەک کە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد وەک نەتەوە و نیشتمان و کولتوور و شارستانییەت و زمان و ئاڵا، دانپێدانانیان بۆ بکرێت و لە دەقی دەستوورەکەدا جێگیر بکرێن. بە دڵنیاییەوە چەندین ساڵە پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و ساڵ لە دوای ساڵیش پەیوەندییەکان زیاتر و بەهێزتر بووە، ئەمەش بۆ ئەردۆغان و حکوومەتی تورکیا زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو پەیوەندییانە وایان کردووە تورکیا سوودێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت و بەرژەوەندیی یەکجار گەورەی لێ بکەوێتەوە، گەرچی ڕاستە سوودی بۆ هەرێمی کوردستانیش هەیە، بەڵام بۆ سەرکەوتن و پێشڤەچوونی پرۆسەی ئاشتیی تورکیا و کوردی باکوور، بەدڵنیاییەوە هەموو کوردی دنیا و هەر چوار پارچەی کوردستان دڵنیان کە مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی و دیپلۆماسییەت و قورسایی و کاریگەریی بەڕێزیان زۆر زۆرە و بەبێ هەوڵی جەنابیان، بە هیچ شێوەیەک پرۆسەکە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو نانێت. تورکیاش ئەزموون و ڕۆڵ و کەسایەتی و مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی بۆ گەلی کورد بەگشتی، زۆر لای ڕوونە و ڕێزێکی زۆری بۆی هەیە.

*** ئەگەر چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بوو، ئایا ئەمە نابێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی پرسی کورد بگاتە قۆناخێکی پێشکەوتووتر؟**

- لە کاتێکدا پرۆسەی ئاشتیی کوردی باکوور و تورکیا سەرکەوتوو بێت، ئەوا کورد بەگشتی لە ڕووی ئەمنی و ئاشتی و سەقامگیرییەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەی سەرکەوتوو، سنوورەکانی نێوان باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا زۆر کاڵ دەبنەوە و هاتووچۆ لە نێوان هەموو کوردان، لە باکوور بۆ باشوور و لە باشوور بۆ باکوور و ڕۆژئاوا و بەپێچەوانەشەوە، زۆر ئاسایی و بەردەوام دەبێت، بەمەش پەیوەندییەکانی نێوان پارچەکان زۆر باش و بەهێز دەبن. ئەوەتا لە نەورۆزی ئەمساڵدا، کە سەرۆک بارزانی لە ڕێگەی نوێنەری خۆی و پەیامەکەیدا دڵ و دەروونی هەموو کوردانی خۆش و ئاسوودە کرد، بۆ هەموو کوردان دەرکەوت کە سەرۆک بارزانی خەمخۆر و دڵسۆز و مەرجەعی گەلی کوردە لە دنیادا.

**ئەمڕۆ بەهێزترین و جەماوەریترین لایەن و پارت کە دەنگی کوردی باکووریان لەگەڵە و نوێنەرایەتیی بەشی زۆری گەلی کوردی باکووری کوردستان دەکەن دەم پارتییە**

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە ئێستا سەرۆکی تورکیایە، خاوەنی بڕیار و بەڵێنەکانی خۆی نییە، ئەمڕۆ بەڵێنێک بە خەڵک یان بە گەلی کوردی باکوور دەدات، بەیانی یان پاش هاتنەدیی ئامانجەکەی پەشیمان دەبێتەوە**

**لە کاتێکدا پرۆسەی ئاشتیی کوردی باکوور و تورکیا سەرکەوتوو بێت، ئەوا کورد بەگشتی لە ڕووی ئەمنی و ئاشتی و سەقامگیرییەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەی سەرکەوتوو**

# پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی ئەمنی و ئابووری و دیپلۆماسی

لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەر دژی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام و پەسندکردنی سیستەمی فیدراڵی لەلایەن یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانەوە، هەرێم چ بە شێوەیەکی نەرێنی و چ بە شێوەیەکی ئەرێنی بووەتە جێگەی سەرنجی زلهێز و دەوڵەتە هەرێمییەکان، پرسی گەلی کوردیش بووەتە جێگەی بایەخی نێودەوڵەتی، بە جۆرێك کە یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتی بە ژمارە ٦٨٨ دەرچوو بۆ پاراستنی کوردستان لە دەستتێوەردانی حکومەتی عێراق، لەمەوە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ئاشکرا دروست بوون. لەم ڕوانگەیەوە، بە پێویستم زانی تیشك بخەمە سەر چۆنیەتیی کاریگەریی ئەم پەیوەندییانە لەسەر سیاسەتی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێم و چۆنیەتیی داڕشتنی ستراتیژییەکانی، لەسەر بنەمای ئەوەی کە شوێنی هەرێم وەك ڕێگایەك کە عێراق، تورکیا، ئێران و سووریا بە یەکەوە دەبەستێتەوە، وای کردووە، ببێتە خاڵی یەکتربڕینی بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لە کاتێکدا ئاراستەی زلهێزەکان بریتییە لە پاراستنی هەرێم و پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی. دەوڵەتە هەرێمییەکان لەم قەوارەیە دەترسان و پلانیان دادەنا بۆ تەسککردنەوەی دەسەڵاتەکانی و لاوازکردنی و دەستتێوەردان لە کاروباری هەرێم، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵ و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی زلهێز لە هەرێمدا بکرێت:

١- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە و هێشتاش هەیەتی لە پاراستنی هەرێم و پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆییدا، هەروەها پاڵپشتیی هەوڵەکانی هەرێمی کردووە بۆ سەقامگیری و بنیادنانی ئابووری و گەشەپێدان و یەکخستنی ڕیزەکانی حزبە کوردستانییەکان و هێزی پێشمەرگە. ناتوانرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی ئەمریکا لە شەڕی دژی گرووپە توندڕەوەکان بەتایبەتی هێزەکانی داعش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە ئەمریکا گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات لە پاڵپشتیی سەقامگیری لە هەر یەك لە بەغدا و هەولێر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی لە سەرچاوەکانی وزە، وەکوو نەوت و گاز.

**ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە و هێشتاش هەیەتی لە پاراستنی هەرێم و پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆییدا**

٢- یەکێتیی ئەورووپا

لە ساڵی ١٩٩١ و تا ئێستا، بەتایبەتی فەرەنسا، بەریتانیا، سوید و ئەڵمانیا، وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا هاوکاریی مرۆییان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە و، هاوکارییان لە بواره ئابووری و بازرگانییەکاندا بەهێز کردووە، جگە لەوەی کە هەندێك لەو وڵاتانە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشکەشکردنی هاوکاریی سەربازی لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی تیرۆردا، بەڵام ئەم ڕۆڵە ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە فەرامۆش ناکات، کە ئەم وڵاتانە هەیانە لە بەهێزکردنی ئاسایشی هەرێمی، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی و دۆزینەوەی دەرفەتی وەبەرهێنان لە کەرتی وزە و ژێرخانی ئابووریدا.

**لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا هاوکاریی مرۆییان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە**

٣- ڕووسیا

نکۆڵی لە ڕۆڵی ڕووسیا و پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ هەرێم و وەبەرهێنانەکانی لە پڕۆژەکانی وزە، بەتایبەتی نەوت و غاز ناکرێت، کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەی بنیادنانی پایەکانی ئابووری و پشتگیریکردنی. هەرچەندە ڕووسیاش وەك هەموو وڵاتانی دیکە، بەرژەوەندیی خۆی هەیە لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدان بۆ فراوانکردن و سەپاندنی هەژموونی خۆی. سەبارەت بە کاریگەریی ئەم پەیوەندییانە لە نێوان هەرێم و ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەوا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر سیاسەتەکانی ئەمنی و ئابووری و دیپلۆماسی، بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی هەرێمی و ناهەرێمی و بنیادنانی ئابوورییەکی فرەڕەهەند و بەهێزکردنی سەقامگیریی ناوخۆیی، دواجار بەمەش پێگەی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کاریگەریی ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:

**نکۆڵی لە ڕۆڵی ڕووسیا و پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ هەرێم و وەبەرهێنانەکانی لە پڕۆژەکانی وزە، بەتایبەتی نەوت و غاز ناکرێت، کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەی بنیادنانی پایەکانی ئابووری و پشتگیریکردنی**



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکەم: سیاسەتە ئەمنییەکان

لە لێکەوتەکانی ئەم پەیوەندییانە بەهێزکردنی تواناکانی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی هەرێمە لە هەڕەشە جۆراوجۆرەکان، چ حکوومی، یان تیرۆریستی، یان ئابووری، هەروەها هەڕەشەی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێم، بەڵام لایەنە نەرێنییەکانی ئەم پەیوەندییانە بریتین لە وروژاندنی نیگەرانی و ترس لەلای هەر یەك لە بەغدا و وڵاتانی دەوروبەر، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهەڵدانی گرژی لە پەیوەندییەکاندا و ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سیاسەتە ئەمنییەکان.

دووەم: سیاسەتە ئابوورییەکان

لە لێکەوتە ئەرێنییەکانی ئەم پەیوەندییانە لە نێوان هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو پەرەپێدانەیە کە لە وەبەرهێنان و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە بواری ژێرخان و کەرتی وزە و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەڵام لایەنە نەرێنییەکەی لێکەوتەکانی ئەم پەیوەندییانە وروژاندنی نیگەرانیی وڵاتانی هەرێمییە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێم و بەمەش هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی فشارە سیاسی و ئابوورییەکان بۆ سنووردارکردنی کاریگەرییەکانی ئەم پەیوەندییانە.

سێیەم: سیاسەتە دیپلۆماسییەکان

یەکێك لە گرنگترین لێکەوتەکانی پەیوەندیی نێوان هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەهێزکردنی پێگەی هەرێمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بایەخدانی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێودەوڵەتییە بە هەرێم، سەرەڕای بایەخدانی حزب و کەسایەتییە سیاسییە جیهانییەکان و دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کورد و پشتگیریکردنی و بانگهێشتکردنی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسە ئابوورییەکان و فیستیڤاڵە جیهانییەکان. سەبارەت بە لایەنە نەرێنییەکان کە ڕەنگە لەم پەیوەندییانە بەدی بێن، ئەویش وروژاندنی نیگەرانیی وڵاتانی دراوسێ و حکومەتی بەغدایە و نارەزایی دەربڕینیانە لەسەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە، کە دواجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڕەشەکردنیان، بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی، یان ئابووری، یان دارایی، یان کۆسپ خستنە بەردەم ناردنی مووچە و پشکی کوردستان لە بوودجەی فیدراڵیدا، لەگەڵ بەردەوامبوون و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەوا ئەمەش کۆمەڵێك ئالنگاریی دیکەی لێ دەکەوێتەوە کە هەوڵن بۆ هێنانەکایەی ئاستەنگ لەبەردەم ڕێڕەوی ئەم پەیوەندییانەوە، لەوانە:

أ- گرژی لە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و داراییەکان لەگەڵ بەغدا و وروژاندنی کێشەکانی دابەشکردنی سەرچاوە داراییەکان و بوودجەی حکومەت و پرسی نەوت و غاز و ماددەی (١٤٠)ی دەستوور و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و بەشی کوردستان لە بوودجەی فیدڕاڵی.

ب- زۆربوونی فشارە هەرێمییەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەقامگیریی ئاسایش و ئارامی لە هەرێم و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و گەشتوگوزار دروست بکەن، بەڵام ئەمە نابێت ڕێگر بێت لە هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئالنگارییانە و بەردەوامبوون لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دەوڵەتە مەزنەکان، بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی پشتگیریی ماددی و مەعنەویی بەردەوام، کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی سەقامگیریی ئەمنی و زیادکردنی توانای هەرێم لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگارییە سیاسی و ئابوورییەکان و، بنیادنانی ژێرخان و پەرەپێدانی ستراتیژیەتەکانی هەمەچەشنکردنی سەرچاوە داراییەکان و، تێپەڕاندنی ئابووریی پشت بە نەوت بەستن، دواجار ئەم پەیوەندییانە دەتوانن کاریگەر بن لە نزیکبوونەوەی نێوان حزبە کوردستانییەکان، هەروەها سیاسەتێکی گشتگیری ئەمنی و ئابووریی پەسند بکەن، کە توانای هەرێم بەهێز بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگارییەکان و، باشترکردنی ژینگەی سیاسی لە بنیادنانی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و، خۆپاراستن لە گرژی و بەهێزکردنی هاوکاریی هەرێمی، هەروەها هەرێم دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە پێگەی ستراتیژیی خۆی بەهێز بکات و، ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی بەدی بهێنێت.

**یەکێک لە گرنگترین لێکەوتەکانی پەیوەندیی نێوان هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەهێزکردنی پێگەی هەرێمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بایەخدانی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێودەوڵەتییە بە هەرێم**

**زۆربوونی فشارە هەرێمییەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەقامگیریی ئاسایش و ئارامی لە هەرێم و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و گەشتوگوزار دروست بکەن**

**ناتوانرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی ئەمریکا لە شەڕی دژی گرووپە توندڕەوەکان بەتایبەتی هێزەکانی داعش بکرێت**



فوئاد ئیزەدی
پڕۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتی لە زانکۆی تاران بۆ گوڵان:

# بۆی هەیە ئێران پەنا بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ببات

# دیمانەی تایبەت

**فوئاد ئیزەدی، پرۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکایە لە زانکۆی تاران، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە هەڕەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئێران و ئەگەری پێکدادانی سەربازیی نێوان ئەم دوو وڵاتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە ماوەی ڕابردودا گۆڕانکاریی قووڵ و هەژێنەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان داوە، هەر لە شەڕ و پشێوییەکان و ڕوخانی ڕژێمەکانەوە تاوەکو دەستێوەردانی و گوشارە دەرەکییەکان، هاوشان بە گرتنەوەدەستی دەسەڵاتی کۆشکی سپی لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە، هێندە دیکە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان چووە، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم هەلومەرجە چییە؟**

* با لە کۆتایی پرسیارەکەتانەوە هەوڵی وەڵامدانەوە بدەم، ئەوەی پەیوەست بێت بە سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوا ئاشکرایە ئێمە مامەڵە یان با بڵێین ئەزموونی چوار ساڵی پێشوومان هەیە لەگەڵیدا، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وانییە ئێمە تووشی کێشەیەك بین لەگەڵیدا، کە نەتوانین ئیدارەی بدەین، مەبەستم ئەوەیە هەروەك چۆن توانرا لە چوار ساڵی یەکەمدا ئیدارە بدرێت، ئەوا بە هەمان شێوە دەکرێت ئەم چوار ساڵەشی لەگەڵدا تێپەڕێندرێت. پرسێکی دیکەی ئەم ناوچەیە بریتییە لە بەردەوامبوونی ئەو کوشتارەی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجام دەدرێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە لە ئاست و مەودایەکدایە کە پێشتر بەدیمان نەکردووە لەم بەشەی جیهاندا، کە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە ئیسرائیل بەرەوپێش دەچێت و ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ناتوانن بە بەردەوامبوون لە گرتنەبەری ئەم ڕێچکەیە نەتەوەیەك لە ناو ببەن و ڕیشەکێشی بکەن، مەبەستم فەلەستینە. واتە پێم وایە درەنگ، یان زوو ئیسرائیل دەرك بەم ڕاستییە دەکات و ئەو کەسانەشی بەرپرسن، دەبێت ڕووبەڕووی ئەو سزایە ببنەوە کە شایستەین. ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە، ئەوا دەڵێم کوشتار کارێکی مەترسیدارە و لە هەمان کاتدا چارەسەر نییە بۆ کێشە و گرفتەکانی ئیسرائیل، بۆ

**ئیسرائیل دەیتوانی ڕێککەوتنەکانی ئۆسلۆ جێبەجێ بکات و بوونی دەوڵەتی فەلەستینی قبووڵ بکەن، ئەگەر ئەمەیان بکردایە، ئەوا تووشی ئەو کێشانەی ئێستا نەدەبوونەوە**

**ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ عێراقدا، ئیدی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێت، یان لەگەڵ حکومەتی عێراق**

**دەکرێت پێکدادانی سەربازی ڕوو بدات، چونکە ئەمریکا هیچ پێوەرێکی ئیتیکیی نییە، بە چەشنی ئەوەی لە کەرتی غەززەدا بینیومانە**

نموونە، ئیسرائیل دەیتوانی ڕێککەوتنەکانی ئۆسلۆ جێبەجێ بکات و بوونی دەوڵەتی فەلەستینی قبووڵ بکەن، ئەگەر ئەمەیان بکردایە، ئەوا تووشی ئەو کێشانەی ئێستا نەدەبوونەوە، بەڵام لەبری ئەوە، بڕیاریان دا کە ڕووبەڕووی فەلەستین ببنەوە، کە بە تێڕوانینی من ئەمە زیانێکی گەورەیان پێ دەگەیەنێت لە مەودا و ئایندەی دووردا. ئەوەی پەیوەست بێت بە دید و هەڵوێستی هەندێ لە وڵاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ڕوونە کە ژمارەیەك لە وڵاتان، وەك عەرەبستانی سعودیە و ڕەنگە ئیماراتیش هەبن کە دەرك بەوە دەکەن کە جیهان لە ئێستادا فرە جەمسەرییە و، ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکە لە باری داکشاندایە و ئەو ڕاستییە ڕەچاو دەکەن کە ناتوانن پشت بە سەرچاوە، یان دەوڵەتە دەرەکییەکان ببەستن بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەیان، واتە ئەم وڵاتانە ئەوە دەزانن کە ئەگەر بیانەوێت بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنن، ئەوا دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتی بدەن لەم بەشەی جیهاندا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە بڕیاریان دا بارگرژییەکانییان لەگەڵ ئێراندا خاو بکەنەوە، نەك هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە بکەنەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە دەکرێت دۆخەکە لەگەڵ ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا تێپەڕێندرێت، کەواتە با بپرسین ئێوە چۆن لە سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی داوە کە هەمان سیاسەتی کۆنی «پەرت کە و زاڵ بە» پیادە و پەیڕەو بکات، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە زۆرێك لە گەلانی ئەم ناوچەیە دەرك بەو ڕاستییە دەکەن کە ئەم سیاسەتە پیادە کراوەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان ناکات، لەم سۆنگەیەوە گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێت کێشە و دژوارییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، لەو ڕوانگەیەی کە من لە تارانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، ئەوا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەمە سیاسەتی ئێران بووە، مەبەستم ئەوەیە ئێران هەوڵی داوە پەیوەندییەکی باشی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئەوەشی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی ئێرانەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کورددا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدام حوسێن، هەروەها دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێران هاوکاری و چەکی بۆ ئەم هەرێمە دەستەبەر کرد، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی کە کورد بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، کەواتە پێم وایە ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ عێراقدا، ئیدی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێت، یان لەگەڵ حکومەتی عێراق، کەواتە هاوشان بە بەرهەڵستیکردنی ئەو گوشارانەی واشنتۆن دەیکات لە بەرانبەر ئێراندا بەرەودان بە پەیوەندییە باشەکان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان ئەولەوییەتی ئێران دەبێت. با ئەوەش بڵێم کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، ئەوا لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا دەیتوانی ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە گرتنەبەری سیاسەتە سەرنەکەوتووەکانی و سیاسەتەکانیشی هەر بەم شێوەیە دەمێننەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم ئیدارەیە گوشاری زۆری خستووەتە سەر ئێران و تەنانەت هەڕەشەی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازییش دەکات لە دژی ئەم وڵاتە، ئێوە چۆن لە جددییەت و کاریگەریی ئەم هەڕەشانە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە ئێران بتوانێت تێیانپەڕێنێت، یان ئەوەتا ڕوودانی جۆرێك لە پێکدادانی سەربازی بووەتە شتێکی حەتمی؟**

- دەکرێت پێکدادانی سەربازی ڕوو بدات، چونکە ئەمریکا هیچ پێوەرێکی ئیتیکیی نییە، بە چەشنی ئەوەی لە کەرتی غەززەدا بینیومانە، کە ئێمە دەزانین توانای ئەوە هەیە کە کوشتار لە غەززەدا ئەنجام بدەن و لەم ڕووەوە توانای سەربازییان هەیە، بەڵام پێم وانییە ئەمە دەرئەنجامێکی باشی هەبێت بۆ خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر پێکدادانی سەربازی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو بدات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی مردنی هەزاران سەربازی ئەمریکی، چونکە

ئێمە دەزانین کە ئێران توانایەکی سەربازیی گەورەی هەیە، کەواتە ئەگەر سەرکردەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خەمی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیاندا بن، ئەوا خۆیان لە پێکدادانی سەربازی لەگەڵ ئێراندا تێوەناگلێنن، بەڵام ئەگەر بیر لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بکەنەوە -کە پێدەچێت چەندین کەسایەتیی نێو ئیدارەی ترەمپ ئەوەندەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەکەنەوە، هێندە لە خەمی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان نین-، ئەوا بەڵێ لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەبەن لەگەڵ ئێراندا.

*** بەڵام لە نێو ئەم هەڕەشە و گوشارانەدا، ڕێککەوتنەی پێشتر کراوە، لەلایەکی دیکەوە، تەنانەت دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد و، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئێران هیچ پڕۆگرامێکی نییە بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی، لەبەر ئەوە، دەکرێت بڵێین کە پرسی پڕۆگرامە ناوکییەکە پاساوێکە بۆ گوشارخستنەسەر ئێران، کە ئەمە چەندین ساڵە سیاسەتی ئەمریکا بووە، بەڵام پێم وانییە سەرکەوتوو بێت.**

*** بەڵام لاریجانی لێدوانی دا و ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر ئێران ناچار بێت، ئەوا بۆی هەیە پەنا بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ببات، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**ئەگەر پێکدادانی سەربازی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو بدات، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی مردنی هەزاران سەربازی ئەمریکی، چونکە ئێمە دەزانین کە ئێران توانایەکی سەربازیی گەورەی هەیە**



**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشنیاری ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێراندا کردووە، بەڵام ئێران پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی گفتوگۆکان ناڕاستەوخۆ بن، تا چەند ئێوە لم ڕووەوە گەشبینن بۆ ئەوەی هەردوولا لەم ڕێیەوە بگەنە ڕێککەوتن، بە تایبەتی لە سەر پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران؟**

- من گەشبین نیم، ئێران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گفتوگۆی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە، ئەوە بوو دوو ساڵی پێچوو تاوەکو ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرندا ئەنجام درا، بەڵام ئەوە ترەمپ بوو — لە سەروەختی ئیدارەی یەکەمی دەسەڵاتەکەیدا- لەم ڕێککەوتنە کشایەوە. کەواتە، ئەگەر ئەمریکا نیگەرانە لەبارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو

- بەڵێ، ئەو ئەمەی ڕاگەیاندووە و تەنیا کەسیش نییە ئەم بۆچوونەی هەبێت، واتە کەسانی دیکەش هەن کە پێیان وایە دەبێت ئێران توانای ئەوەی هەبێت بەرگری لە خۆی بکات، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمریکا هێرش بکات، ئەوا ئێرانیش بتوانێت بەرپەرچی بداتەوە، واتە ئەگەر تۆ چەکی ئەتۆمیت هەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت هەڕەشەت لێ بکات، بەو چەشنەی کە ئێستا ئەمریکا هەڕەشە لە ئێران دەکات. بۆ ئەوەی زیاتر ئەمە ڕوون بکەمەوە، ئەوا زۆر کەس لە ئێران هەن کە پێیان وایە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرش بکاتەسەر ئێران، ئەوا ڕەنگە ئەم هێرشە بۆ ماوەیەك پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە دوا دەخات و ئەم دواخستنەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران پەنا بباتە بەر دروستکردنی چەکی ئەتۆمی.

**پرسی پڕۆگرامە ناوکییەکە پاساوێکە بۆ گوشارخستنەسەر ئێران، کە ئەمە چەندین ساڵە سیاسەتی ئەمریکا بووە، بەڵام پێم وانییە سەرکەوتوو بێت**

باربارا سالڤین

وانەبێژی کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# ئێران و ئەمریکا نایانەوێت دۆخەکە بەرەو پێکدادانی سەربازی بڕوات

باربارا سالڤین، توێژەرە لە سەنتەری ستیمسۆن لە واشنتۆن و وانەبێژی کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن. پێشتریش خاوەن و بەڕێوەبەری دەستپێشخەریی ئایندەی ئێران بوو لە ئەنجومەنی ئەتلانتیك، شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ئاست ئێران، هەروەها کاری ڕۆژنامەنووسیشی ئەنجام داوە و ستوونووس بووە لە ئەل مۆنیتۆ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسین بووە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و جیهانی لە واشنتۆن تایمز، هەروەها ڕووماڵی پرسە سەرەکییەکانی بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای کردووە، وەك شەڕی ئەمریکا دژ بە تیرۆر، سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست دەوڵەتە لە یاسا دەرچووەکان، شەڕی ئێران و عێراق، ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، نۆ جاریش سەردانی ئێرانی کردووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە بارگرژییەکانی نێوان ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ ئێران و ئایندەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

# دیمانەی تایبەت



*** وەك ئاشكرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانكاری و وەرچەرخانی گەورەدا تێدەپەڕێ و تەنانەت دەگوترێت كە نەخشە ستراتیژییەكەی ئەم ناوچەیە بە چەشنێكی بەرچاو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە داكشانی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەدا، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندیی بە داكشانی كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە هەبێت، ئەوا دەكرێت لەم ڕووەوە بڵێین ڕاستە بە هۆی پێشهات و پەرەسەندنەكانی ئەم دواییەوە پێگەی ئێران بە شێوەیەكی جددی لاواز بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەكرێت بڵێین هێشتا ئێران چەند كارتێكی بەهێزی لەدەستدا ماوەتەوە و دەكرێت سوودیان لێ وەر بگرێت، بۆ نموونە، دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین كە ئێران لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، هەروەها ڕایەڵەی ئایینییەوە، پەیوەندییەكی نزیكی هەیە لەگەڵ كەمینە و لایەنە ئیتنییەكانی جیهانی عەرەب و موسڵمانەوە.

*** ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم پرسە ڕابوەستین و لە وەڵامەكەی ئێوەوە پرسیارێكی دیكە دروست بكەین، ئایا ئێوە چۆن وێنای ئەو بارودۆخە نوێیە دەكەن كە ڕووی كردووەتەوە ئێران، بەتایبەتی لە ڕووی پەرەسەندنەكانی ناوچەكە و ئەو گوشارانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە؟ ئایا دەكرێت بڵێین ئەوەی بەسەر ئێراندا هاتووە پاشەكشەیەكی كاتییە و دەتوانێت تێیپەڕێنێت؟**

- ئەگەر من درێژە بە وەڵامەكەی پێشووم بدەم و لەم ڕووەوە ڕوونكردنەوەی زیاتر بدەم، ئەوا دەڵێم هێشتا ئێران پەیوەندییەكی پتەو و بەهێزی لەگەڵ گرووپە میلیشیاكان و لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی نێو عێراقدا هەیە، هەروەها



هێشتا پارێزگاری لە هەندێ ڕایەڵەی پەیوەندیی بە کەمینەی عەلەوییەکانی نێو وڵاتی سووریا و، هەروەها بە لایەنەکانی کورد و شیعەوە لەو وڵاتەدا کردووە، کە ئێمە دەزانین لەم ڕووەوە هێشتا دۆخی سووریا لە بارێکی شلۆقدایە و جێگیر نەبووە و نەچەسپیوە.

*** وەك ئاشکرایە کە هەندێ لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەوەی پێی دەگوترێت میحوەری موقاوەمە لاواز بوون، بەتایبەتی بزوتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان، ئێستا ئێوە چۆن لەم میحوەرە دەڕوانن و پێتان وایە لە چ بارێکدایە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی پێی دەڵێن میحوەری موقاوەمە، ئەوا ڕوونە کە حوسییەکان بوونە چالاکترین لایەنی نێو ئەم میحوەرە، ئەویش دوای هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس- لە کەرتی غەززە- لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل، و ئەو دەرئەنجامانەی لێی کەوتەوە لەو گورزانەی ڕووبەڕووی حەماس و حزبوڵڵا بوونەتەوە.

*** ئەوەی لە ئێستادا هەمووانی سەرقاڵ کردووە هەڕەشەکانی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، کە پەیامەکانی بۆ ئێران ڕوون و ڕاشکاون، کە ڕایگەیاندووە ئێران دەبێت بێتەسەر مێزی گفتوگۆ، یان دەرئەنجامێکی خراپ چاوەڕوانی دەکات. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڕەشانە چەند جددین و تا چەند کاران؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا «دۆناڵد ترەمپ» دەیکات، شێوازێکە کە پێی ئاشناین، واتە ئەو ڕێچکەیەی ترەمپ دەیگرێتەبەر تێکەڵێکە لە ستایشکردن و هەڕەشەکردن لە بەرامبەرەکەی، هەرچۆنێك بێت، ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی هەڕەشەکان چەند جددین، ئایا دەکرێت سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی شەڕ، ئەوا من دەڵێم، یان باوەڕم وایە کە هیچ یەکێك لە لایەنە ڕکابەرەکانی ئەم هاوکێشەیە (ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) نایانەوێت و خوازیاری ئەوە نین کە دۆخەکە بە چەشنێك پەرە بستێنێت و هەڵکشێت کە بەرەو پێکدادانی سەربازی بچێت.

*** کەواتە پێت وایە لە بەرانبەر ئەو گوشارە زۆرانەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، ئێران بە چەشنێك ڕەفتار دەکات کە هەوڵی ئەوە بدات کە دۆخە نالەبارەکە تێپەڕێنێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەمریکادا ئەنجام بدات؟**

- من گومانم هەیە لەوەی هەردوو لایان لە بارێکدا بن، یان بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی گەورە و گرنگ بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت، یان ئەوەی ڕێی تێ دەچێت، ئەوەیە کە هەندێ هەنگاوی بچووك هەڵبگیرێت بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجەکە و خاوکردنەوەی بارگرژییەکان، بە چەشنی ئەوەی لە سەردەم و سەروەختی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدندا بەدیمان کرد.

*** وەك دیارە بەشێك لە ستراتیژیەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ زیاتر گوشار**

**ڕاستە بە هۆی پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەوە پێگەی ئێران بە شێوەیەکی جددی لاواز بووە، بەڵام هێشتا چەند کارتێکی بەهێزی لەدەستدا ماوەتەوە و دەکرێت سوودیان لێ وەر بگرێت**

خستنەسەر ئێران بریتییە لە هەوڵەکانی بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقیش ناچار بکات، کە خۆی بە دوور بگرێت لە ئێران و هەندێ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کەم بکاتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق چ بژاردەیەکی لە بەردەمدایە و باشترین ڕێگەچارە چییە بۆ ئەوەی بیگرێتە بەر، بەتایبەتی کە لە پێگەیەکی بەهێزدا نییە لە ئاست ئەمریکا؟



- ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە پرسی ئەوەی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بپچڕێنێت، ئەوا من گومانم هەیە لەوەی عێراق بتوانێت بە تەواوەتی رایەڵەکانی لەگەڵ ئێراندا ببڕێت و کۆتاییان پێ بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە عێراق کار و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی کەمتر لە ژێر دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێراندا بێت، ڕەنگە لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێک هەڵبگرێت، لە نێویاندا کارکردن بە ئاراستەی ئاوێتەکردنی یەکەکانی حەشدی شەعبی «لە نێو دامەزراوەی سوپای وڵاتەکەدا»، واتە ئەگەری ئەوە هەیە لەم سەروەخت و کاتەدا بەغدا بیەوێت جڵەوی یەکەکانی حەشدی شەعبی بکات و هەوڵی ئەوە بدات خۆی لە وروژاندنی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لا بدات. ڕەنگە هەنگاوێکی دیکە بریتی بێت لە هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و تورکیادا.

* هەروەک لە یەکەم پرسیاردا ئاماژەمان پێ کرد، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت، بە دید و تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەو هەلومەرجەی ئێستا لەئارادایە، هەلێکە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە بخرێتەسەر ڕاستەڕێی سەقامگیرییەکی درێژخایەن، یان ئەوەتا دۆخەکە بە چەشنێکە کە دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین کە ئەم ناوچەیە بەرەو لێکترازان و پشێویی زیاتر دەڕوات؟

- ئەوەی تا ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی کراوە، ئەوەیە کە هەمیشە هەلومەرجەکە بۆی هەیە بەرەو خراپبوون و ئاڵۆزیی زیاتر بچێت، کە بە زۆری ئەمەش ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەکی ئەرێنییش لە ئارادا بێت، ئەوەیە کە وڵاتانی کەنداو هەوڵ دەدەن ببنە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان لایەنەکان و، تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدەن کە «دۆناڵد ترەمپ و ئیسرائیل» پاشگەز بکەنەوە بۆ ئەوەی پەنا نەبەنە بەر بەرپاکردنی شەڕ لە دژی ئێران. هەروەها لەم ڕووەوە هەردوو وڵاتی چین و ڕووسیاش داوای ئەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرێت.

* کەواتە پێتان وایە ئەم هەوڵانەی وڵاتانی کەنداو دەرئەنجامێکی ئەرێنییان لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دوورخستنەوەی تارمایی شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا، کە ئاشکرایە لە حاڵەتی ڕوودانیدا ڕەنگە نەک هەر ناوچەکە، بەڵکو تەواوی جیهانیش هەست بە کاریگەرییەکانی بکەن؟

- ئێمە دەزانین کە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ یەکەم سەردانی دەرەوەی وڵاتەکەی بۆ عەرەبستانی سعودییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو وڵاتە و سەرکردەکەی هەیە، بۆیە من پێشبینی دەکەم، گوێ لە بۆچوونەکانی محەمەد بن سەلمان دەگرێت لەبارەی ئێرانەوە، لەلایەکی دیکەوە، دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، کە دەرد و مەینەتییەکانی فەلەستینییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و پێناچێت کە هیچ هەوڵێک هەبێت یان هیچ لایەک هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئەو کوشتار و پاکسازییە ئێتنییە ڕابگیرێت. واتە لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە تاوەکو ئەم کێشە و ناکۆکییە بەردەوام بێت و بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، ئەوا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نە سەقامگیر دەبێت و نە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێت.

**ئەو ڕێچکەیەی ترەمپ دەیگرێتەبەر تێکەڵێکە لە ستایشکردن و هەڕەشەکردن لە بەرامبەرەکەی**

**گومانم هەیە لەوەی عێراق بتوانێت بە تەواوەتی رایەڵەکانی لەگەڵ ئێراندا ببڕێت و کۆتاییان پێ بهێنێت**

**ئەگەری ئەوە هەیە لەم سەروەخت و کاتەدا بەغدا بیەوێت جڵەوی یەکەکانی حەشدی شەعبی بکات و هەوڵی ئەوە بدات خۆی لە وروژاندنی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لا بدات**

**ئەوەی تا ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی کراوە، ئەوەیە کە هەمیشە هەلومەرجەکە بۆی هەیە بەرەو خراپبوون و ئاڵۆزیی زیاتر بچێت**

دیمانەی تایبەت



**پڕۆفیسۆر ڕۆهینتۆن میدهۆرا**

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە پەرەپێدانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# سیستمی بانکیی ئەلیکترۆنی بڕبڕەی پشتی سیستمی دارایی و ئابووریی هاوچەرخە

**پرۆفیسۆر ڕۆهینتۆن میدهۆرا، یەکێکە لە توێژەرە باڵاکانی ناوەندی داهێنانی حوکمڕانیی نێودەوڵەتی (CIGI) و لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢٢ سەرۆکی ناوەندەکە بووە، لە ئێستاشدا ئوستادی پەرەپێدانی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ماکگیل «McGill» لە کەندا، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر حوکمڕانی و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی بانکی بۆ ناوچە تازە پێگەیشتووەکانی جیهان، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی کرد و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

### گشتگیری دارایی و داهێنانی دیجیتاڵی

*** بەم دواییە ماری ئیلین ئێسکەندەریان، سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆڕی بانکی ئافرەتانی جیهان، دەستپێشخەرییەکی تازەی ڕاگەیاند کە ئامانجیەتی بە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی پارەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزاری دارایی پێشکەشی یەك ملیار ئافرەت لە جیهاندا بکات، کە هیچ حیسابێکی بانکییان نییە. ئایا چۆن بەرنامەی حوکمڕانیی گلۆباڵی دەتوانێت پشتگیری ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە بکات، بۆ ئەوەی ئاستی دارایی گشتگیر بۆ ئەو ناوچانەی جیهان دابین بکات، کە لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە لە ئاستێکی نزمدان؟**

- لە ڕاستیدا تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لەگەڵ گشتگیری دارایی «Financial inclusion» لەسەر ئاستی جیهان ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنرێت، دەبێتە هێزێکی زۆر گەورە و هیچ کەسێکیش لەم گشتگیرییە داراییە زەرەرمەند نابێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو خەڵکانەی کە پێشتر هیچ حیسابێکی بانکییان نەبووە، یان حیسابی بانکیی پێویستیان نەبووە، دەهێنێتەوە مامەڵەی ئابووریی ڕۆژانە، کە بۆ ژیانی ڕۆژانەمان زۆر پێویستە، هەروەها ئەو هێزە بە تاکەکان دەبەخشێت کە خۆیان بتوانن کاروباری دارایی خۆیان بەڕێوە ببەن و بە مانای وشە، باری گوزەرانی هاووڵاتیان باشتر دەکات، کاتێك زۆر بە ئاسانی بە ڕێگەی تەکنەلۆژیای مۆبایلی ئەم گشتگیرییە داراییە پێکەوە گرێ دەدرێت، ئەوا زۆر بە خێرایی توانا و چالاکیمان لە مامەڵەی ئابووریی هاوچەرخ زیاتر دەکات، هەروەها ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ داهێنانی کۆمەڵایەتی «Social Innovation»، ئەمەش بەو مانایەی ئێمە چیتر جەخت لەسەر دوایین پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا ناکەینەوە، بەڵکو کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە بەردەست بێت بۆ خێری گشتی و کۆمەڵگە، هەر بۆ نموونە کاتێك هەموو کەسێك بە ئاسانی ئەم تەکنەلۆژیایەی دەست بکەوێت و بەکاری بهێنێت و بتوانن تۆڕی ئابووری دروست بکەن، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زۆرترین

بەکارهێنەرانی ئەو ئەپلیکەیشنە کاریگەرییان لە ناو ئەو سیستەمە تازەیە زیاتر بێت.

لێرەدا بەگرنگی دەزانم ئاماژە بەو کارە پێشەنگەی محەمەد یونس بزنێسمان و پسپۆڕی ئابووری و بانکیی بەنگلادیش بکەم، کە پێش چوار دەیە هەستا بە پێدانی قەرزی بچووك بە ڕێگەی بانك و حیسابی بانکی بۆ کردنەوە، تا ئێستاش ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە خەڵکی حیسابی بانکییان نییە و مامەڵە لەگەڵ بانك ناکەن، کە ژمارەی هەرە زۆریان ئافرەتان و خەڵکانی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانن، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، چەند کاری زۆرمان لە پێشە بۆ کردنەوەی سوودەکانی پەرەپێدانی سیستمێکی دیار و سەلمێنراو، ئاشکرایە کە حوکمڕانیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لەناو چەقی ئەم کێشە دووفاقییەدایە و هەتا ئێستاش بەشی گەورەی ئەم کارە قورسە لەسەر شانی حکومەتەکانە لەسەر ئاستی حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەمە لە کاتێکدا دەتوانن بە ڕێگەی دابینکردنی تەکنەلۆژیا بەو شێوەی کە لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەیان بگونجێت، بەکارهێنەرانی ئەو تەکنەلۆژیا دیاری بکەن، دەتوانن کار بکەن بۆ ئەوەی خەڵك باشتر لەم سیستەمە ئابوورییە تازەیە تێبگەن و، ڕێنمایی و ڕیکلامی زیاتر بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری لەم ژینگە ئابوورییە پێشکەوتووە بکەن. بۆیە بەڵێ بە دڵنیاییەوە بواری ئەوە هەیە کە حوکمڕانی گلۆباڵی گۆڕانکاریی گەورە دروست بکات. لە ئێستادا سیستمی جۆراوجۆری بانکی ئەلیکترۆنیی نیشمانی لەگەڵ سیستمی پارەدان پێکەوە مامەڵە ناکات. من دەتوانم لە کینیا بە حیسابی ئێم پیزا «M-PESA» هەندێك شت لە فرۆشیارێکی سەر شەقام بکڕم، بەڵام بە هەمان حیسابی بانکی ئەلیکترۆنی ناتوانم لە هیندیستان ئەوەی پێ بکڕم. بۆیە هاوئاهەنگی لەنێوان ڕێساکانی پارەدان و سیستمی بانکی ئەلیکترۆنی و پێکەوەگونجان لەگەڵ تەکنەلۆژییا پێویستەکان، بڕبڕەی پشتی ئەم سیستەمە تازەیەی ئابوورییە، بەڵام ئەمە نایەتەدی هەتا هەموو دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکتری هاوکاری نەکەن. زۆر بە کورتی، لەناو حوکمڕانیی گلۆباڵیدا، ئەم دابەشبوونە دیجیتاڵییە لە بەشێکی زۆری جیهان هەر بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە، تەنیا ڕێگەش بۆ ئەوەی بتوانرێت، پردێك دروست بکەین و ئەو بۆشاییانە پڕبکەینەوە، ئەوەیە کە دەبێت کۆمەڵگەی جیهانی پێکەوە هاریکاری و هەماهەنگی بکەن. لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەوەی دانانی بوودجە و دانانی بەرنامە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی سیستمی پەروەردە بۆ ئەوەی هۆشیاری دارایی و تەکنەلۆژیا لەخۆی بگرێت، بە پلەی یەکەم بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییە، بەڵام دەتوانرێت بە ڕێگەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیش هاوکاریی ئەم ئاراستەیە بکرێت، بۆیە من بە تەقدیرەوە کاری ڕێکخراوێکی وەك بانکی جیهانی بۆ ئافرەتان «Womens World Banking» هەڵدەسەنگێنم، کە ماری ئێسکەندەریان دایمەزراندووە، کە چوارچێوەی کاری جیهانیی خۆیان بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی حوکمڕانیی گشتگیر لەنێوان دەوڵەتاندا دابین بکەن، ئەگەر ئەم کاری ئێسکەندەریان نەبوایە، ئەمەش بوونی نەدەبوو.

### پڕۆگرامی ڕێکخراوەیی بۆ کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا

*** دەستەی کێبڕکێ و بازاڕ «CMA» لە بەریتانیا، ستراتیژیەتێکی تازەی داناوە، کە تیایدا جەخت لە کاریگەریی کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا لەسەر هاووڵاتیانی دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر پشتگیریی کارە بازرگانییەکان و چارەسەرکردنی هەژموونی بازاڕ دەکاتەوە، ئایا دەستەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان «inter-national regulatory bodies» دەتوانن چ ڕۆڵێك بگێڕن بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان داهێنان و کێبڕکێی دادپەروەرانە لە سێکتەری دیجیتاڵی دروست بکەن؟**

- ئەمە کرۆکی ئەو دووفاقییەیە کە لە سیاسەتی گشتیی هاوچەرخدا هەیە. داتا و تەکنەلۆژیای گەورە بەڵێنی زۆر گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرتووە، سوودەکان لە هەموو جێگەیەك لە چواردەورمان دەبینین، بەڵام ئێستا هەموومان باجەکەشی دەبینین، ئێمە لە پەرۆشیمان بۆ چنینەوەی سوودەکانی، لایەنە نەرێنییەکانیمان فەرامۆش کرد، یان دەتوانین بڵێین لەسەرەتا دیار نەبوون، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێستا سەیری بزوێنەری گەڕان لە ناو گووگڵ بکەین، لە سەرەتا بە تەواوەتی وا تێگەیشتین کە ئەمە دیموکراتیزەکردنی مەعریفەیە وەك ئەوەی پێشەنگەکانی ئەم تەکنەلۆژیا پێیان دەگوتین، بەڵام ئەوەمان لەبیر کرد، کە مەعریفە بەشێکە لە زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوە لە داتا بۆ زانیاری بۆ مەعریفە بۆ لۆژیك، ئێمە ئەو کاتە بە ئاستێکی بەرزی لۆژیکانە بیر دەکەینەوە کە کوالێتی زۆر باش بن و، یاری بە ئاکامەکانی نەکرابێت و نەگۆڕدرابن بۆ زانیاریی چەواشە و ساختە. ئاراستەکردنی تەکنەلۆژیا بەو جۆرە ناکرێت کە ژمارەیەکی زۆر کەم بە ڕێگەی قۆرخکاری ببنە دەوڵەمەندی زۆر گەورە. لەوانەیە یەکێك بڵێت، ئەوە قۆرخکارییەکی سرووشتییە، یان لە باشترین حاڵەتدا بڵێین کێبڕکێکە سنووردارە «Oligopoly» لەبەر ئەوەی لەم سێکتەرەدا کێبڕکێ سنووردار و کەمە، هەر بۆیە چەند داتاکان زیاد بکەن، بەرهەمەکە باشتر دەبێت، چەند بەرهەمەکەش باشتر بێت، ئەوا بەکارهێنەران زیاتر دەبن، چەند بەکارهێنەرانیش زیاتر بن، ئەوەندە داتاکان زیاتر دەبن، لەگەڵ زیادبوونی داتاکانیش بە شێوەیەکی

**ئێمە چیتر جەخت لەسەر دوایین پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا ناکەینەوە، بەڵکو کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە بەردەست بێت بۆ خێری گشتی و کۆمەڵگە**

**تا ئێستاش ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە خەڵکی حیسابی بانکییان نییە و مامەڵە لەگەڵ بانك ناکەن، کە ژمارەی هەرە زۆریان ئافرەتان و خەڵکانی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانن**

**ئێمە ئەو کاتە بە ئاستێکی بەرزی لۆژیکانە بیر دەکەینەوە کە کوالێتی زۆر باش بن و، یاری بە ئاکامەکانی نەکرابێت و نەگۆڕدرابن بۆ زانیاریی چەواشە و ساختە**

**ئاراستەکردنی تەکنەلۆژیا بەو جۆرە ناکرێت کە ژمارەیەکی زۆر کەم بە ڕێگەی قۆرخکاری ببنە دەوڵەمەندی زۆر گەورە**

سرووشتی قەوارەکە گەورەتر دەبێت.

لە ئاکامی ئەم پرسە، ئێمە دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ پرسی ڕێکخستن و سیاسەتی کێبڕکێ کە لە چەند دەیەی ڕابردوو لەسەر بنەمای ئەوەی بازاڕی ئازاد کارێکی باشە فەرامۆشمان کردبوو. بۆیە ڕێگەی زۆر ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە سیاسەتێکی باج وەرگرتنی دادپەروەرانەیە، بەمەش داهاتی قۆرخکارییەکە بە دروست دەزانین و بەپێی ئەو داهاتە باجی لێوەردەگیرێت.

زۆر گرنگە ڕێگە نەدرێت کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا، کە فرەڕەگەز و خاوەنی ئەزموونێکی گەورەن لە شێوازی بەڕێوەبردنی داهاتەکانیان، کە بۆشایی باج وەرگرتن و فرتوفێڵ نەدۆزنەوە بۆ ئەوەی داهاتەکانیان بە کەم پیشان بدەن، بۆ ئەوەی باجی کەمتر بدەن، یان خۆیان لە باجدان بدزنەوە، لەبەر ئەم هۆکارە چوارچێوەی ڕیفۆرمی باجدانی دیجیتاڵی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری گرووپی بیست «OECD/G20» گرنگییەکی زۆری هەیە و، نموونەیەکە بۆ حوکمڕانیی گلۆباڵی کە پشتگیریی ئامانجەکانی سیستمی باجدانی نیشتمانی دەکات، هەروەها بانگەشەیەکی زۆریش دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو داتا گەورە و زۆرانە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکار بهێنرێت، هەروەها دەکرێت هەوڵی زیاتر بخرێتەگەڕ بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، یان دەتوانرێت مەزندەی ئەوە بکەین، گرووپگەلێکی داتای گەورە و هەمەجۆر لەسەر ئاستی جیهان بونیاد بنرێن، هەر بۆ نموونە بۆ بەکارهێنانی لە باشترکردنی چاودێریی تەندروستی، یان توێژینەوە تەندروستییەکان، یان دەتوانرێت سندوقی متمانە داتاکان «data trusts» دروست بکرێت کە تاکەکان دەتوانن ئارەزوومەندانە زانیارییە کەسییەکانی خۆیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەو سندوقە دابنێن، بەمەش ئەندامانی ئەو سندوقی متمانەیە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریيانە سوودمەند دەبن. هەر بۆیە سیاسەتی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا گرنگیی خۆی هەیە، وەك دەڵێن ئەوە بە ڕێکەوت نەبووە کە بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا پێشەنگن لە ڕێکخستنی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە هیچ پلاتفۆرمێکی سەرەکی، تەنانەت لاوەکیشیان نییە کە تەنیا خۆیان پارێزگاری لێ بکەن، بەڵکو هەموو دەوڵەتەکان پێکەوە هاوبەش دەبن.

بەپێچەوانەی ئەمە، دەبینین کۆمەڵگەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا لە ئەمریکا و دەکرێت چینیشی بۆ زیاد بکەین، لە گەشەسەندنێکی زۆر باشدایە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە بۆ ڕێکخستنی تەکنەلۆژیا حوکمڕانییەکی یەکگرتوو نییە دەوڵەتان پێکەوە کۆبکاتەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو هێزە گەورانەی کە پشتگیر و دژن بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم ڕێکخستنە داهێنان کەم دەکاتەوە؟ ئایا ئەمە وەك پێویست کارێکی خراپە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سوودانەی کە بە کردەیی لە تەکنەلۆژیامان وەرگرتووە و ئەو باجە قورسەی ئێستا بۆ دەرهاویشتە خراپەکانی دەیدەین.

## ستراتیژیەتی ئابووری دیجیتاڵی لە بازاڕە تازە پێگەیشتووەکاندا

*** حکومەتی تایلەندی پاکێجێکی بە بەهای ٤,٤ ملیار دۆلاری بۆ هاندانی گەشەی ئابووری خستووەتەڕوو کە لە ناویاندا پرۆگرامی «جزدانی دیجیتاڵی»یە، ئایا بازاڕە تازە پێگەیشتووەکان دەتوانن چ وانەیەك لەم دەستپێشخەرییە فێر ببن بۆ ئەوەی چارەسەری دیجیتاڵی بە شێوەیەکی کاریگەر تێکەڵاوی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی ئابووریی خۆیان بکەن؟**

- ئاشکرایە ئەو دەوڵەتانەی لە شۆڕشی تەکنەلۆژیا پێشەنگ نین، بێبەشن لەم دیاردەیە، بەڵام لەبەر سوودەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە، شایستەی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدەن بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنن. دەوڵەتانی دواکەوتوو دەتوانن تەکنەلۆژیای ئەزموونکراو تێپەڕێنن و خۆیان لە پێشکەوتنە سەرەتاییەکانی تەکنەلۆژیا قەتیس نەکەن، واتە دەتوانن چارەسەری ئامادەکراو بکڕن، لەبری ئەوەی ماوەیەکی زۆر و تێچوویەکی گەورە سەرف بکەن، بۆ ئەوەی سێکتەری تەکنەلۆژیای ناخۆ پێش بخەن، بەڵام لایەنی ئەرێنی لەم پرسەدا ئەوەیە کە هەمیشە پشت بە هاوردەکردنی تەکنەلۆژیا دەبەستن و بێ ئاگا دەبن لە سوودە ڕاستەوخۆکانی تەکنەلۆژیا و هەمیشە سێکتەری ناوخۆی تەکنەلۆژی وڵاتەکەش پاشکۆی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێت.

لەبەر ئەو هۆکارە من زۆر هاندەری ستاکی هیندستان «Indian stake» و ناسنامەی دیجیتاڵی و پارەدانی ئەلیکترۆنی و دارایی گشتگیر و ناسنامەی دیجیتاڵی تەندروستیم، بەم دواییەش بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە دەسەڵاتی دادوەریدا، ئەمانە هەمووی پلاتفۆرمێکی گەورەی کراوەن، لەلایەن دەوڵەتێکی تازە پێگەیشتووەوە لە ناو ژینگەیەکی دیموکراتیدا پەرەی پێدراوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاری زۆر ماوە کە جێبەجێی بکەین، لە هەمان کاتدا ئەو لایەنە نەرێنییەشی هەیە، کە لەوانەیە لەلایەن ڕژێمێکی خراپەوە بە خراپی بەکاربهێنرێت بۆ هەراسانکردنی گرووپ و کەسانی دیاریکراو، بەڵام نموونە لەسەر سوود و تێچووەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەنیا پەیوەست نییە بە چەند دەوڵەتێکی کەمی پێشکەوتوو، بەڵکو پەیوەستە بە سەرانسەری جیهانەوە، باشترین چارەسەر

**ئەوە بە ڕێکەوت نەبووە کە بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا پێشەنگن لە ڕێکخستنی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان**

**کۆمەڵگەی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا لە ئەمریکا و دەکرێت چینیش بۆ زیاد بکەین، لە گەشەسەندنێکی زۆر باشدایە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە بۆ ڕێکخستنی تەکنەلۆژیا حوکمڕانییەکی یەکگرتوو نییە دەوڵەتان پێکەوە کۆبکاتەوە**

**دەوڵەتانی دواکەوتوو دەتوانن تەکنەلۆژیای ئەزموونکراو تێپەڕێنن و خۆیان لە پێشکەوتنە سەرەتاییەکانی تەکنەلۆژیا قەتیس نەکەن**

**باشترین چارەسەر بۆ قۆرخکاری لە بواری تەکنەلۆژیا ئەوەیە کە زانست لەسەر ئاستی جیهان کراوە بێت**

بۆ قۆرخکاری لە بواری تەکنەلۆژیا ئەوەیە کە زانست لەسەر ئاستی جیهان کراوە بێت، لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە ئەو دەستپێشخەرییەی تایلاند لەم چوارچێوەیەدا پۆلێن بکرێت.

**پێشخستنی هاوکاریی دیجیتاڵی لەسەر ئاستی گلۆباڵی**

*** ئامانجی پاکتی دیجیتاڵیی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشخستنی ژینگەیەکی دیجیتاڵی بەرپرسیار و گشتگیرە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پرانسیپەکانی «پەیوەندیکردن، پاراستنی داتاکان، مافی مرۆڤ لەسەر ئەنتەرنێت»، ئایا چۆن هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان بۆ نموونە پاکتی دیجیتاڵیی جیهانی چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتە نیشتمانییەکان بۆ پێشخستنی ئابوورییەکی دیجیتاڵیی گشتگیرتر؟**

- هاوکاریی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەسەر کاروباری نیشتمانی لە چەند ڕەهەندێکەوە و دەتوانن باشترین گەشە بە باشترین پراکتیزەکردن بدەن، ئەوەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی هاوئاهەنگی لە نێوان سیاسەت و یاسا و ڕێساکان بۆ سنووردارکردنی ململانێ و بەریەککەوتن و کەموکورتیی دیکە لە کاتێکدا کە هەر وڵاتێك بە سەربەخۆ کار بکات، دەردەکەون، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی تەکنەلۆژیا بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بە هەماهەنگی کار بکرێت، دەتوانرێت بوودجە بۆ دەستپێشخەرییەکانی پێشکەوتنی دیجیتاڵی بۆ دەوڵەتانی هەژار دابین بکەن، هەروەها دەتوانن زانیاری و ئامارەکانی دەوڵەتان لە کوالێتیی زۆر بەرز کۆبکەنەوە و بۆ خەڵك بە ئاسانی بەردەست بێت، هەروەها دەتوانن بڵاوکراوەی فەرمی و شیکردنەوەی ڕاست لەسەر پرسە سەرەکییەکان بڵاو بکەنەوە، هەر بۆ نموونە وەك ڕاپۆرتی «بانکی نێودەوڵەتی و پەرەپێدانی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی»، هەروەها دەتوانن زیاتر هۆشیار بن لەسەر پرسە سەرەکییەکان، پیشاندانی مەترسی و دەرفەتەکان، تەنانەت دەتوانن سەرکۆنەی ڕەفتاری خراپ و کاراکتەری خراپ بەکارهێنەری تەکنەلۆژیا بکەن و ڕیسوایان بکەن.

بە کورتی، هاریکاریی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەیەکی جیهانی پێکدەهێنێت کە بە گیانی دەستەجەمعی مامەڵە لەگەڵ پرسێکی گرنگ و تا ڕادەیەك تازە لە بوارەکانی سیاسەتی گشتی بکەن، بە هاوشێوەی دامەزراندنی بۆردی سەقامگیریی دارایی وەك چوارەمین ستوون بۆ حوکمڕانیی ئابووریی جیهانی کە دوای تەنگژەی دارایی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ دامەزرا. بەشێك لە ئێمە داخوازە بۆ ئەوەی کە «بۆردی سەقامگیری دیجیتاڵی» دابمەزرێت بەتایبەت بۆ ژمارەیەك لەو پرسانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

هەتا ئێستا سێکتەری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و تازە وەك پێویست لەلایەن ڕێکخراوەکان کۆنەکراوەتەوە، بۆیە بە مەزندەی من پاکتی دیجیتاڵی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هەنگاوێکی باش لەقەڵەم دەدرێت. زۆر بەداخەوە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین هاوکاری نێودەوڵەتی تێدا دەگمەنە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دابەشبوونە جیهانییەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە دەبن، بۆیە نازانم تا چەند هاوکاریی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە دروست دەبێت، بەڵام ئەو هەوڵە کەمەی کە ئێستاش هەیە، لەوە باشترە کە هەر نەبێت. لە قۆناغێکدا ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ جۆرێك لە سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، کە هاوکارییەکی پێشبینی نەکراوی بۆ بونیادی دامەزراوەکان هەبوو، کە ئاشتی و گەشەسەندنی بەدوای خۆیدا هێنا. هەرچەند هەموو سوودەکان بەسەر هەمواندا دابەش نەکرا و بە ئاستێکی تەواویش بەدی نەهات. وا دەردەکەوێت سیستمی حوکمڕانیی گلۆباڵی لە ئێستا زۆر لەرۆزکە و بەسەر چووە، بەڵام ئەمە دەبێت هۆکارێك بێت، بۆ ئەوەی سیستمەکە باشتر بکەین، نەك وازی لێ بهێنین، ئومێدەوارم پاکتی دیجیتاڵی جیهانی لەم چوارچێوەیەدا سەیری بکەین.

**چارەسەرکردنی دابەشبوونی دیجیتاڵی لەو ناوچانەی بە هۆی کێشەوە زەرەرمەند بوون**

*** لە ناوچەیەکی وەك هەرێمی کوردستان و عێراق کە هەتا ئێستاش ژێرخانی دیجیتاڵیمان لە قۆناغی تازە پێگەیشتووە، ئایا تاچەند میکانیزمی حوکمڕانیی گلۆباڵی دەتوانێت هاوکاریی ئێمە بکات، بۆ ئەوەی لە کاروانی گۆڕانکارییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی دوا نەکەوین؟ ئایا ئەو سیاسەتە دیاریکراوانە چین کە دەبێت ئێمە پشتی پێ ببەستین لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دیجیتاڵییە و هاندانی گەشەی ئابووری؟**

- زۆر گرنگە لە وڵاتانی تەنگژە و پاش تەنگژە، پەرەپێدانی دیجیتاڵی و تێکەڵاوی پرۆسەی ئاشتی و دووبارە بونیادنانەوە و پەرەپێدان بکرێت. بێگومان لەوانەیە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی کێشەکان زیاتر کەڵەکە بکات، بەتایبەتی ئەگەر دەستگەیشتن بە تەکنەلۆژیا لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان هاوسەنگ نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێت بەکار بهێنرێت دووبارە بۆ بونیادی ئاشتی و پارێزگاری لێکردنی. تۆمارە دیجیتاڵییە پزیشکییەکان تا ئەو پەڕی بەسوودن بۆ ئاوارەکان، هەروەها دەتوانرێت بە ڕێگەی سیستمی ستارلینك «Starlink» ئەنتەرنێتی مانگی دەستکرد بۆ پەیوەندی لەنێوان سەرجەم خێزانەکان لەگەڵ تەواوی وڵاتانی جیهان دروست بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر لەو وڵاتە ژێرخانی زەمینیی ئەنتەرنێت نەمابێت، هەروەها

**دەتوانن سەرکۆنەی ڕەفتاری خراپ و کاراکتەری خراپ بەکارهێنەری تەکنەلۆژیا بکەن و ڕیسوایان بکەن**

**هەتا ئێستا سێکتەری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و تازە وەك پێویست لەلایەن ڕێکخراوەکان کۆنەکراوەتەوە، بۆیە بە مەزندەی من پاکتی دیجیتاڵی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هەنگاوێکی باش لەقەڵەم دەدرێ**

**زۆر بەداخەوە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین هاوکاری نێودەوڵەتی تێدا دەگمەنە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دابەشبوونە جیهانییەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە دەبن**

**وا دەردەکەوێت سیستمی حوکمڕانیی گلۆباڵی لە ئێستا زۆر لەرۆزکە و بەسەر چووە، بەڵام ئەمە دەبێت هۆکارێك بێت، بۆ ئەوەی سیستمەکە باشتر بکەین، نەك وازی لێ بهێنین**

دەکرێت تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەکار بهێنرێت بۆ بواری تەندروستی و خوێندنی ئۆنلاین، یان دەکرێت نیشانەی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەو ناوچانە دابنرێت کە پێشتر ناوچەکانیان مینرێژ کراون، ئەمانە هەمووی هۆکار و یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی دووبارە متمانە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە. لەوانەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار بێت بۆ ئەوەی پرسی یەکەم و دووەم چارەسەر بێت، بەڵام دەسەڵاتی ناوخۆ بە تەنیا ئەو توانایەی هەیە کێشەکە بەڕێوەبەرێت، وەك هەموو کات وابووە هاریکاریی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بناغەی کێشەکەیە، نەك هەریەکەیان بە جیا کاری خۆی بکات.

**ڕەچاوکردنی بنەما ئاکارییەکان بۆ بەڕێوەبردنی داتا دیجیتاڵییەکان**

*** لەگەڵ زیادبوونی بەهای داهاتەکان وەك سەرچاوەیەکی ئابووری، ئایا حوکمڕانیی گلۆباڵی چۆن دەتوانێت چارەسەری ئەو ترسە بکات، کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیی داتا و ئاسایشی داتا، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی پێشێلکردنی ئەم دواییەی داتاکان و خراپ بەکارهێنانیان؟ ئایا هیچ بنەمایەکی ئاکاری هەیە کە بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی داتاکان پەیڕەو بکرێت و لە ئابووریی دیجیتاڵیدا بەکاربهێنرێت؟**

- بەشێك لەم پرسە ئەوەیە کە بەهای داتاکان تەنیا سەرچاوەی ئابووری نین، بەڵکو ڕەهەندی غەیرە ئابووریی چارەنووسسازیان هەیە، وەك تایبەتمەندی و ئاسایشی کەسی و مافەکانی مرۆڤ، کاتێك تێکەڵ دەکرێن و بە شێوەیەکی نەگونجاو بەکار دەهێنرێن. بۆیە زەمینەیەك هەیە کە دەتوانرێت ئەو داتایانە لە بواری دەرەوەی ئابووری بەکار بهێنرێن، وەك تەندروستی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە، بۆیە پێشێلکردن، یان دەستخستە ناو داتاکان، تەنیا کاریگەریی ئابووریی دروست ناکات، بەڵکو ڕووداوێك دەخاتەوە کە دەرهاویشتەی «کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی» بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە من هەست بە نیگەرانی دەکەم کاتێك چەند دەوڵەت پەلە لەوە دەکەن، لە هەندێك پرس وەك دانوستاندن لەسەر بازرگانیی ئەلیکترۆنیی جیهانی بە ڕێگەی جێگیرکردنی داتاکان و شوێنی پارێزراو بۆیان، بەڕاستی ڕێککەوتنە بازرگانییە دیجیتاڵییەکان توانای دەوڵەتان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دیجیتاڵییان سنووردار دەکات.

ڕێکخراوی بازرگانی و پەرەپێدانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان «UNCTAD»، مەزندەی ئەوەی کردووە کە لە هەر پێنج دەوڵەت لەم جیهانەدا یەکێکیان، یاسای بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی داتا نییە، ئەوجا ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم یاسایەی بە ئاستێکی بەرزی کاریگەری تێدا جێبەجێ دەکرێت، ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم ئەوە بێت کە داتا وەك سەرچاوەیەکی ئابووری سەیری بکات و دەبێت دیالۆگی نیشتمانی لەسەر بکرێت و کۆدەنگی لەسەر دروست بکرێت و بپرسێت: بۆچی دەبێت بەها بۆ داتا دابنرێت؟ ئەو داتایانە کامانەن کە دەبێت کۆبکرێنەوە و چین ئەوانەی پێویست نین کۆبکرێنەوە؟ چۆن ئەو داتایانە ڕیك دەخەین و کۆگایان دەکەین؟ بۆ چ لایەك ڕێگە پێدراوە و بۆ کام مەبەست بەکار دەهێنرێن؟ من وا مەزندە دەکەم، وەڵامی ئەم پرسیارانە لەناو ١٩٥ دەوڵەتی جیهان هەرگیز وەك یەك نابن، تەنانەت لەناو ژمارەیەکی زۆر شارستانی و کۆمەڵگەکانی جیهانیش وەك یەك نابن.

**پێشخستنی داهێنانی دیجیتاڵیی گشتگیر**

*** لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زۆر خێرایەی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەخۆیەوە دەبینێت، ئایا کام هەنگاو پێویستە حوکمڕانیی گلۆباڵی هەڵیبگرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، لەوەی کە ئەو داهێنانە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە لێی سوودمەند دەبن، بەتایبەتی گرووپە لاواز و پەراوێزخراوەکان؟ ئایا سیاسەتی نیودەوڵەتی تا چەند پشتگیریی پەرەپێدانی ئەو تەکنەلۆژیانە دەکات کە چارەسەری ئالنگارییە جیهانییەکان دەکات، وەك گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و گرفتەکانی تەندروستی بەگشتی؟**

- هەنگاوی یەکەم پێویستە ئەو دابەشبوونە دیجیتاڵییەی ئێستا هەیە بە تەواوەتی تێپەڕێنین، لەم سەردەمەی ئێمەدا هیچ ڕێگرییەك نیە بۆ ئەوەی کەسێك هەتا ئەگەر کەسەکە زۆر سادەش بێت، دەستی نەگات بە ئامێرێکی دیجیتاڵی، یان وێبساتێك و لەگەڵیدا ئاگاداری پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان نەبێت، وەك حکومەتی ئەلیکترۆنی، چاودێریی تەندروستیی ئەلیکترۆنی و چەندین شێوازی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری بانکی کە لە سەرەتای ئەم دیدارەدا گفتوگۆمان لەسەر کرد. بۆیە گریمانەی ئەوەی حکومەت دەبێت چی بکات و هاووڵاتیان دەستیان بە ئامێرەکان ڕابگات، بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەربگرن، زۆر گرنگە و هاووڵاتیان ئەو مافەیان هەیە چاوەڕێی ئەو خزمەتگوزارییانە بن لە پێکهاتەی حوکمڕانییەکانیان.

دانانی پێوەر و ستاندەر، ژێرخانی سەرەکی و لێهاتوویی پێویستە، دابینکردنی بوودجە بۆ هەموو ئەمانە پڕۆژەیەکی نیشتمانیین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕاستییەش هەیە کە ئێمە لە جیهانێکی نایەکسان دەژین، کە بەشێکیان گوزەرانیان لەوانی دیکە زۆر باشترە.

**زۆر گرنگە لە وڵاتانی تەنگژە و پاش تەنگژە، پەرەپێدانی دیجیتاڵی و تێکەڵاوی پرۆسەی ئاشتی و دووبارە بونیادنانەوە و پەرەپێدان بکرێت**

**لەوانەیە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی کێشەکان زیاتر کەڵەکە بکات، بەتایبەتی ئەگەر دەستگەیشتن بە تەکنەلۆژیا لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان هاوسەنگ نەبێت**

**ڕێککەوتنە بازرگانییە دیجیتاڵییەکان توانای دەوڵەتان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دیجیتاڵییان سنووردار دەکات**

**ڕێکخراوی بازرگانی و پەرەپێدانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان «UNCTAD»، مەزندەی ئەوەی کردووە کە لە هەر پێنج دەوڵەت لەم جیهانەدا یەکێکیان، یاسای بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی داتا نییە**

# دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر سەنسیا دیان ڕۆدین، زانایەکی کۆمپیوتەر و ئامارە و تایبەتمەندە لە بواری فێرکردنی ئامێری زیرەکیی دەستکرد، هەر بەم کارەشی لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگی دەرکردووە و هەر خۆیشی بەڕێوەبەری تاقیگەی فێرکردنی ئامیری خاوەن توانای لێکدانەوە (Interpretable machine learning)یە و بە هۆی ئەم داهێنانە تازەیەشی لە ساڵی ٢٠٢٢ خەڵاتی سکویریل «Squirrel AI Award»ی بۆ زیرەکیی دەستکرد لە پێناوی بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی، لە کۆمەڵەی پێشخستنی زیرەکیی دەستکرد «AAAI» وەرگرتووە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم داهێنانە گەورەیە «ئامێری فێرکردنی خاوەن توانای لێکدانەوە - IML-» گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەم زانا گەورەیە ئەنجام داوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

### پرۆفیسۆر سەنسیا دیان ڕۆدین

بەڕێوەبەری تاقیگەی زیرەکیی دەستکرد لە زانکۆی دیوک بۆ گوڵان:

# مودێلی «خاوەن توانای لێکدانەوە»ی زیرەکیی دەستکرد توانای ئەوەی هەیە وێنەی باڵندەیەک بگرێت و بیناسێتەوە

**سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن**

**لە فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە - IML-**

* فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە - IML- لە ماوەیەکی کورتدا بایەخێکی زۆر گەورەی وەرگرت. ئایا فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە چییە؟ بۆچی بەکارهێنانی ئەم ئامێرەی زیرەکیی دەستکرد لەو بوارانەی کە زۆر گرنگن وەك «چاودێریی تەندروستی، دادوەریی تاوانکاری، کاروباری دارایی و.. هتد» هێندە بەگرنگ دادەنرێن؟

- لە پرۆسەی فێرکردنی ئامێریی خاوەن توانای لێکدانەوە، ئێمە مۆدێلیکی مەزندەکردن دروست دەکەین کە مرۆڤ تێیدەگات، ئەمە دەکرێت وەك مودێلێك لە خشتەی کارتەکەت دابینێیت، وەك سیستمێکی تۆماری سادە «simple scoring system» دەنووسیت ٣ خاڵ بۆ ئەمە، ٥ خاڵ بۆ ئەوی دیکە، دەکرێت نموونەیەکی لۆژیکی بن، ئەگەر ئەم مەرجانە جێبەجێ کران، ئەوجا دەکرێت پرسیاری لێ بکەیت، ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بوو، تۆ ئەو کارە ئەنجام دەدەیت؟، یان دەکرێت شانەی دەماغی خاوەن توانای لێکدانەوە «interpretable neural networks» بۆ بینینی کۆمپیوتەر بەکار بهێنرێت؟ واتە دەکرێت ئەم شانە دەماغییەی کۆمپیوتەر وێنەیەك بگرێت و لە میانەی بەراوردکردنی لەگەڵ بەشەکانی ئەم وێنەیە بە وێنەی دیکە بیر بکاتەوە، هەر بۆ نموونە ئەم باڵندەیە لەو باڵندەی دیکە دەچێت، لەبەر ئەوەی سەری لەسەری باڵندەکەی دی دەچێت، کەواتە ئەم باڵندەیە «بولبولی ڕۆبین»ـە، لەوانەیە باڵندەکەش هەمان بولبول بێت. بۆیە ئەمە بوارێکی زۆر زۆر فراوانە، ڕێگەیەك لەخۆی دەگرێت کە توانای مەزندەکردنی داتاکانی هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕەهەندە بەرزەکانی ئەم

داتایانە تێبگات، لەوەی ئایا چەند گرووپی هاوشێوە لە خاڵەکان هەن و ژمارەشیان چەندە.

لەم چوارچێوەیەدا توانای لێکدانەوەی فێرکردنی ئامێریی بۆ متمانەکردن بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی داتاکات تێکەڵە و تێکچڕژاون. هەر بۆ نموونە کاتێك ئەم داتایانە بەکار دەهێنرێت بۆ مودێلی سندوقی ڕەش «black boxmodel» بەو حیسابەی ئەم مۆدێلە کاتێك «ئین پووت» و «ئاوەت پووت»ی داتاکان دەکەیت، پارێزراوە، بەڵام هەموو هەڵە و خراپ بەکارهێنەکان لەناو ئەو سندوقە ڕەشەدایە و، ناشزانی لە کوێدان و کەی دەردەکەون. هەر بۆیە ئێمە ئەم مودێلە تازەیەی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە - IML-»مان پێش خست بۆ ئەوەی خۆمان لەو هەڵانە بەدوور بگرین کە لە سندوقی ڕەشدا ڕوو دەدەن، ئەمەش وای کردووە، ئێمە ڕێگە نەدەین کە مودێلی سندوقی ڕەش لە چارەسەری زۆربەی نەخۆشییە مەترسیدارەکان جێگەی پزیشك بگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم مۆدیلەی سندوقی ڕەشە گەلێك جار هەڵە دەکات و مەزندەکانی دروست دەر ناچن.

هەروەها لە بواری دادپەوەریی تاوانکاریدا، زۆربەی جار داتاکانی سندوقی ڕەش پڕیەتی لە هەڵە و لایەنگریکردن، بۆیە نامانەوێت بڕیاردان لەسەر ئازادیی کەسەکان بە ڕێگەی هەڵەیەکی چاپ بدرێت، ئەمەش ئەو ڕێگەیە نییە کە دادوەری تاوانکاری کاری پێبکات.

لە بواری داراییی، یان پێدانی قەرز وەك لە پرسیارەکەت ئاماژەت پێکردووە، دیسان هەست بە نیگەرانی دەکەین کاتێك هەڵە و کێشەکانی دیکەی سندوقی ڕەش کە بڕیاردانێکی هەڵە دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی دەرفەتێك بۆ ئەوەی خەڵکانێك قەرز لە بانك وەربگرن و بتوانن خانوویەك بۆ خۆیان بکرن. سەرنج بدە ئەم جۆرە بڕیاردانانە زۆر ترسناکن و دەبێت خەڵك تێبگات چۆن ئەم بڕیارانە دەدرێن.

هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی شێوازی کارکردنی مودێلی سندوقی ڕەش ڕوون بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ئەو تەفسیرانەی بۆ شێوازی کارکردنی ئەم مودێلە دەکران، هەڵە دەردەچوون، یان کەموکورتییی زۆریان هەبوو.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، تاقیگەکەی من «IML» خۆی لەوە بە دوور گرت، کە لێکدانەوە بۆ شێوازی کارکردنی سندوقی ڕەش بکات، لەبەر ئەوەی پێویستمان پێی نییە، بۆیە هەستاین بە دروستکردنی مودێلی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە» کە لێکدانەوەکانی زۆر زیاتر لە سندوقی ڕەش وردتر و جێگەی متمانەن، هەروەها مەزندەکانی زۆر بە وردی تەفسیر دەکات، کۆدی ئەم پڕۆگرامەی ئێمە بۆ هەموو کەسێك بەردەستە، هانی خەڵك دەدەین کە هەوڵ بدات، لە بری بەکارهێنانی سندوقی ڕەش، ئەم مودێلە تازەیە «IML» بەکار بهێنێت.

### ڕەچاوکردنی لایەنی ئاکاری
### لە بەرکارهێنانی مودێلی IML

*** شەفافییەت یەکێکە لە هەرە پرسە سەرەکییەکان لەکاتی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد- AI-دا، تاچەند ئێوە لە مودێلی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە»، چارەسەری پرسی شەفافییەت و بەرپرسیاریتان لە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد کردووە، بەتایبەتی کاتێك ئەم مودێلانە پەیوەندیان بەو بڕیارانەوە هەیە کە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی دروست دەکەن؟**

- بێگومان هەرگیز بەرپرسیاریەتی دروست نابێت، ئەگەر تۆ شەفافییەتی تەواوت لە دروستکردنی بڕیاردا دابین نەکردبێت، هەر بۆیە لە مودێڵی سندوقی ڕەش ئەم شەفافییەتە بوونی نییە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە مرۆڤ وەك بڕیاردروستکەر نەتوانێت خۆی تیکەڵاوی سندوقی ڕەش بکات و پێکەوە بڕیار دروست بکەن. لەبەر ئەوەی مرۆڤ و سندوقی ڕەش ناتوانن پێکەوە کار بکەن. لێرەدا پرسەکە بەم جۆرە دەکەوێتەوە، یان ئەوەیە سندوقی ڕەش خۆی بە تەنیا بڕیار دروست دەکات و مرۆڤ متمانەی پێدەکات، یان متمانەی پێ ناکات و مرۆڤ ناچار دەبێت، خۆی بڕیارەکە دروست بکات، بەڵام لەگەڵ مۆدێلی «IML» پرسەکە جیاوازە، ئەم مودێلە ئەو داتایانە ڕوون دەکاتەوە کە دروستکردنی مەزندەکردن بەکاریان دەهێنێت

**ئەم مودێلە تازەیەی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە - IML-»مان پێش خست بۆ ئەوەی خۆمان لەو هەڵانە بەدوور بگرین کە لە سندوقی ڕەشدا ڕوو دەدەن**

**هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی شێوازی کارکردنی مودێلی سندوقی ڕەش ڕوون بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوو**

**مودێلی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە» کە لێکدانەوەکانی زۆر زیاتر لە سندوقی ڕەش وردتر و جێگەی متمانەن**

و پیمان دەڵێت چۆن پێکەوە گرێیان دەداتەوە و بڕیارەکەی پێی دروست دەکات. بۆیە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لەوە تێدەگات کە مۆدێلەکە چۆن بیری کردووەتەوە و بڕیاری داوە و چۆن متمانەی پێ دەکات، هەر بۆ نموونە کاتێك تۆ داواکارییەك پێشکەشی بانك دەکەیت، بۆ ئەوەی قەرزێك وەربگریت، بەڵام ئەلگۆریزمەکە ڕەتی دەکاتەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر تۆ بەسندوقی ڕەش ئەم کارە بکەیت، ئەوا ئیدی تۆ دەکەویتە کێشە و هەموو دەرگاکان بەڕوودا دادەخرێن، بەڵام ئەگەر لەبری سندوقی ڕەش مۆدێلی «IML» بەکار بهێنرێت، ئەو داتا هەڵانە ئاشکرا دەکات کە لە بنەڕەتدا هەڵەن و بڕیارەکە ڕاست دەکاتەوە، واتە دەتوانرێت بڕیارە هەڵەکە ڕاست بکرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو نموونانەی کە مۆدێلی«IML» سیستمی شیکاری جێگیر « error-prone system.» بەهۆی بوونی شەفافییەتەوە ڕاستی دەکاتەوە.

**ئەپلیکەیشنی چاودێریی تەندروستی**
**لە مۆدێلی IML**

* ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ئامێرانە پشت بە زیرەکیی دەستکرد دەبەستن لەبواری چاودێریی تەندروستی و بەکارهێنیان لە بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا زیاتر دەبێت. ئایا مۆدێلی IML دەتوانێت چ ڕۆڵێك بگێڕێت لەوەی دڵنیامان بکاتەوە کە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی، نەك هەر تەنیا وردە، بەڵکو بە متمانەوە هەر دووڵا کارمەندانی تەندروستی و نەخۆشەکە لەوە تێدەگەن ئەم بڕیارە چۆن دراوە؟

- زۆر ئەپلیکەیشن هەیە کە شەفافییەت دەبێتە پێوەر بۆی، بۆ ئەوەی متمانەی پێبکرێت یان نە. پزیشکەکان خۆیان ئەمە باش دەزانن، بۆیە زۆربەی پزیشکەکان مۆدێلی سندوقی ڕەش بۆ بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی بەکار ناهێنن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بایەخی زیاتر بە نەخۆشەکانی خۆیان بدەن و ئەگەر بڕیارەکە هەڵە بێت، ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی دەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو داتایانەی مۆدێلی سندوقی ڕەش لەسەر تەندروستی کۆیان دەکاتەوە، وەك پێویست تەواو نین و قابیلی ئەوەیە هەڵەی تێدا بکرێت، بەڵام ئەو کۆمپانییانەی مۆدێلی سندوقی ڕەش دروست دەکەن، ڕیکلامی زۆری بۆ دەکەن، بەوەی زۆر دروست نەخۆشییەکە دەسنیشان دەکات و چارەسەری بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ پارە پەیداکردنە، ئەم پێکەوە گرێدانەوەی نەخۆش لەگەڵ سندوقی ڕەش بە تەواوەتی گێژاوێك دروست دەکات، لەبەر ئەوەی نەخۆش هان دەدات پشت بە دەستنیشانکردن و چارەسەری سندوقی ڕەش ببەستێت کە زۆر جار بڕیارەکانی هەڵە دەردەچن، هەر بۆ نموونە، یەکێك لە کۆمپانیاکان کە لەم لینکەدا « https://arxiv.org/pdf/2105.00060» و لە بەشی چوارەمدا بە شێوەیەکی زۆر ئایدیاڵی کۆمپانیاکە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە توانیویانە مەزندە بۆ پێدانی دەستکرد «IVF» بە ڕێگەی تێکەڵکردنی چەند کەسێکی سادەی دەستکرد زۆر فروانتر و تەواوتر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا AI پێویستی بەو جۆرە کەیسانە نییە، کە بۆ داتاکانی خۆی زیادی بکات، لەمەش زیاتر ئەوە ئاشکرایە کە هەموو کەسێك دەزانێت لە زۆربەی ئەو کەیسانەدا پێویستمان بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد نییە، لەم حاڵەتەدا کە متمانەت بە مۆدێلی سندوقی ڕەش نامێنێت، تۆ ئەگەر پەنا بۆ مۆدێلی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە- IML» نەبەیت، دەکەویتە ناو گێژاوێك و سەرت لێ تێکدەچێت.

**بەکارهێنانی IML لە دادوەریی تاوانکاریدا**
**هاوسەنگیی نێوان دادپەوەری و بەرپرسیاریەتی**

* بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە دادوەریی تاوانکاریدا، وەك ئامێرێك بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، جێگەی مشتومڕی زۆرە، لەبەر ئەوەی مەترسیی ئەوەی هەیە دادتاکان لایەنگری بکەن، یان بە هەڵە هەڵسەنگاندن بکەن، ئایا «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە» تا چەند دەتوانێت هاوکار بێت بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات داتاکان بەبێ لایەنگری بەکار بهێنرێت و هاوسەنگی لەنێوان دادپەوەری و بەرپرسیاریەتی ڕابگرێت؟

- من لەو بڕوایەدا نیم مۆدێلیکی دادپەوەری بوونی هەبێت، ئەگەر مۆدێلەکە خاوەنی توانای لێکدانەوە «interpretable» نەبێت، هەروەها

**زۆربەی پزیشکەکان مۆدێلی سندوقی ڕەش بۆ بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی بەکار ناهێنن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بایەخی زیاتر بە نەخۆشەکانی خۆیان بدەن**

**تیۆرێکی ماتماتیکیی سەرنجڕاکێشمان هەیە کە پیمان دەڵێت: بۆچی مۆدێلی «IML» زۆر بە باشی کاری لەناو بڕیارە سەخت و ترسناکەکان کردووە**

**مۆدێلی IML لە دروستکردنی ئەو بڕیارانەی زۆر ترسناکن زۆر وردترە لە مۆدێلی سندوقی ڕەش**

ناتوانێت توانای ئاشکراکردنی لایەنگیریکردنی هەبێت، ئەگەر بە ئاستێکی بەرز توانای لێکدانەوە «interpretability»ی نەبێت. هەر بۆ نموونە، زۆر جار خەڵك مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن، کە مودێلەکە پشتی بە کێبڕکێ بەستووە، یان نا، کە ئەم پرسە لای من هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو دەبێت بە کۆمپانیاکە بڵێن مودێلەکەی خۆی ئاشکرا بکات، ئەوکات زۆر بە ئاسانی ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پشتی بە کێبڕکێ بەستووە یان نا، هەندێك جار وا دەردەکەوێت کە مودێلەکە پشتی بە گۆڕاوێك «variable» بەستبێت، بەڵام دواتر دەبینین، پشتی بە هەندێك شتی دیکە بەستووە، کە پەیوەندی پێوەی هەیە، بۆیە هەموو ئەم مشتومڕەی ئێمە زۆر ئاسانتر دەبێت، ئەگەر بزانین بە دروستی لە سەرچی گفتوگۆ دەکەین.

> **کۆدی دروستکردنی مودێلی IML بەردەستە و هەموو کەسێک دەتوانێ دەستی بکەوێت**

### شەفافییەت لە بەرانبەر کاری وردی مودێلەکە بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی دروست

*** لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، زۆریی مودێلی زیرەکیی دەستکرد زۆر ئاڵۆزن، وەك مودێلی فێربوونی قووڵ «Deep Learning»، ئەم مودێلە کارێکی زۆر ورد پێشکەش دەکات، بەڵام لەسەر حیسابی توانای لێکدانەوە «interpretability»، ئایا چۆن دەتوانین هاوسەنگی لەنێوان کاری ورد و توانای لێکدانەوەی مودێلەکە دروست بکەین، بەتایبەتی لە دروستکردنی بڕیاری یەکلاکەرەوەدا؟**

- ئەو گریمانەیە دەکەین کە مرۆڤ لەسەری ڕاهاتووە، کە تیایدا باس لەوە دەکرێت کە دەبێت کاری ورد و توانای لێکدانەوە ئەمیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان بێت، بۆ ئەم قسەیە هێچ بەڵگەیەك نییە، لە بڕیارە هەستیار و مەترسیدارەکانیش ئەوەم نەبینیوە وردبینی لەسەر حیسابی توانای لێکدانەوە بێت، یان بە پێچەوانەوە. لە زۆربەی ئەو ئەپلیکەیشنانەی توێژینەوەم لەسەر کردوون، وەك «دیراسەتی کەرەستەی پزیشکی، ئامێری مۆنۆگرافی بۆ دەستنیشانکردنی گرێی مەمك، چاودێریکردنی دڵ و...هتد»، توانیومانە زۆر باش و باشتر بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی «IML» بە دەست بهێنین. ئەم ئەپلیکەیشنە زۆر بە ئاسانی هەڵەکان ئاشکرا دەکات و ڕاستیان دەکاتەوە، بۆیە توانیومانە مودێلێکی باشتر دروست بکەین، هەروەها تیۆرێکی ماتماتیکیی سەرنجڕاکێشمان هەیە کە پێمان دەڵێت: بۆچی مودێلی «IML» زۆر بە باشی کاری لەناو بڕیارە سەخت و ترسناکەکان کردووە، بۆیە کاتێك ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئایدیاڵی مەزندەی ئاکامەکان بکەیت، مودێلێکی سادە دەتوانێت وەك مودێلێکی ئاڵۆز هەمان مەزندە بکات، بۆیە ئەو گریمانەی تۆ کردووتە بە تەواوی هەڵەیە و دەتوانم بە شێوازی ماتماتیکیش بیسەلمێنم.

> **هیچ یاسا و ڕێسایەک سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆدێلی سندوقی ڕەش و مودێلی IML بوونی نییە، ئەمەش کۆمپانیاکانی هان داوە بە زیدەڕۆییەکی گەورە ڕێکلام بۆ فرۆشتنی مۆدێلی سندوقی ڕەش بکەن**

### دروستکردنی سیاسەت و شەفافییەت لە AI دا

*** چەند بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد زیاتر دەبێت، بە هەمان ئاست مشتومڕ لەسەر ڕێکخستنی شەفافییەتی زیرەکیی دەستکرد زیاتر دەبێت. ئایا ئەو ڕۆڵانە کامانەن کە دەیانبینی، سیاسەتسازان هاندەر بن بۆ پێشکەوتنی مودێلی IML؟ ئایا تا چەند ئەو ڕێکخستنانە دەبنە گەرەنتیی ئەم مودێلە کە بە شێوەیەکی ئاکاری و بەرپرسیارانە کار دەکات؟**

- پێموایە دەبێت ئەو بنەمایانە دابنێین کە ڕێگە نەدات مودێلی سندوقی ڕەش لە هەندێك لە بڕیارە پڕ مەترسییەکان بەکاربهێنرێت، یان لانیکەم دەبێت پاساوی زۆر بەهێز هەبێت، لێرەدا ناهاوسەنگیەکی هێز لەنێوان دیزاینەری ئەپلیکەیشنەکان و بەکارهێنەرانی ئەو ئەپلیکەیشنانە هەیە، کە ئاڵۆزیی دیزاینەکە دەبێتە بارگرانی بەسەر شانی خەڵکەوە، بۆیە پێویستە خەڵك بە دیزاینەرەکان بڵێن کە ئێمە ئامادە نین مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵۆزییەی ناو دیزاینەکانتان بکەین، کە زۆر پێویست نین و زۆر بە ئاسانییش زیانمان پێدەگەیەنن.

### ئایندەی مودێلی «IML» دەگاتە کوێ؟

*** ئایا ئەو بەرەوپێشەوەچوونانە چین کە بۆ داهاتووی «ئامێری فێرکردنی خاوەن توانای لێکدانەوە» مەزندەی دەکەیت، بەتایبەتی لە بواری فراوانکردن و بەکارهێنانی کردارەکیدا؟ ئایا مەزندە دەکەیت ئەو ئالنگارییانەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن، بۆ ئەوەی زیرەکیی دەستکرد بە وردی کار و لێکدانەوە بکات؟**




- من لێرەدا وشەی «خاوەن توانای لێکدانەوە» دەگۆڕم، لەبەر ئەوەی من نامەوێت باسی سندوقی ڕەش بکەم، بەڵکو لە بناغەوە مودێلی «فێرکردنی ئامێری خاوەن توانای لێکدانەوە - IML-» دروست دەکەم.

ئەم مۆدێلە توانای خۆ فراوانکردنی هەیە، یەکێك لە ئالنگارییەکان ئەوەیە کە هانی خەڵك بدەین، بە زۆری ئەم مودێلە بەکار بهێنن لەسەر بنەمای پرسیارەکەی پێشووت، کە مەزندەی ئەوە دەکەن مودێلی IML نەگاتە ئاستی ئەو وردەکارییەی کە پێویستە، بۆیە تەنیا دەبێت هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی خەڵکی دەستبەرداری ئەم ئەقڵییەتە بن و ئەوەش کارێکی زۆر قورسە. پێموایە بە تەنیا ئەم هۆکارە گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم مودێلی IML کە بە شێوەیەکی پراکتیکی بەکار بهێنرێت، بەپێی ئەزموونی خۆم ئەگەر خەڵك بە شێوەیەکی پراکتیکی شێوەی کارکردنی ئەم مۆدیلە ببینێت، جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مودێلی سندوقی ڕەش بەکار بهێنێتەوە.

### فراوانکردنی پشتبەستن بە مودێلی IML

*** ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە توێژەران، قوتابیان و مامۆستایان بیگرنە بەر، بۆ ئەوەی بە خێرایی لەگەڵ مودێلی IML ڕابێن و بەکاری بهێنن؟ ئایا چۆن دەتوانی لەوە دڵنیامان بکەیتەوە کە نەوەی داهاتووی زیرەکیی دەستکرد ئەولەویەت بە شەفافییەت بە هاوشانی ئەداکەی دەدات؟**

- بە چەند خاڵ وەڵامی دەدەینەوە:

١. دەبێت بزانن مودێلی IML لە دروستکردنی ئەو بڕیارانەی زۆر ترسناکن زۆر وردترە لە مودێلی سندوقی ڕەش.

٢. کۆدی دروستکردنی مودێلی IML بەردەستە و هەموو کەسێك دەتوانێ دەستی بکەوێت، بەکارهێنانیشی لە کۆدی بەکارهێنانی سندوقی ڕەش ئاسانترە، هەروەها دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی بەراوردی کاری وردی ئەم مودێلە لەگەڵ مۆدێلەکانی دیکە بکرێت.

٣. بەداخەوە هیچ یاسا و ڕێسایەك سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی مۆدێلی سندوقی ڕەش و مودێلی IML بوونی نییە، ئەمەش کۆمپانیاکانی هان داوە بە زیدەڕۆییەکی گەورە ڕێکلام بۆ فرۆشتنی مۆدێلی سندوقی ڕەش بکەن، کە مودێلی IML ئەو توانایەی هەیە ئەم لایەنە کۆنتڕۆڵ بکات.

٤. کۆرسەکانی فێربوونی ئامێر بە دەگمەن قوتابی فێری خاوەن توانای لێکدانەوە «In-terpretability» دەکەن، هەموو حەزیان لەوەیە فێری دوایین مودێلی گەورە و ئاڵۆز بن، کۆرسەکانی من بەپێچەوانەوە، ئەم کارە ناکات، تەنیا کار لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە پەروەردەکاران باشتر کارەکانیان بکەن.



ئارام شەعبان

شارەزای دارایی و مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# سیاسەتی بەغدا بۆ برسیکردن و نەدانی بوودجەی هەرێم فۆرمێکی نوێی ئەنفال و تیرۆری داراییە لە دژی خەڵکی کوردستان

# دەربازبوون لە شەڕی ئابووری پێویستی بە ستراتیژیەتێک هەیە بۆ ئەوەی ئالنگارییەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواری وەکو فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بەردەوام سیاسەتی برسیکردن و بڕینی بوودجە و دواخستنی مووچە پیادە دەکرێت، ئەمەش لەپێناو لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و نانەوەی قەیرانی دارایی. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکدا لەگەڵ ئارام شەعبان، شارەزای بواری دارایی لە بەشی دارایی و بانکی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین ئەم پرسەی تاوتوێ کرد.**

* کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواری وەکو فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، وێڕای قەیرانی دارایی هەنگاوی باشی ناوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ بەهێزکردنی ئابووری تاچەند ئەم کابینەیە توانی خۆڕاگر بێت و بەسەر ئالنگارییەکاندا زاڵ بێت؟

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیرانی دارایی و سیاسیی گەورە بوویەوە، بەتایبەتی بە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی نەوت و دواتر ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، سەرەڕای ئەمانە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، کابینەکە هەوڵی داوە لە ڕێگەی چەندین پلان و ستراتیژەوە خۆڕاگر بێت و بە دیدگەیەکی جیهانبینی و ئایندەبینییەوە ڕووبەڕووی ئالنگارییەکان ببێتەوە، بۆ نموونە لە بواری فرەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەی داهاتەکاندا بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم جەخت لەسەر کەمکردنەوەی وابەستەیی بە نەوت دەکاتەوە و پەرەی بە کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتیاری داوە، لەم پێناوەشدا دروستکردنی بەنداوەکان و پۆند و باشترکردنی سیستمی ئاوبەخشین بۆ کشتوکاڵ، یەکێکە لە هەنگاوەکانیان، کە دەتوانێت بەرهەمی ناوخۆیی زیاد بکات، هەروەها هەنگاوێکی دیکەی کابینەکە بریتی بووە لە دۆزینەوەی بازاڕی نێودەوڵەتی بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییە نێوخۆییەکان و دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانیی ستراتیژی. لەلایەکی دیکەوە کابینەکە تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی چاکسازیی دارایی و جەنگ دژی گەندەڵی ئەنجام بدات، ئەمە وێڕای بەدیجیتاڵکردنی مووچەکان لە ڕێگەی پرۆژەی «هەژماری من» و بە ئەلیکترۆنیکردنی کۆمەڵێك وەزارەت کە هەمووی کۆمەڵێك هەنگاوی بێ وێنە بوون بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و باشترکردنی بەڕێوەبردنی داهات و بەرهەمداریی کەرتی گشتی.

* بەڵام ئەم حاڵەتە لە عێراق جیاوازە، هەرچەندە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی هەوڵی بۆ داوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە تاچەند هێزە سیاسییەکانی عێراق و حکومەتی ناوەند کاریان لەسەر شێوازی مامەڵە و ئامادەکارییەکان کردووە، بەتایبەتی لەڕووی دارایی و ئابوورییەوە؟

- حکومەتی ناوەند بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی هەوڵی داوە چەند هەنگاوێك بنێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەدا، بەڵام ئامادەکارییەکانی لاوازن و هەنگاوەکان و بڕیارەکان بە دیدگەیەکی جیهانبینی

**لە بواری فرەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەی داهاتەکاندا بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم جەخت لەسەر کەمکردنەوەی وابەستەیی بە نەوت دەکاتەوە و پەرەی بە کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتیاری داوە**

**بەدیجیتاڵکردنی مووچەکان لە ڕێگەی پرۆژەی «هەژماری من» و بە ئەلیکترۆنیکردنی کۆمەڵێک وەزارەت کە هەمووی کۆمەڵێک هەنگاوی بێ وێنە بوون بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و باشترکردنی بەڕێوەبردنی داهات و بەڕێوەبردنی داهات و بەرهەمداریی کەرتی گشتی**

**عێراق تا ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت (نزیکەی ٩٥٪ی داهاتی گشتی)یە و کەمترین هەنگاو بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی و پێشخستنی بەرهەمی نێوخۆیی ناوە**

**ڕێژەی متمانەی هاووڵاتیی عێراقی بە سیستمی بانکی بەردەوام لە دابەزیندایە، ئەوەتا لە ساڵی ٢٠٢٤ سپاردە بانکییەکان بە ڕێژەی ٩٪ کەم بووتەوە**

**ناکۆکیی نێوان گرووپە سیاسییەکان و بوونی گرووپی نادەستووری، توانای وڵاتەکە بۆ دامەزراندنی ستراتیژییەکی یەکگرتووی حکومەتداری کەم دەکاتەوە**

و ئایدیۆلۆژیایەکی شەفافی حکومەتداریدا نانرێن، بۆ نموونە:

پلانە ئابوورییەکان: حکومەت پرۆژەیەکی وەك «ڕێگەی پەرەپێدان»ی پێشکەش کردووە، کە مەبەستە عێراق بکاتە ناوەندێك بۆ بازرگانیی نێودەوڵەتی، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بە هۆی کەمیی سەرمایە و ناسەقامگیریی سیاسییەوە سستە. عێراق تا ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت (نزیکەی ٩٥٪ی داهاتی گشتی)یە و کەمترین هەنگاو بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی و پێشخستنی بەرهەمی نێوخۆیی ناوە.

ناچالاکیی سیستمی بانکی: هەرچەندە بانکی ناوەندی هەوڵێکی زۆر و وزەیەکی زۆری خستووەتەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پارەدان و بانکی ئەلیکترۆنی، بەڵام بە پێچەوانەی پێشبینییەکان، ڕێژەی متمانەی هاووڵاتیی عێراقی بە سیستمی بانکی بەردەوام لە دابەزیندایە، ئەوەتا لە ساڵی ٢٠٢٤ سپاردە بانکییەکان بە ڕێژەی ٩٪ کەم بووتەوە.

هێزە سیاسییەکان: ناکۆکیی نێوان گرووپە سیاسییەکان و بوونی گرووپی نادەستووری، توانای وڵاتەکە بۆ دامەزراندنی ستراتیژییەکی یەکگرتووی حکومەتداری کەم دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ئامادەکارییەکانی عێراق بە تەواوی لەگەڵ قەبارەی گۆڕانکارییەکان نەگونجاون، چونکە کەمتر لە ١٪ی بوودجە بۆ پەرەپێدانی کەرتەکانی دیکە تەرخان دەکرێت و سیستمی بانکیی پێشکەوتوو نییە بۆ پشتگیریکردنی وەبەرهێنان.

*** ئایا سزای دارایی و بانکی لەسەر حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی جێبەجێ دەبێت، ئەگەر گوێ بە داواکارییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا نەدات؟**

- لە ڕوانگەی دارایی و نێودەوڵەتییەوە، ئەگەر عێراق گوێ بە هۆشدارییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا نەدات، (بەتایبەتی لەسەر بابەتەکانی وەك سپیکردنەوەی پارە، بازرگانی لەگەڵ ئێران، یان گەندەڵی و پارەدارکردنی گرووپە میلیشا نافەرمی و نادەستوورییەکان)، ئەگەری جێبەجێکردنی سزای دارایی زۆر نزیکە. ئەمریکا کۆنترۆڵێکی گەورەی لەسەر سیستمی بانکی نێودەوڵەتی (SWIFT) و بازرگانیی دۆلار هەیە و داهاتی نەوتی عێراق ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکادایە، سزاکان دەتوانن بەم شێوەیە بن، سنووردارکردنی حەواڵە و گواستنەوەی پارە: بانکی ناوەندیی عێراق لەوانەیە نەتوانێت دۆلار بە شێوەیەکی ئاسایی بگوازێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی توانای فرۆشتنی نەوتە بە دۆلار و داهاتی گشتی کەم دەکاتەوە.

ئەوەتا لە ساڵانی ڕابردوودا گەنجینەی ئەمریکا چەندین بانکی عێراقی بە تۆمەتی سپیکردنەوەی پارە و بەشداریکردن لە بە قاچاخبردنی دۆلار بۆ وڵاتانی دیکە و بەشداریکردن لە گەندەڵی سزا داوە و ئێستاش مەترسیی سزادانی بانکەکانی دیکە ئەگەرێکی کراوەیە، چونکە سیستمی دارایی عێراق سیستمێکی ڕێکخراوەیی و شەفاف نییە. لەبیرمان نەچێت کە عێراق بە هۆی ئابڕووچوونی ناسراو بە «دزی سەدە» دوو ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری لە ڕێگەی ئەو بانکە حکوومییانەوە لێ دزراوە و تاکو ئێستاش پارەکە نەگەڕێندراوەتەوە.

*** یەکێکی لە ئەکادیمیستە ئابوورییەکان و ئامادەبوونیشت هەیە لە کۆڕبەندە سیاسی و ئابوورییەکاندا، ئایا بەردەوامیی سیاسەتی برسیکردن و جەنگی ئابووری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرانبەر گەلی کورد و کوردستانییان بۆ چ مەبەست و مەرامێك دەگەڕێتەوە؟**

- لە ڕوانگەی ئابووری و ستراتیژییەوە، سیاسەتی «برسیکردن» یان کەمکردنەوەی داهاتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ چەندین مەبەست، وەکو کۆنترۆڵی سیاسی: کەمکردنەوەی داهات وەك ئامرازێك بەکار دەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی توانای کوردستان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی، ئەمەش پەیوەندیی بە پاشخان و مەرام و ئامانجی سیاسییە پیلانگێڕییە دێرینەکەی بەغدا و حکومەتە یەك بە دوا یەکەکانیەوە هەیە.

سەرچاوەکان: نەوت و داهاتی گشتی وەك خاڵی جەنگی نێوان هەردوولا بەکار دەهێنرێت، بەغدا دەیەوێت کۆنترۆڵی تەواوی سەرچاوەکان بکات و هەرێم بە بوودجەی ناوەندی وابەستە بکات، ئەمەش فۆرمێکی نوێی ئەنفالکردن و

ئاوارەکردنە کە بە تیرۆری دارایی دادەنرێت.

ئابووری: بە نەدانی پشکی هەرێم لە بوودجەی گشتی، بەغدا دەیەوێت پارەی زیاتر بۆ گرووپ و میلیشیاکانی و بەرژەوەندییەکانی خۆی تەرخان بکات و وا پیشانی خەڵکی خۆی بدات، کە گوایە لە پێناو سەروەریی عێراقدا دەجەنگێت. بەڵام دەرئەنجامەکەی تەنیا برسیکردنی هاووڵاتی کوردە، ئەم کارەی حکومەتی ناوەندی کردارێکی نامرۆڤانە و خواستی دوژمنکاری ئاشکرا و خواستی هەندێك لە سەرانی بەغدایە بۆ دووبارە چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد.

لە روانگەی ئابووری و یاساییەوە، کەمکردنەوەی داهاتی هەرێم و نەدانی پشکەکەی لە بوودجە و هەوڵدان بۆ پێشێلکردنی دەستوور، لە بنەڕەتدا هەوڵێکی رەشە کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی سیستمی فیدراڵی و نەهێشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

*** لە روانگەی رەهەندە ئابوورییەکانەوە کورد چۆن دەتوانێت لە ناو دەوڵەتێکی شکستخواردووی مەرکەزیی ئاخنراو لە رق و کینەدا مامەڵە بکات و خۆی لە شەڕی ئابووری دەرباز بکات؟**

- لە روانگەی رەهەندە ئابوورییەکانەوە، لە دەوڵەتێکی وەك عێراق کە تێیدا لەجیاتی حکومەتێکی یەکگرتوو و رێکخراویی، عەقڵییەتی هۆزایەتی و لایەن و کوتلە ئامانج جیاوازەکان تێیدا باڵادەستن و ناسەقامگیریی سیاسی و مەزهەبی و گەندەڵی تێیدا لە ئاستێکی ترسناکدایە، کورد دەتوانێت کۆمەڵێك پلان و هەنگاوی ستراتیژیی دوورمەودا و زانستی بنێت و تا رادەیەك وابەستەیی خۆی بە ئابووریی عێراق و بوودجەی حکومەتی ناوەندییەوە کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئابووری و دارایی زیاتر مسۆگەر بکات وەکو:

أ. پەرەپێدانی کەرتە نانەوتییەکان (کشتوکاڵ، پیشەسازی، تەکنۆلۆژیا) و دروستکردنی بازاڕی ناوخۆیی بەهێز. حکومەتی هەرێم بوارێکی زۆری لە بەردەمدایە تاکو بتوانێت پسپۆڕی زیاتر لە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا دروست بکات و پێشی بخات.

ب. دامەزراندنی سەندووقێکی نیشتمانیی تایبەت بە پاشەکەوتکردنی داهاتی گشتی Investment Fund و دواتر وەبەرهێنانکردن و بەگەڕخستنی ئەو داهاتانە لە سەندووق و ئامرازە داهات جێگیر و کەم مەترسییەکانی وڵاتانی دیکە و بازاڕە داراییە سەقامگیر و گەورەکانی جیهانی.

ج. بوارێکی دیکە کە تاکو ئێستا حکومەت گرنگیی پێی نەداوە، بریتییە لە هەڵسەنگاندن و سوودوەرگرتن لە بازاڕی دراوە رەمزدارەکان (کریپتۆ) بەتایبەتی کۆینێکی وەکو بیتکۆین. زۆرێك لە وڵاتانی جیهان وەکو ئەمریکا، چین، ئۆکرانیا، ئێل سالڤادۆر، فینلەندا، جۆرجیا و... هتد لە ریزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە خاوەندارێتیی بیتکۆین دەکەن. ئێمە کۆمەڵێك گەنجی خاوەن توانامان هەیە کە بە شێوەیەکی زانستی و کرداری مامەڵە لەگەڵ ئەو بازاڕەدا دەکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی نێو ئەو بازاڕەن و، دەرفەت و مەترسی و ئالنگارییەکانی دەزانن و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، دەکرێت دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست بکرێت کە بە هۆیەوە هەم هەلی کار بڕەخسێندرێت، هەمیش داهاتێك دێتە ناو خەزێنەی حکومەت و چیتر لەم رەوتە خێرایەی کریپتۆ و گۆڕانکارییەکانی جیهانی دارایی و تەکنۆلۆژیا (بە تایبەتی بلۆکچەین) دوا ناکەوین.

د. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی: پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهاتی جێگرەوە، یانیش دروستکردنی فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەر حکومەتی بەغدا بۆ کەمکردنەوەی گەمارۆ و گوشارە سیاسی و ئابووری و داراییەکانی سەر هەرێم.

ه. چاکسازیی ناوخۆیی: بەهێزکردنی سیستمی بانکی و کەمکردنەوەی گەندەڵی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان.

و. گرنگیدان بە وزەی نوێبووەوە: سەرمایەگوزاری لە وزەی خۆر و با دەتوانێت کوردستان لە رووی وزەوە سەربەخۆتر بکات.

لە کۆتاییدا، دەربازبوون لە شەڕی ئابووری پێویستی بە ستراتیژیی درێژخایەن و یەکگرتوویی ناوخۆیی و هەڵسەنگاندن و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە هەیە لە گۆڕینی فۆرمی ئابووریی وڵات و گۆڕینی ئالنگارییەکان بۆ دەرفەت.

**گەنجینەی ئەمریکا چەندین بانکی عێراقی بە تۆمەتی سپیکردنەوەی پارە و بەشداریکردن لە بە قاچاخبردنی دۆلار بۆ وڵاتانی دیکە و بەشداریکردن لە گەندەڵی سزا داوە**

**عێراق بە هۆی ئابرووچوونی ناسراو بە «دزی سەدە» دوو ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری لە رێگەی ئەو بانکە حکوومییانەوە لێ دزراوە و تاکو ئێستاش پارەکە نەگەڕێندراوەتەوە**

**حکومەتی هەرێم بوارێکی زۆری لە بەردەمدایە تاکو بتوانێت پسپۆڕی زیاتر لە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا دروست بکات و پێشی بخات**

**سەرمایەگوزاری لە وزەی خۆر و با دەتوانێت کوردستان لە رووی وزەوە سەربەخۆتر بکات**

# داد پەروەری لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

مافەکانی مرۆڤ بەپێی مێژووی دەرکەوتنیان وەك زاراوە و چەمك، بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕ بوون، کە هەر قۆناغێکی وەك نەوە پۆلێن کراون، بۆ نموونە:

یەکەم: نەوەی یەکەمی مافەکانی مرۆڤ: پێیان دەڵێن «مافە شینەکان»، ئەوانەش ئەو مافانەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە دۆزەکانی ئازادی و بەشداریکردنی سیاسی دەدەن.

دووەم: نەوەی دووەمی مافەکانی مرۆڤ: پێیان دەڵێن «مافە سوورەکان»، کە بریتین لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان.

سێیەم: نەوەی سێیەمی مافەکانی مرۆڤ: پێیان دەڵێن «مافە سەوزەکان»، کە بریتین لە مافی ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و مافی گەشەپێدانی بەردەوام و دانانی میکانیزمی دەستووری و یاسایی، بۆ پاراستنی ئەم مافانە بە مەبەستی خۆلادان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کۆمەڵگە و گەلان، وەك: ململانێ ئابووری و بازرگانییەکان، فشاری کۆچی زۆرەملێ و بەکۆمەڵ، لەدەستدانی ئاسایشی خۆراك، دەرکەوتنی قەیرانی تەندروستی، هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی و جیهانی.

بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو کۆمەڵە مافانەی کە بە نەوەی سێیەمی مافەکانی مرۆڤ ناسراون، وەك: مافی مرۆڤ بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و مافی مرۆڤ لە گەشەپێدانی بەردەوام بە مانای پاراستنی ژینگە



لە پێناوی نەوەکانی ئێستا و ئایندەدا، زۆر چەمکی دیکەش خرانە پاڵ چەمکی گۆڕانی کەشوهەوا، وەك چەمکی دادپەروەریی کەشوهەوا.

دادپەروەریی کەشوهەوا بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو بارگرانییە ناهاوسەنگەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کۆمەڵگە هەژار و پەراوێزخراوەکان و، هەوڵدان بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی بارگرانیی ئەو کاریگەرییانە لەسەر ئاستە نێوخۆیی و نیشتمانی و جیهانییەکان، لە ڕێگەی ئەو دەستپێشخەرییانەی پشت بە تیۆری مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی نێوخۆیی ژینگەیی دەبەستن.

دادپەروەریی کەشوهەوا لە چەند ئاستێکدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت وەك:

ئاستی یەکەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان دەوڵەتەکاندا، کە ئەمەش دوو جۆر دادپەروەری لەخۆ دەگرێت:

١- دادپەروەریی لە دابەشکردندا: بەمانای دابەشکردنێکی عادیلانەی ئەرك و بارگرانییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە تازە گەشەکردووەکاندا.

٢- دادپەروەریی لە قەرەبووکردنەوەدا: بە مانای قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتە هەژار و زیانلێکەوتووەکان و تازە گەشەکردووەکاندا لەلایەن دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە لە ڕووی گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و دارایی پێویست، بۆ دابینکردنی تێچووی پڕۆژەکانی کەمکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئاستی دووەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دادپەروەری لە ڕووی بەکاربردن و بەکارهێنانی دەرامەتە ژینگەییەکان، بە جۆرێك کە کاریگەریی خراپ و زیانبەخش بەجێ نەهێڵێت، بۆ دەیان، یان سەدان ساڵی دواتری نەوەکانی داهاتوو.

ئاستی سێیەم: بەدیهێنانی دادپەروەریی کەشوهەوا لە نێوان کۆی تاکەکانی هەمان کۆمەڵگە و، جەختکردنەوە لەسەر داڕشتنی یاساو ڕێنمایی دادپەروەرانە بۆ هەمووان بەگشتی و، بۆ توێژە زیاد زیانلێکەوتووەکان و خاوەن توانا لاوازەکان بەتایبەتی بە هۆی گۆڕانی کەشوهەواوە.

لێرە و لە کۆتاییدا وەك بیرخستنەوەیەك، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە گرنگترین بنەماکانی چەمکی دادپەروەریی کەشوهەوا بدەین کە بریتین لە:

یەکەم: بنەمای پێشگیری و ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە.

دووەم: بنەمای چاککردن و بووژاندنەوەی ژینگە.

سێیەم: بنەمای سزادانی سەرپێچیکاران و ناچارکردنیان بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.

چوارەم: بنەمای کارکردن بە بەرپرسیاریێتیی هاوبەش لە ئامانج و جیاواز لە هۆکاردا.

پێنجەم: بنەمای گەشەپێدانی بەردەوام بە قازانجی ئێستا و داهاتوو.



پەیام دارا:

# لەگەڵ کارەکەم ئاسوودەم، چونکە دڵنیام لەوەی هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە



**پەیام دارا خانمە گەنجێکی لێهاتوو و بە سەلیقەی شاری سلێمانییە و وەکو سەدان خاوەنکاری دیکە توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەهرە و تواناکانی یەکبخات و ببێتە خاوەنکار و داهاتی خۆی.**

**پەیام دارا ئامادەیی بازرگانی سلێمانی تەواو کردووە و خێزاندارە دایکی کوڕێکی جوانە، لەم هەڤپەیڤینەدا ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«کاتێك دەستم بە کارکردن کرد ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوومەوە، بەوەش زۆر ماندوو دەبووم و ئەو قسەو ڕەخنانەی بەرانبەرم دەکران زۆر بێزاریان دەکردم، بەڵام ئەو ناخۆشییانەم تێپەڕاند و لە ئێستادا لەگەڵ کارەکەم زۆر ئاسوودەم، چونکە دڵنیام لەوەی ئەو کارەی کە دەیکەم هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، سەرەتا بە کاری دەستی هاتمە ناو دونیای کارکردن، کاتێکیش بڕیاری ئەوەم دا پەیجێك بۆ نیشاندانی کارە دەستییەکانم دابنێم، بیرم لەوە کردەوە کە ئەو خواردنانەی دروستیان دەکەم و ئەو کارانەی ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەم، لە پەیجەکەم دایانبنێم هەم بینەرەکانم سوود لە ئەزموونی من ببینن و هەم منیش سوود لە بینەرەکانم ببینم، بەڵام بەهۆی لە دایکبوونی کوڕەکەم و کەمی کات ماوەیەك لە کارەکەم دابڕام و دواتر بەردەوام بووم، هەرچەندە ماوەی چەند مانگێکی کەمە خۆم دەردەکەوم، پێشتر دەرنەدەکەوتم تەنیا فێرکارییەکانم بڵاو دەکردەوە».

پەیام دارا بەمجۆرە باس لە ئامانجی لە کارکردن و دەرکەوتنی دەکات و دەڵێت: «ئامانجم ئەوەیە بە هەموو خانمان بڵێم کاتێك تۆی خانم بەهرە و لێهاتوویيت هەیە، دەتوانیت لە ماڵەکەی خۆت و لە ڕێگەی مۆبایلەکەی دەستت ئیش لەسەر توانا و بەهرەکانت بکەیت و ببیتە خاوەن داهات و ئابووری خۆت، خوای گەورە هێزی لە ڕادەبەدەری بە ئافرەت بەخشیوە، لەبەر ئەوە ئافرەت لە یەك کاتدا دەتوانێت هاوسەرێکی سەرکەوتوو و دایکێکی پڕ ئەزموون و کاراکتەرێکی بەسوود بێت بۆ خۆی و بۆ دەوروبەری، لەبەر ئەوە پێویستە چێژ لە ژنبوونی خۆمان ببینین، هەرچەندە بۆ دایکێك کە دەیەوێت دەربکەوێت کارێکی زۆر قورسترە بەراورد بە کەسێکی دیکە، چونکە ئەرکی دایکایەتی و ماڵ بەڕێوەبردن لە ئەستۆی خودی ئافرەتدایە، سوپاس بۆ خوا خێزانەکەم بە هەموو شێوەیەك هاوکاریم دەکەن و هیچ ڕێگرییەکیان بۆ دروست نەکردووم، بەڵکو بوونەتە هۆکاری سەرکەوتنەکانم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئامانجم لە دەرکەوتنم ئەوەیە بە گەنجان و نەوجەوانان بڵێم دەتوانن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن بە سەرچاوەی زانیاری بۆ کارەکانی ڕۆژانەیان و وەکو کارئاسانییەك بەکاربهێنن و سوودی لێ ببینن».

> **خێزانەکەم بە هەموو شێوەیەک هاوکاریم دەکەن و هیچ ڕێگرییەکیان بۆ دروست نەکردووم، بەڵکو بوونەتە هۆکاری سەرکەوتنەکانم**

ئەو خانمە دەسترەنگینە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تاچەند گرنگ و پێویستە کچان و ئافرەتان ئیش بکەن و خاوەنکار و داهاتی خۆیان بن؟ ئەو گوتی: «زۆر پێویستە خانمان خاوەنکاری خۆیان بن و لەسەر پێیەکانی خۆیان بوەستن و چاوەڕێی دەستی کەس نەکەن، زۆر ئارەزووی ئەوە دەکەم لە داهاتوودا کارێکی تایبەت و شوێنێکی تایبەتم هەبێت، تاوەکو بتوانم دەستی چەند خانمێکی دیکە بگرم و بیانهێنمە ناو بازنەی کار و بژێوی پەیدا کردن، وەکو ئافرەتێك زۆر بە کارەکەم دڵخۆشم و شانازی بە تواناکانم دەکەم، چونکە کارەکەم هەڵبژاردەی خۆمە، بە بۆچوونی لە ئێستادا بلۆگەری ڕۆڵێکی زۆر باشی هەیە و هەمان کاری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات، لە هەمان کاتیشدا کار ئاسانی بۆ ناساندن و ناسینی بەرهەمەکان و فێربوونی ئەو کارانەی کە تاکەکان ئارەزووی فێربوونی دەکەن».

> **خوای گەورە هێزی لە ڕادەبەدەری بە ئافرەت بەخشیوە و ئافرەت لە یەک کاتدا دەتوانێت هاوسەرێکی سەرکەوتوو و دایکێکی پڕ ئەزموون و کاراکتەرێکی بەسوود بێت**

پەیام دارا لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «زۆر سوپاسی تەواوی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەگەر بە وشەیەکیش بێت پشتگیری منیان کردووە و بۆ بەردەوامبوونم هانیان داوم، داواکارم ئەگەر هەر هەڵە و کەموکوڕییەکیش لە هەر بابەتێك یان شتێك هەبووبێت بمبوورن، دواجار ئێمە مرۆڤین و ئەگەری هەڵە و کەموکوڕیمان هەیە».

> **ئارەزووی ئەوە دەکەم لە داهاتوودا کارێکی تایبەت و شوێنێکی تایبەتم هەبێت، تاوەکو بتوانم دەستی چەند خانمێکی دیکە بگرم و بیانهێنمە ناو بازنەی کار**

## بێگەرد عەلی:

# ئاستەنگیی زۆرم تێپەڕاند و توانیم ببم بە خاوەنکار و داهاتی خۆم هەبێت



«هەر لە منداڵییەوە حەزی خواردن دروستکردنم هەبوو، کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم یاری ماڵە باجێنەمان دەکرد، من هەموو کات ڕۆڵی دایکم دەبینی و ماڵەکەم ڕێکدەخست و خواردن و میوەکانم ڕیز دەکرد، حەز و خولیای خواردن ئامادەکردنم لەو کاتەوە لە لا دروست بوو، سەرەتا بە مرەبا دروستکردن دەستم بەو کارە کرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە دەڕۆیشتینە مارکێتەکان بۆ مرەبا کڕین دەمبینی مرەباکان هەمووی لە قووتووکراو بوون، ئەوەش زیانی بۆ تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی هەیە».

بێگەرد عەلی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «لەبەر ئەو هۆکارە لە ساڵی ٢٠١٧ بڕیارمدا بە دروستکردنی مرەبا کارەکەم دەست پێ بکەم، لەلایەکی دیکەشەوە هەستم بەوە کرد کە ئێمە خاوەنی ئەو هەموو میوە کوردییە سرووشتییە بۆن و بەرامە خۆشەین، بۆیە بیرم لەوە کردەوە مرەبای میوە سرووشتییەکان ئامادە بکەم و ئاشنای کڕیارانی بکەم، تاوەکو لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە کڕیاران بە ئۆنلاین داوای بکەن و بە دەستیان بگات، لە

**زۆرن ئەو ئافرەتانەی لە پێناو سەلماندنی بوونی خۆیان لە کۆمەڵگەدا، شەو و ڕۆژیان خستووەتە سەر یەك و بەربەستەکان تێکدەشکێنن، بێگەرد عەلی خانمە چێشتلێنەرێکی بە توانای شاری سلێمانییە و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە فێرکاری خواردن و شیرینییەکانی بە بینەرەکانی ئاشنا دەکات، هەر لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە بەرهەمەکانی بە بازاڕ دەکات. بێگەرد عەلی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەزموونی سەرکەوتنی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دەستپێکی کارەکەمدا ئاستەنگیی زۆرم تێپەڕاند دواتر سوپاس بۆ خودای گەورە توانیم بەسەر هەموو بەربەستەکاندا زاڵ بم و ببم بە خاوەنکار و داهاتی خۆم».

سەبارەت بە ئامانجی لە کارکردندا گوتی: «بە بارودۆخی گەرمی و ساردی زۆردا ڕۆیشتووم و هەوڵی زۆرم داوە تا بەم ڕۆژە گەیشتووم، پشت بەخوای گەورە سەرکەوتوو بووم لە خزمەت کردن. ئامانجی سەرەکی من لە کارەکەمدا هێشتنەوە و پاراستنی شێوازی دروستکردنی خواردنە ڕەسەن و کوردەوارییەکانی تایبەت بە ناوچەکەمە، هەروەها ناساندنی خواردنە کوردەوارییەکان بە هەموو جیهان، چونکە خواردن و شیرینی بەشێکە لە کلتووری هەر نەتەوەیەك، هاوکات دوای گەورەکردنی ئیشەکەم خەونی ئەوەم هەیە هاوکاری ئەو خانمانە بکەم کە لێهاتوو و خاوەن بەهرەن، ئەویش لە ڕووی ڕەخساندنی هەلی کار لای خۆم و دەمەوێ بەپێی پێویست هاوکاریان بم».

بێگەرد عەلی سەبارەت بە پاڵپشتی خێزانەکەی هێما بۆ ئەوە دەکات «دوای خودای گەورە خێزانەکەم پاڵپشتی سەرەکی منن، ئێمە بە خێزانی کاردەکەین، لە ساڵی ١٩٩٧ ژیانی هاوبەشیم پێکهێناوە و دایکی کچێك و دوو کوڕم، لە پێناو خزمەتکردنی خێزانەکەم دامەزراندنی کەرتی حکومیم ئەو کات ڕەتکردەوە، چونکە ژیانی خۆم بۆ بەختەوەی خێزانەکەم تەرخان کردووە، هاوسەرەکەم بازاڕی کردنم بۆ دەکات، کچەکەشم پەیجەکەم بۆ بەڕێوە دەبات.

بە هاوسەنگی ڕاگرتنی کاتەکانم و دابەشکردنی کارەکانم توانیومە گرنگی بە کارەکەم و خێزانەکەشم بدەم بێ ئەوەی هیچیان فەرامۆش بکەم، کاتەکانی ڕۆژانەم بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان و خزمەتکردنی ماڵەکەم بەڕێدەکەم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەردەوام هەوڵی فێربوون و خۆپێگەیاندن دەدەم».

ئەو خاتوونە چێشتلێنەرە لە کۆتایی قسەکانیدا سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکات و دەڵێت: «لێرەوە دەمەوێت زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان بکەم کە ئەم دەرفەتە جوانەیان بە من بەخشی، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم لە پای ناساندن و دەستگرتنی ئافرەتانی خاوەنکار، ئامۆژگاریشم بۆ خانمان ئەوەیە لەو بەهرەیەی کە هەیانە هەوڵی کارکردن و خۆپێگەیاندن بدەن، چ کاری نانکردن و هەویرکاری و چێشتلێنان بێت یان کاری دوورمان و دەستڕەنگینی بێت، تاوەکو ببنە خاوەن داهاتی خۆیان، چونکە ئەو داهاتەی کە بە ڕەنجی شان و هیلاکی بازوو بە دەست بێت گەورەترین سەرکەوتن و دەستکەوتە، پێویست دەکات خانمانی خاوەنکار کۆڵنەدەن و ساردنەبنەوە، دڵنیابن لەوەی کە دەگەن بە ڕۆژانێك ڕۆژە سەختەکانیان دەبن بە یادگارییەکی شیرین و دەبن بە هۆکاری گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن

**هەر لە منداڵییەوە حەزی خواردن دروستکردنم هەبوو، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم یاری ماڵە باجێنەمان دەکرد، من هەموو کات ڕۆڵی دایکم دەبینی**

**ئامانجی سەرەکی من لە کارەکەمدا هێشتنەوە و پاراستنی شێوازی دروستکردنی خواردنە ڕەسەن و کوردەوارییەکانی تایبەت بە ناوچەکەمە**

**دوای گەورەکردنی ئیشەکەم خەونی ئەوەم هەیە هاوکاری ئەو خانمانە بکەم کە خاوەن لێهاتوویی و بەهرەن، ئەویش لە ڕووی ڕەخساندنی هەلی کار لای خۆم**

هونەرمەند حەسەن شەریف
بۆ گوڵان:

# حەز دەکەم هەندێک گۆرانی فۆلکلۆری بەشێوازێکی نوێ پێشکەش بکەم و بە پاکی رایانبگرم



حەسەن شەریف، لە ١٩٦٩ لە گوندی کێستەی سەر بە پارێزگای دهۆک لەدایکبووە، لە تەمەنی ١١ ساڵییەوە دەستی بە ژەنینی ساز کردووە، لە ١٩٨٥ یەکەم بەرهەمی بەناوی ‹تەمبوورا من› و ساڵی دواتر ١٩٨٦ بەرهەمێکی دیکەی بەناوی ‹باران باری› بڵاوکردووەتەوە.

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٩٥ کوردستان بەرەو سوید جێدەهێڵێت و ئێستا لە باشووری کوردستان ژیان بەسەر دەبات و خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانییە.

**حەسەن شەریف دەربارەی سەرکەوتنی لە تێکستە کلاسیکییەکان دەڵێت:**

شیعرە کلاسیکییە کوردییەکان بە هەردوو شێوەزارەکە تا رادەیەك لە یەکتر نزیکن، چونکە توانیویانە تەنانەت تێکەڵێك لە شیعری عەرەبی و فارسی و تورکیش بەکاربهێنن لە شیعرەکانیاندا، من چۆن شیعری کرمانجیم کردووە بە گۆرانی بەو شێوەیەش حەز دەکەم شیعرەکانی شێوەزاری سۆرانیش بکەم بە گۆرانی و لەگەڵ چەند برادەرێك وەك ئەمین بۆتانی هەوڵمداوە سوود لە شیعری سۆرانی وەربگرم، شیعرە کلاسیکییەکانی حاجی قادری کۆیی و دڵدار و شاعیرانی پێش ئەوانیشم زۆر خوێندۆتەوە و شارەزاییم لێیان هەیە، بەڵام فۆنەتیکی ئەم شیعرانە پێویستیی بە هاریکاری هەیە، بەڵام لە بەرنامەمدایە شیعری هەورامانی و زازاکی و ئەوانیش تریش بکەم بە گۆرانی بە هاوکاری چەند برادەرێك.

**هەروەها باس لە گۆرانی وتن بە شێوەزارە جیاجیاکان دەکات و دەڵێت:**

ئەم دیاردەیە زۆر کۆنە و پێشتریش چەندین هونەرمەند ئەم کارەیان کردووە هەر لە محەمەد شێخۆ و تەحسین تەهاو تایەر تۆفیق و پێش ئەوانیش محەمەد عارف ئەم کارەیان کردووە ئەویش لە عەشقیان بۆ لێك نزیك کردنەوەی دیالێکتە کوردییەکان ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت جۆرێك تاموچێژی تایبەتی هەیە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی نەنگ بێت.

**دواتر باسی لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆی کرد و وتی:**

بەراستی ئەم جۆرە کارانە لە دڵ و ویژدانی میللەتاندا دەمێننەوە و رادەی حەز کردنیان بۆ گۆرانییەکە، ئەم بڕیارە پێویستە میللەت بیدات، لە شێوەی دەنگ و چۆنییەتی هەڵبژاردنی تێکستەکان، پێموایە ستایلی من جیاواز و تایبەتە لە دەڤەری بادینان، توانیومە هەندێك کار بکەم لە خەباتی هونەری شۆڕشگێڕی، هەروەها لە بواری فۆلکلۆر چەندین بەرهەمی کۆنم نوێ کردۆتەوە و پێشکەشی جەماوەرم کردووە، بە جۆرێکی وا هەست دەکەم خۆم دروستم کردووە هەرچەندە خۆیان فۆلکلۆرین ئەمەش لە ئەنجامدانی هونەرێکی بێگەردەوە خۆی دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کاتێك هونەرمەند دەبینێت گەنجان گۆرانییەکانی دەڵێنەوە هەست دەکات کە جۆرە کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر جەماوەر، سەرەڕای ئەوەش ئەو مافە بەخۆم نادەم و میللەت دەبێ بڕیاری لەو جۆرە بدات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا چ کاتێک باشە بۆ ئەوەی هونەرمەند واز لە کاری هونەری بهێنێت، حەسەن شەریفی هونەرمەند دەڵێت:

- ئەو کەسەی کە بەهرەمەند بێت لە هونەر زۆر زەحمەتە ئەو بڕیارە بدات، چونکە تەنانەت ئەگەر لە ماڵی خۆیشی کاری هونەری بکات هەر دەبێت، بەڵام هونەرێکی بێگەرد نەك لاسایی و تەنیا بۆ دەرکەوتن بێت، پێموایە کە هونەرمەند کارێکی دەگمەن و ناوازەی پێشکەش کرد کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە دڵیان بوو و لێی رازی بوون و بزانێت ئایا تا چەند دەتوانێت بەردەوام بێت، چونکە هیچ کەسێك تا هەتایە لە یەك ئاستدا نابێت، ئەو کات هونەرمەند دەتوانێت بەشێوازێکی دیکە کاری هونەری بکات، ئێستا هەندێك هونەرمەند هەن پێموایە ئەگەر بە شێوازێکی دیکە کاری هونەرییان بکردایە و دەستی هونەرمەندە گەنجەکانیان بگرتایە بە ئاواز و هۆنراوە باشتر بوو بۆیان، من خۆم حەز دەکەم هەندێك گۆرانی فۆلکلۆری بەشێوازێکی نوێ پێشکەش و نوێیان بکەمەوە یان کارێکی دیکەی هونەری ئەنجام بدەم بەجۆرێك ئەو هونەر پاك و بێگەردەی پێشکەشم کردووە هەر بە پاکی رایبگرم و وەك سەروەتێك بۆ میللەت بەجێ بهێڵێت و دەست لە کارەکانی دیکە بەردات بۆ ئەوەی هەر بە پاکی بمێنێتەوە.

**سەبارەت بەو هونەرمەندانەی چەندین ساڵ کاریان کردووە و ئەو هونەرەی پێشکەشیان کردووە دەڵێ:**

من وادەبینم کە هونەرمەندە کۆنەکان و هونەری کوردی کۆن گەنجینەیەکی گەورەن، ئەرشیڤێکی زەبەلاح و دەوڵەمەندیان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە کە پێویستە هونەرمەندانی ئەمڕۆ کاری لەسەر بکەن، و نوێکردنەوە و زیندووکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کارێکە دەبێت ئەنجام بدرێت، ئێمە پێویستیمان بەوەیە هونەرەکەمان بە نەوەی لاوەکانمان و نەوەی نوێمان بناسێنین، و ئەمەش ئەرکێکە دەبێت هەموو هونەرمەندێک هەڵیبگرێت » .



### شێوەکار نەورۆز شەهاب بۆ گوڵان:

# هونەرمەند کار لەسەر ڕۆحیەت و زیندوویەتی هەستی نێوان تابلۆ و بینەر دەکات

**هونەرمەندی بواری شێوەکاری نەورۆز شەهاب، کە لەدایکبووی شاری کۆیەیە، کارەکانی بە شێوازێکی کوالێتی و سەردەمیانە پێشکەش دەکات و خاوەنی چەندین تابلۆی جوان و سەرنجڕاکێشە. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ «گوڵان» وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە کارەکانی دەداتەوە.**

*** پەیامی تۆ بۆ هونەری وێنەکێشان چییە؟**

- تابلۆی زیندوو ئاخاوتنێکی بێدەنگ و ئارامە لەگەڵ ئەو هەستانەی کە دەیانەوێت ئارامی و فرەجوانی لە ڕێگەی چێژی ڕەنگەکانەوە ببینن.

*** چیت هەیە بۆ ئەو شێوەکارانەی نرخێکی زۆری ماددی دەخەنە سەر تابلۆکانیان؟**

- نرخ لە بەهای تابلۆکەدایە، چونکە ئەفرێنراوە، خۆی نرخی خۆی دیاری دەکات نەک ئێمە بۆی دیاری بکەین.

*** دروستکردنی تابلۆیەک تێچووەکەی زۆر نییە، بەڵام بۆچی نرخەکەی زۆرە؟**

- بە پێچەوانەوە، تێچووی تابلۆ زۆرە ئەگەر لەسەر بنەمای باشیی کوالێتی و کەلوپەلەکان بێت. بەڵام هەموو وێنەکێشێکیش ئەم کوالێتییە بەرزە بەکار ناهێنن، بەڵکو کەلوپەلی هەرزان بەها بەکار دەهێنن کە ئەمانە تەنیا وەک فێرکاری بەکار دێن. خۆم بەرزترین کوالێتی بەکار دەهێنم، جگە لە کات ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بۆیە نرخی تابلۆکەم گرانتر دەبێت.

*** خەڵک بەگشتی حەز بە چ تابلۆیەک دەکەن بۆ هەڵواسین؟**

- ئەوە دەکەوێتە سەر هەست و حەزی کەسەکە بەرانبەر بابەت و ڕەنگ و جۆری تابلۆکە، بەڵام بە گشتی تابلۆی سروشتی زیاتر داوا دەکرێت.

*** بە حوکمی ئەوەی تۆ شێوەکارێکی بە ئەزموونی، ئایا ئەوانەی بوونەتە شێوەکار شایانی ئەوەن پێیان بڵێین هونەرمەندی شێوەکار؟**

- منداڵیش دەتوانێت وێنە بکێشێت، بەڵام مەرج نییە هەموو وێنەکێشێک هونەرمەند بێت، چونکە هونەرمەند کار لەسەر ڕۆحیەت و زیندوویەتی هەستی نێوان تابلۆ و بینەر دەکات.

*** بۆ ئەوەی ببیت بە شێوەکارێکی بەتوانا دەبێت چ تایبەتمەندییەکت هەبێت؟**

- قووڵبوونەوە بۆ ناو ناخی تابلۆکە، خۆ ونکردن لە ناو فەنتازیای دەروونی تابلۆ، جوانترین چێژ بە تابلۆ دەبەخشێت، ئەوە گەورەترین هونەری تابلۆیە.

*** چ شتێک لە کار ساردت دەکاتەوە یان بێزارت دەکات؟**

- کاتێک خەڵک لە بەهای تابلۆی ڕاستەقینە نازانێت، نرخ بۆ بەهای تابلۆی ساختە دادەنێت.

*** تا چەند لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەی هاوبەشدایت؟**

- کارێکی باشە بۆ بەیەک ناساندنی بەرهەمەکانی هونەرمەندان و دەربڕینی ئاخافتن و بیروڕای جیاواز لەناو هونەرمەندانداا، دواتریش بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی کارەکانیان.

*** هاوخەم و هاوسۆزی کارەکانت کێن؟**

- دایکم و هاوسەرەکەم و هەموو ئەوانەی کە حەزیان بە سەرکەوتن و بەردەوامییەکانمە.



*** ئایا مەرجە هەموو تابلۆیەک پڕ نهێنی و شاراوە بێت؟ واتە بۆ بینەران پێویستی بە شیکردنەوە بێت؟**

- هونەری ڕەنگ واتا دەرخستنی سێبەری پشت ڕەنگەکان لە ناو جەستەی تابلۆدا. ئەگەر ئێمە نەتوانین شاراوەکان لە ڕێگەی ڕەنگ و تابلۆوە بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە، ئەی گەورەیی و پیرۆزی و پەیامی هونەر لە چیدایە و خزمەتی کێی پێ بکەین؟ هونەر زانستێکی قووڵ و بێ کۆتایە، بۆیە پێویستە هەمیشە ڕەنگی تابلۆکان وەک وشەی پەرتووکەکان لە خزمەت خەڵک و کۆمەڵگەدا بن، بەڵام شێواز و تابلۆی تریش هەیە، کە هونەرمەند تەنیا بۆ خزمەتی خۆی بەکاری دەهێنێت، بەوەی کە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانی خۆی و ناخی خۆی لەسەر تابلۆ هەڵدەڕێژێت، ئەوە شتێکی دیکەیە و پەیوەندیی بە هونەرمەند خۆیەوە هەیە.

*** چ شتێک زۆر سەرنجت بەلای دروستکردنی ئەو تابلۆیانەدا ڕادەکێشێت؟**

- تا ئێستە زۆرترین تابلۆی شێوەکاریم کێشاوە و تابلۆکانیش جۆراوجۆرن. هەیانە بە کاغەز و قەڵەم دروستم کردوون، تابلۆی ترم بە خەڵووزی ڕەش و سپی یان ڕەنگاوڕەنگ دروست کردووە، هەروەها تابلۆم کێشاوە بە ڕەنگی ئاوی، بەڵام زۆربەیان ڕەنگە ڕۆنییەکانن. جگە لەوانەش تابلۆی شێوە هێڵکاریم زۆر دروست کردووە، بەڵام ئەم جۆرەیان تێگەیشتن لێی کەمێک سەختە و هەموو کەسێک وا بە ئاسانی لە ماناکانی ناگات. هۆکاری دروستکردنی ئەو تابلۆیانەش واقیعی ئێستەی کۆمەڵگەکەم و زەوتکردنی مافی ئافرەتی کورد و چەوساندنەوەیەتی، هەروەها خەبات و شۆڕشی گەلی کورد و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆرستان. هاوکات سروشت و جوانی کوردستان کاریگەری زۆریان بەسەرمەوە هەیە و وام لێدەکەن وێنەی شێوەکاری لەسەر هەموو ئەو واقیعانەدا بکێشم، بۆ نموونە دیارترینیان ڕووداوەکەی شنگال و جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان و بردنی کچان و ژنانی شنگال و فرۆشتنیان لەلایەن داعشەوە، بۆیە دەمەوێت هەموو ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە نیشانی گەلانی تری بدەم.



# ئاریانا گراند بە ماچکردنی دەستی نیکۆڵ کیدمان جەماوەر سەرسام دەکات



ئاریانا گراندە و نیکۆڵ کیدمان لە مەراسیمی خەڵاتکردنیان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «پاڵم سپرینگز» پێکەوە لەسەر فەرشی سوور دەرکەوتن و بە دەرکەوتنیان و پێگەی خۆیان لەسەر فەرشی سوور بووە بابەتی سەرەکیی فیستیڤاڵەکە.

ڕۆژنامەی ئەسۆشیێتد پرێس گرتە ڤیدیۆییەکی گرتووە، کە ئەو دوو ئەستێرەیە دەستیان لە ناو دەستی یەکتر ناوە، لەکاتێکدا وەستابوون بۆ وێنەگرتن، ئاریانا گراندیش دوای ئەوە بە کاردانەوەی خۆی هەموانی سەرسام کرد، کاتێك بۆ سڵاوکردن لە نیکۆڵ کیدمان خۆی چەماندەوە، پاشان دەستی ماچ کرد، کە ئەستێرە ئوسترالییەکەی سەرسام کرد، بۆیە بە هەمان شێوە خۆی چەماندەوە بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکات.

هەرچەندە ئاریانا گراند و نیکۆڵ کیدمان تا ئێستا پێکەوە کاریان نەکردووە، بەڵام پاڵێوراو بوون بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمی میوزیکیی نێتفلێکس The Prom لە ساڵی ٢٠٢٠.

کیدمان لە کاتی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی کە لەلایەن «جەیمی لی کورتیس»ەوە پێشکەشی کردبوو، نەیتوانی فرمێسکەکانی خۆی ڕابگرێت، دوای ئەوەی خەڵاتەکەی پێشکەش بە دایکی کرد، کە بەم دواییە لەکاتی بەشداریکردنی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ڤێنیز لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ٨١ هەمین خولیدا کۆچی دوایی کرد.

لەو بارەیەوە کیدمان گوتی: «هەموو ژیانی پیشەیی من بۆ دایکم و باوکم بووە، ئێستاش لێرە نین.» هاوکات گوتیشی: «دەمەوێت بەردەوام بم لە کارکردن و پێشکەشکردن بە جیهان، داوای لێبوردن دەکەم بۆ گریان، نەمدەویست ئەوە بکەم، بەڵام ئێستا هەست بە بوونی دایکم دەکەم لەگەڵم، ئەم خەڵاتە بۆ تۆیە دایە. پێشتریش باسی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆیی کردووە، لەو ڕووەشەوە گوتبووی: «دایکم دڵی خێزانەکەمان بووە و پشتیوانی سەرەتایی من بووە، بوونم لە ڤێنیز لەم ماوەیەدا زۆر قورس بوو، بەڵام هەستم دەکرد لێرە بوونم ڕێزلێنانێکە بۆ ئەوەی فێرتکردم سەبارەت بە کۆڵنەدان و هێز».



## نیللی مەقدسی:

# سەرکەوتنی کارەکانم سەرچاوەی دڵخۆشیمە

لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا خانمە هونەرمەندی لوبنانی «نیللی مەقدسی» تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی، کە هەندێکیان بۆ یەکەمجارە باس دەکرێن، بەتایبەتی بابەتە سۆزداری و ژیانی، هەستەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان.

سەبارەت بە ڕوخساری ڕەسەن و سەرنجڕاکێشی، بەتایبەت کە هەنگاوی زیادە دەنێت بۆ ئەوەی بە باشترین جلوبەرگەکەیەوە دەربکەوێت، دەڵێت،ئەم بابەتە ئەو یەکێك نییە لە بنەڕەتەکان، ڕاستە زۆر گرنگی بە شێوەی دەرەکی و ڕەفتار و قسەکردن و ڕەنگینییەکەی خۆی دەدات، بەڵام ناوەرۆکەکەی لای ئەو لە پێشینەیە.

نیلی سەبارەت بە مەزاجی خراپ دەڵێت: «کاتێك ڕووبەڕووی هەر کێشەیەك دەبمەوە، زۆر کاریگەر دەبم پێی، بەتایبەتی کە من کەسێکی هەستیارم، ڕەنگە ڕووخساری دەرەکیم ئەوە دەربخات کە دڕندەم، بەڵام زۆر سۆزدارم و هەموو شتێك کاریگەریی لەسەرم هەیە».

نیللی جەختی لەوەش کردەوە، ئەو ژیانی خۆی خۆش دەوێت و پێی ڕازییە بەهۆی ئەوەی لە لایەن خێزانێکی خۆشەویستەوە پارێزراوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە سەرچاوەی بەختەوەرییەکەی لە کوێیە؟

نیللی ئاماژەی بەوەدا کە سەرچاوەی دڵخۆشییەکەی لە سەرکەوتنی کارەکەیدایە، یان کاتێك خێزانەکەی بە دڵخۆشی دەبینێت، یان کاتێك کەسێکی گونجاوی دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و خێزانێك پێك بهێنێت، ئەگەر کەمێك لە هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنێت، بێگومان هەست بە دڵخۆشی دەکات.

ئیمان بارزان
ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی کچانی شارەزوور:

# بەهۆی بەردەوامبوونم وەک یاریزان ناتوانم ئەرکی ڕاهینەرایەتیی یانەکان بگرمە ئەستۆ

**یاریی فوتساڵ یەکێکە لەو یارییانەی کە لە دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستان گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، دەڤەری شارەزووریش یەکێکە لەو دەڤەرانەی کوردستان کە کچانی ئەم ناوچەیە لە یاریی فوتساڵدا قۆناغی باشیان بڕیوە و چاویان لەوەیە بگەنە ئاستێکی بەرزتر، یەکێك لە ڕاهێنەرە دیارەکانی ئەم ناوچەیەش کە بەردەوام وەکو یاریزان و ڕاهێنەر کە ڕۆڵی بەرچاوە بۆ خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە کچە ڕاهێنەر «ئیمان بارزان»ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ـە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکانە لە زانکۆی هەڵەبجە، پێشتریش یاریزانی یاریی فوتساڵ بووە و لە چەندین یانەی جیاجیا یاریی کردووە، ئێستاش ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی کچان شارەزوورە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.**

*** ئاستی یاریی تۆپی پێی فوتساڵ چۆن دەبینی؟**

- جێگەی خۆشحاڵی و شانازییە کە بەراورد بە ساڵانی پێشوو بەرەو پێشتر چووە، یانەکان ڕوو لە زیادبوونن و یاریزانی بەهرەمەند و ئاست بەرز هاتوونەتە پێشەوە و بەردەوام ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونە.

*** بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی بۆ ماوەیەکی کەم تا چەند سوود بە یاریزانان دەگەیەنێت؟**

- ناتوانین بڵێین هیچ سودی نییە، بەڵام ڕێکخستنی پاڵەوانێتی بەشێوەیەکی بەردەوام و گونجاو هۆکارێکی باشە تا یانەکان و یاریزانەکان بەشێوەیەکی باشتر بەردەوامی بدەن بە چالاکییەکانیان و ئامادەکاریی زیاتر بکەن بۆ پاڵەوانێتییەکان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی پێی فوتساڵی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

-خزمەت و پشتگیریی یاریزانان و یانەکان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە تا بتوانن هەفتانە درێژە بە ڕاهینان و ئامادەکارییەکان بدەن و بەشێوەیەکی باشتر و ڕێکخراوتر ئامادەی پاڵە وانێتیسەکان بن، کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکان و گرنگی پێدان بە وەرزشی کچان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان بەگشتی پاڵنەرێکی گرنگە تا وەرزشی کچان بەگشتی و تۆپی پێی فوتساڵ بەتایبەتی بەرەو پێش بچێت و چەق بەستوو نەمێنێتەوە!

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی پێی فوتساڵ لە چیدا دەبینی؟**

-کاتی بەڕێوەچوونی خولەکان و نەبوونی یاریگەی پێویست زۆربەی کات گرفتن لەبەردەم یانەکاندا.

*** بڕیارت نەداوە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیس یانەیەك بگریتە ئەستۆ؟**

-لەئێستادا بەهۆی بەردەوامبوونم وەك یاریزان ناتوانم ئەرکی ڕاهینەرایەتی یانەکان بگرمە ئەستۆ، بەڵام خۆشحاڵ دەبم لە داهاتوو بتوانم وەك ڕاهێنەر خزمەت بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-هەنگاوێکی باشە بۆ بەرەوپێشچوون و باشتربوونی



ئاستی یانەکان، بێگومان یاریزانان و ڕاهێنەرانی بیانی لەئاستێکی جیاوازدان، بەخۆشحاڵییەوە لەئێستادا یاریزانان و ڕاهێنەرانی ناوخۆ بەراورد بە ساڵانی پێشوو نوێنەرایەتیی یانەکانی دەرەوەن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم بەشێوەیەکی باشتر بەراورد بە ڕابردوو هەنگاوی گەورە بنرێت بۆ خزمەتکردن و پشتگیریکردنی وەرزش بەگشتی و وەرزشی کچان بەتایبەتی، بێگومان پشتگیری و پاڵپشتی بەردەوامی ئەوان پاڵنەرێکی گەورە دەبێت بۆ باشتربوون و بەرەوپێشچوونی یاریزانان و یانەکان.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- بەدەستهێنانی نازناو و بوون بە یاریزانێکی ئاست بەرز لە نێوخۆ و لە دەرەوە.

*** کردنەوەی ئەم فێرگانە تا چەند سوودی هەیە بۆ دۆزینەوەی یاریزانان؟**

-بێگومان سودێکی زۆر باشی دەبیت لە دروستکردن و پێگەیاندنی یاریزاناندا، تابتوانن لە داهاتوودا لە یانەکاندا خۆیان ببیننەوە و خزمەت بکەن، بەخۆشحاڵییەوە بەشێکی زۆری یاریزانە لاوەکان لە ئێستادا شانبەشانی یاریزانە ئاست بەرزەکان لە خولەکاندا دەبینرێن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەرکەوتنی یانەکاندا.

***ئێوە بە چ شێوازێك بەدوای یاریزانان دەگەڕێن؟**

- نزیکەی سێ ساڵە فێرگەکەمان وەك تاکە فێرگەی تۆپی پێی کچان لە شارەکەماندا بەردەوامی هەیە، بۆ خزمەت و پێگەیاندنی یاریزانانە لە ڕووی ئەکادیمییەوە، هەر فێرخوازێك ئارەزوومەند بیت دەتوانیت لە گەڵمان بەردەوام بێت، خۆشبەختانە بەشێك لە فێرخوازەکانمان بوونەتە جێگەی سەنجی ڕاهێنەرانی یانەکان و گرێبەستیان لەگەڵ یانەکان هەیە، هەتا چەند فێرخوازیك هەنگاوی گەورەتریان ناوە بۆ بانگهێشت کردنیان لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراقدا.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- بەهیوام لە بوارەکەی خۆمدا بتوانم خزمەتێکی باش بکەم و ببمە پاڵنەرێکی گەورە لە بەرەوپێشچوونی وەرزشی کچاندا.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس و پێزانینی تایبەتم بۆ خزمەتتان بە وەرزش و وەرزشکاران بە گشتی، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

# پاڵەوانێتیی فوتساڵی کچان و باڵەی کوڕانی پەروەردەکان بەڕێوە دەچێت



بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزش و دێدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یارییە وەرزشییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەی قەزاکان، بڕیارە لە ٤/١٤ و ٤/٢١ هەردوو پاڵەوانێتیی باڵەی کوڕان و فوتساڵی کچان بۆ پەروەردەکانی «ناوەندی هەولێر، دەوروبەر، بنەسڵاوە، کۆیە، خەبات، شەقڵاوە، پیرمام، مەخمور) بەڕێوە ببات، یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییەش هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر بەڕێوە دەچێت. لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش «فەرهاد ئیبراهیم» بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزش و دێدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو بەرنامەی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، ئەم ساڵ لە بەرنامەماندایە ئەم دوو چالاکییە وەرزشییە بۆ پەروەردەی قەزاکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر ئەنجام بدەین، ئامانجمان ئەوەیە بتوانین خزمەت بە وەرزشی ناوەندەکانی خوێندن بکەین لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، پەروەردەی قەزاکانیش ئامادەکاریی باشیان کردووە بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە بۆ هەردوو یارییەکانی باڵەی کوڕان و فوتساڵی کچان، کە بڕیارە لە ڕۆژانی ٤/١٤ و ٤/٢١ یارییەکانی لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە بچێت»، گوتیشی: «سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین کەوا هاوکاری و پاڵپشتیی باشی کردوین بۆ ئەنجامدانی ئەم دوو پاڵەوانێتییە، دەمانەوێ وەرزشی قوتابخانەکان لە ئاستێکی بەرزتردا بێت و ئەوەی لە توانامان بێت بۆ خزمەتکردنی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن ئەنجامی دەدەین».

# ئەمین ئیبراهیم دەچێتە پاڵەوانێتیی تایکواندۆی جیهانی



پاڵەوانێتیی تایکواندۆی جیهانی بڕیارە لە مانگی ٥ی داهاتوو یارییەکانی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵبژاردەی نیشتمانیی وڵاتان، لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوە بچێت، هەڵبژاردەی نیشتمانیی تایکواندۆی عێراقیش بە کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرز و پاڵەوان، بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە جیهانییە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك یاریزانی کورد لە کێشە جیاوازەکان هاوشانی هەڵبژاردەی عێراقی دەبن لەم پاڵەوانیەتییە جیهانییەدا. شاری هەولێر تاکە یاریزانی کوردی لە کێشەی ٣٧کگم بەشدار دەبێت ئەویش یاریزانی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان «ئەمین ئیبراهیم» پاڵەوانی عێراق و باشترین شەرکەری کیشوەری ئاسیایە لەم پاڵەوانێتییەدا بەشدارە، بۆ ئەم مەبەستەش یاریزان ئەمین ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو یاریزانێکی کوردی ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی، بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە جیهانییە دەکەم، چاوم لەوەیە بتوانم بە ئەنجامی شایستە و مەدالیا بگەڕێمەوە کوردستان،

# هەڵۆ
# بۆ خولی نایابیش سوپرایزی دەبێت



یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان نوێنەری دەڤەرەکەیە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو، جگە لەوە نوێنەری دەڤەری ئیداری سەربەخۆیی سۆران دەبێت لە خولەکە، ئەمساڵ شانبەشانی یانەی قەڵادزێ توانییان سەرکەون بۆ خولی نایاب، هەر چەندە تاکو دوایین یاریی خولەکە سەرکەوتنی هەڵۆ دیار نەبوو، یانە کە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان٣١خاڵی کۆ کردەوە بە پلەی دووەم سەرکەوت، بەڵام بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان، یانەکەی دەڤەری بارزان سوپرایزی دەبێت. لە بارەی سەرکەوتنی یانەی هەڵۆ «ئەحمەد خەلیل» جێگری سەرۆکی یانەی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە ئامانجی خۆمان هەبوو، هەر لە سەرەتاوە بە بەهێزی هاتینە نێو کێبڕکێیەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان، خولەکە هەفتە لە دوای هەفتە یارییەکانی قورستر دەبوون، ئێمەش وەکو یانەی هەڵۆ لە دەڤەری بارزان ئامانجی سەرەکیمان لەم وەرزە گەیشتن بوو بە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان. بە پاڵپشتیی دەستەی کارگێڕیی و یاریزانان توانیمان ئامانجەکەمان بپێکین، بۆ خولی نایابی کوردستانیش بۆ وەرزی تازە سوپرایزی گەورەمان دەبێت و چاومان لەوەیە بتوانین ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین و پلانی باشمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەین».



بۆ ئەم مەبەستەش دوو یەکەی مەشقی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لە وڵاتانی ئێران و سربیا ئەنجام دەدەم، دواتر دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و لەوێشەوە بۆ وڵاتی ئیمارات، دەچین بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە»، هەروەها گوتیشی: سوپاسی ڕاهێنەری تیپەکەم مامۆستا عەلی سەرکەوت دەکەم کە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لەم پاڵەوانێتییە بەدەست بهێنین.

# چۆن بە خێرایی کۆلیستیرۆڵ دادەبەزێنیت؟



کۆلیستیرۆڵ لە خانەکانی لەشدا هەیە، ئاستی دروستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا پێویستە بۆ تەندروستیی خانە و شانەکانی لەش، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکات، بۆیە پێویستە کە دابەزێنرێت جا بە پارێزی خۆراك یان دەرمان یان هەردووکیان بەیەکەوە، هەروەها دەتوانرێت کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ بە چەند گۆڕانێك لە ستایلی ژیاندا تا ڕادەیەکی باش دابەزێنرێت کە بریتین لە:

- گۆڕینی خۆراك بە شێوەی: کەمکردنەوەی چەورییە تێرەکان وەکو گۆشتی سوور و شیرەمەنی پڕچەوری، دوورکەوتنەوە لە چەورییە نێوەندەکان Trans fats، خواردنی ماسی لەجیاتی گۆشتی سوور، بەکارهێنانی زەیتی زەیتوون لەجیاتی کەرەی سرووشتی و کەرەی دەستکرد (مارگەرین Margarine)، زیادکردنی ئەو خۆراکانەی کە ڕیشاڵ لەخۆدەگرن.
- کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.
- زیادکردنی چالاکیی فیزیکی و مەشقی وەرزشی کە هەفتانە لە ١٥٠ خولەك کەمتر نەبێت.
- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان.

# مەترسییە شاراوەکانی خواردنەوە وزەبەخشەکان

ئەگەرچی خواردنەوە وزەبەخشەکان En- ergy drinks دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش و ئاگایی، بەڵام ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لە جۆرەکانی سوکرۆز، گلوکۆز، فرکتۆز لەخۆدەگرن، کە دەگاتە ٧٠-١١٣ گرام لە هەر ١٠٠ میلللیلیتردا، ئەمەش ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم بەرز دەکاتەوە. لە لایەکی دیکە خواردنەوە وزەبەخشەکان بەگشتی ڕێژەیەکی بەرز لە ماددەی کافائین لەخۆدەگرن لەگەڵ ماددەی وروژێنەر Stimulants کە ئاستی چالاکیی دەماری لە لەشدا بەرزدەکەنەوە، بۆنموونە ماددەی تۆورین، گوارانا لەگەڵ ماددەی کارنیتین L-Carnitine. خواردنەوە وزەبەخشەکان لەبەر ڕێژە بەرزەکەی ماددەی کافائین هۆکارن بۆ هەڵچوون و پەستی، هەروەها گرفتەکانی خەو کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی. زیاد خواردنەوەی ئەم شلەمەنییانە لەوانەیە کە ببێتە هۆی ژاراویبوون بە کافائین Caffeine intoxication کە حاڵەتێکی مەترسیدارە و ژیان دەخاتە مەترسییەوە لە ئەنجامی تێکچوونی ڕیتمی لێدانەکانی دڵ، یان وەستانی دڵ هاوکات لەگەڵ ئاوسانی مێشك و پەککەوتنی گورچیلەکاندا.






# تیشكی خۆر
# پێست پیر دەكات

بەركەوتنی زیاد بە تیشكی خۆر هۆكارە بۆ لۆچبوونی پێشوەختەی پێست یان (پیربوونی پیشوەختە Premature aging). پیربوونی پێشوەختەی پێست ڕوو دەدات چونكە تیشكی سەرووی وەنەوشەیی كە لە تیشكی خۆردایە، پێكهاتەكانی پێست بە شێوەیەكی هەمیشەیی تێك دەدات، بەتایبەتی لە پێستی دەموچاو و سەر دەستەكان بە شێوەی: لۆچبوونی پێست، گۆڕانی ڕەنگ یان پنتە تۆخەكانی تەمەن، لەكەی قاوەیی، كەمبوونەوە یان نەمانی توانای لاستیكیی دەموچاو یان نەمانی تۆنی پێست، زبربوونی پێست، بەرجەستەبوونی موولوولەكانی خوێن لە دەوری لووت و سینگدا، وشكبوونی پێست، تاریكبوونی پێست لە دەوری سینگدا، لەگەڵ شۆڕبوونی پێستی دەموچاو و چەناگە و مل، هەورەها سووربوونەوەی پێست. میكانیزمی ئەم كاریگەرییانە بریتییە لەوەی كە تیشكی سەرووی وەنەوشەیی هۆكارە بۆ گۆڕان لە ماددەی DNA ناو خانەكانی پێست، كە هۆكارە بۆ زووپیربوون و شێرپەنجەی پێست. بێگومان تا ڕەنگی پێسیت كاڵتر و سپیتر بێت هێندە زیاتر دەكەوێتە ژێر كاریگەرییەكانی تیشكی سەرووی وەنەوشەیی.





## سڵق بۆ دابەزاندنـ

گەڵاو لاسکەکانی سڵق Swiss chard دەوڵەمەندن بە کانزاکانی کالسیۆم، ئاسن، پۆتاسیۆم، زینك، کۆپەر، نایترەیتەکان، لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، K، B7، C، (بایۆتین E، (Biotin، هەروەها چەندین ماددەی دژەئۆکسان لە بیتاکارۆتین و فلاڤۆنۆیدەکان کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی. سوودە تەندروستییەکان: کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە سڵق سەوزەیەکی گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە، باشترکردنی تەندروستی و فرمانەکانی مێشك، ڕێکخستنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن،



## خەوی دروست دڵ لە نەخۆشی دەپارێزێت



لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەی ئەمریکیی تایبەت بە تەندروستیی خەو ASA هاتووە کە خەوی دروست و کوالێتی بەرز، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ کەم دەکاتەوە هەتا لەو کەسانەشدا کە مێژووی خێزانییان هەیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ. هەروەها پەیمانگەی نیشتیمانیی فەرەنسی تایبەت بە تەندروستی و توێژینەوەی پزیشکی، جەختی کردووەتەوە کە خەوی دروست ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ٧٤٪ کەم دەکاتەوە، چونکە هاندەرە بۆ حەسانەوەی دڵ و مێشك لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کەچی کەم خەوی یان کوالێتیی خراپی خەو، هۆکارە بۆ شێواندنی سیستمی دەماریی سیمپەتاوی و بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هاوکات لەگەڵ زیاد دەردانی هۆرمۆنەکانی سترێس، بەتایبەتی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل Cortisol و کەمبوونەوەی توانای پاکبوونەوەی مێشك لە ماددە زیانبەخشەکان، ئەمانە هەموویان هاندەرن بۆ هەڵبەزین و دابەزینی تێکرای لێدانەکانی دڵ و شێواندنی ڕیتمی گرژبوون و خاوبوونەوەی ماسوولکەی دڵ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەکاتی شەودا، دەرەنجام ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ زیاد دەبێت.

## ـــــــی پەستانی خوێن

باشترکردنی سووڕی خوێن، دابەزاندنی پەستانی خوێن و پاراستنی تەندروستیی دڵ، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن و فشاری ئۆکسان لە لەشدا، بەهێزکردنی ئێسکەکان و خۆپاراستن لە پووکانەوەی ئێسك بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی کانزای کالسیۆم و ڤیتامین K، خۆپاراستن لە کەمخوێنی بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ئاسن و کۆپەر لە گەڵاکانی سڵقدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی کۆڵۆن، پاراستنی تەندروستیی چاو و کەمکردنەوەی گۆڕانەکانی تۆڕەی چاو کە پەیوەستن بە تەمەن AMD، پاراستنی تەندروستیی قژ، هەروەها باشترکردنی تەندروستیی جگەر.



# دوو هەنگاوە سەرەکییەکەی دابەزاندنی کێشی لەش

ئەگەرچی گەلێك دەرمانی نوێ لەبەردەستدان بۆ دابەزاننی کیشی لەش هاوکات لەگەڵ چەند جۆرێکی نەشتەرگەری، بەڵام پێویستە کە تەنیا دکتۆر بڕیاری لەسەر بدات. بەگشتی پابەندبوون بە ڕیجیمێکی دروستی خۆراك و مەشقی وەرزشی، دوو هەنگاوی سەرەکی و سەلامەتن بۆ دابەزاندنی کێش. لە ئێستادا، ئاماژە بە چەندین جۆری ڕیجیمی خۆراك دەکرێت کە لەوانەیە هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی تەواوی هەر جۆرێکیان کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستە تەنیا بە بڕیاری دکتۆر بێت، بەڵام بەگشتی ڕیجیمی کەمکردنەوەی کالۆری ئاسانە و بۆ هەر کەسێك گونجاوە، بێگومان ئەم جۆرەی ڕیجیمەش پێویست بە چاودێریی دکتۆر دەکات بە مەبەستی دابەزاندنی دروستی کێشی لەش، کە هەرگیز نەبێتە ئەگەری کەمیی هیچ مادده خۆراکییەك لە پرۆتین، چەوری، کاربۆهیدرات، ڤیتامین و کانزاکان لەگەڵ مادده دژەئۆکسانەکان. بە گوێرەی مەشی وەرزشی، ئەوا بە هەمان شێوەی ڕیجیمی خۆراکی، پێویستە کە جۆر و کات و ماوەی وەرزشەکە بۆ هەر کەسێك لە لایەن دکتۆرەوە دیار بکرێت.



# قەڵەمی زیرەک دەنگ دەکاتە دەقی نووسراو

ئەندازیارییەکی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای نوێ بەناوی (زەکوان ئەحمەد) کە خەکی مالیزیایە، پێنووسێکی زیرەکی بەرهەم هێناوە کە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات.

پێنووسەکە بە پێنووسی زیرەکی The One Smart AI Pen ناسراوە، لە ستایلدا هەروەك قەڵەمێکی ئاسایی دەچێت، کێشی ٢٠ گرامە و لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە. بەڵام بەهۆی هەستەوەری زیرەك، قەڵەمەکە دەنگ تۆمار دەکات و پاشان دەنگە تۆمارکراوەکە دەکاتەوە دەق. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و دەنگ و دەقەکە بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر بەرێ دەکات. باترییەکەی تا ده کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. تەنانەت دەقەکان لەباری ڕێزمان و ڕێنووسەوە دەستکاری دەکات و ئەگەر بەکارهێنەر بیهەوێ دەقەکە بۆ زمانی مەبەست وەردەگێردرێت.

# داتاشۆیەک بەقەد مۆبایلێک



داتاشۆ واتە (ڤیدیۆ پرۆژکتەر)، بۆ نیشاندان و زانیاری خستنەڕوو بەتایبەتی لە سیمینار و کۆڕ و وانەکاندا گرنگی خۆی هەیە. نە تەنیا بۆ ئەوە بەڵکو بۆ نیشاندانی فیلم بەتەواوی شوێنی تەلەڤزیۆنی لە هەندێك شوێندا گرتۆتەوە. لە پێشانگای ساڵانەی MWC ٢٠٢٥ ڤیدیۆ پرۆژکتەرێك خرایە ڕوو کە هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت و قەوارەیەکی بچووك و کێشێکی کەم. کێشەکەی تەنیا ٣٠٠ گرامە هەندێك لە مۆبایلێك قورسترە، بەڵام قەوارەکەی هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت. چونکە دەنووشتێتەوە و تاشۆ دەبێت. پرۆژکتەری جۆری Aurzen Zip توانای ئەوەی هەیە لە مەودایەکی ٨٠ ئینجیدا نیشان بە کوالیتی HD نیشان بدات. وەك سینەمایەك دەبێت بۆ ماڵەوە. خودی پرۆژکتەرەکە تا کاتژمێر و نیوێك واتە تا نیشاندانی فیلمێك باتری دانابەزێت، بەڵام بەهۆی ستاندێك لەگەڵیدایە و هەڵگری باترییەکی گەورەترە هەتا پێنج کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.

## ئەنگوستیلەی زیرەک بۆ چاودێری تەندروستی



کۆمپانیای Oura کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری تەکنەلۆژیای نوێ، لەم ماوەیەدا ئەڵقەی زیرەکی Ring 4 بەرهەم هێنا. ئەڵقەکە لە کانزای تیتانیۆم بەرهەم هاتووە، کێشی زۆر سووکە بەکارهێنەر هەست بەوە ناکات هیچی لەدەستدایە. کێشی تەنیا ٤ گرامە. چەندین هەستەوەری پێشکەوتوو تێدایە، وەك: لێدانی دڵ، چۆنییەتی خەوتن، ڕێژەی ئۆکسیجین، ڕێژەی سترێس و دڵەڕاوکێ، گەرمی و تینی لەش، گشت ئەو زانیاریانە و زانیاری زیاتریش لە ڕێگەی بلوتوسەوە دەگوازێتەوە بۆ مۆبایل.

شایانی باسە، ئەڵقەی ناوبراو لە ژیریی دەستکردی Oura Advisor سوود وەردەگرێ و ئەویش وەك چاودێریك بەردەوام ڕێنوێنی بەکارهێنەرەکەی دەکات، وەك چۆن بکات خەوێکی باشتری دەبێت، یا چەندە چالاکی بکات بۆ ئەوەی تەندروست بێت. باترییەکەی هەتا هەشت ڕۆژ دادەبەزێت و لە بیست خولەکیشدا بارگاوی دەبێتەوە. بە ئاو تێك ناچێت و سێ ڕەنگ و سێ سایزی هەیە.




## کۆمپیوتەرێک لە خانەکانی مێشکی مرۆڤ دروست دەکرێت

کۆمپانیایەکی ئوسترالی بە ناوی Cortical Labs لە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرێکی بیولۆژی کە توانای بەرنامەنووسینی هەیە سەرکەوتوو بی. کۆمپیوتەرەکە تێکەڵاوێکە لە خانەکانی مێشکی مرۆڤ لەگەڵ سیلیکۆن. سیستەمەکە CL1 پێدەگوترێ پێکهاتووە لە تەنکۆڵەیەکی سیلیکۆنی کە بە نۆرۆنەکانی مێشکی مرۆڤ کە لە تاقیگەدا گەشەی پێدراوە. نۆرۆنەکان توانای وەرگرتنی شەپۆلی ئەلکترۆنیان هەیە و ڕێك وەك مێشکی مرۆڤ داتاکان لێکدەدەنەوە.

سیستەمی ناوبراو دوو لایەنە کار دەکات، واتە بە جۆرێك کە شۆکە ئەلکترۆنییەکان هانی نۆرۆنەکان دەدەن و پەرچەکردارەکانیان لێکدەدەنەوە. ئەم تاقیکردنەوەیە جاریٰ لەسەرەتادایە و ئەگەر ڕۆژێك بتوانێت سیستەمێك بەرهەم بێت کە تێکەڵاوێك بێت لە خانەکانی مێشکی مرۆڤ و کۆمپیوتەر ئەوکات جیهان بە جۆرێك دەگۆڕدرێت کە لە فیلمە خەیاڵی-زانستییەکانیشدا بیری لێناکرێتەوە.



# درۆنێک بۆ کاروباری کشتوکاڵی

کاتێك باسی درۆن دەکرێ، هەمیشە زەین و بیرمان بۆ ئامێرێکی هاوشێوەی فڕۆکەو کۆپتەر دەچێت کە بۆ شەڕ و سیخوڕی بەکاردەهێنرێت. بەڵام درۆنەکان ئەوانەی سوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە گەلێك جۆریان هەیە. بۆ نموونە درۆنی جۆری DJI Agras T50 کە دەتوانێ تاکو ٢٤ خولەك بەبارێکی ٤٠ کیلۆییەوە بفڕێت. کێشی درۆنەکە ٤٠ کیلۆیە، بە باترییەکەی دەگاتە ٥٢ کیلۆ. کاتێك دەفڕێت دەتوانێت دەگاتە سەد کیلۆش. تانکیەکی هەیە ٤٠ لیتر ژەهری دژە میرۆ هەڵدەگرێت. بەڵام لە دانەوێڵەدا دەتوانێت ٧٥ لیتر هەڵبگرێت. قەوارەکەی کاتێك بەتەواوی دەکرێتەوە نزیکەی سێ مەتر دەبێت. ریمۆت کۆنترۆڵەکەی تەبلێتەکە کە ٧ ئینجە و تا کو ٢ کیلۆمەتر دوور لە ریمۆتەکەی خۆی دەتوانێت چاودێری بکرێت. باترییەکەی بە دە خولەك شارژ دەبێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆچی زۆر پرسیار لە ژیری دەستکردەکان دەکەم ناتوانن وەڵام بدەنەوە؟ ئەدی بۆچی ژیری دەستکردن؟**

خوێنەری بەڕێز لە راستیدا ژیریی دەستکردەکانیش یاسا و رێسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ژیریی دەستکرد بۆیان دادەنێن، ئەوانیش سنووردارن، بۆ ئەو وەڵامانەی کە تایبەتن بە بواری ئەمنی، بواری ئایینی، یا تایبەتن بە بواری کەسایەتی تاکێك... ئەوانە وەڵام نادەنەوە. ئەوان سنووری جوگرافیای پرسیارەکانیش دەزانن، رەنگە ئەو پرسیارەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێیدەکرێ، لە وڵاتێکی ئەوروپایی لێبکرێ، وەڵامەکانیان یەك نەبن. بەتایبەتی پرسیارە ئایینی سیاسییەکان.

# کانڤا بەهێزترین پرۆگرامی جێگرەوەی فۆتۆشۆپ

لەم چەند ساڵەدا گەلێك پرۆگرامی تایبەت بە بواری گرافیك بەرهەمهاتوون، بەشێك لەو پرۆگرامانە ئۆنلاینن واتە دەبێ لەسەر هێڵی کاریان پێبکرێ بۆ ئەوەی ئاسانکاری زیاتر بەردەست بێ.

یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی canvaیە و لە ماڵپەڕێکدا هەر بەناوەکەی خۆی بەردەستە، جگە لەوەش بەشێوەی ئەپلکەیشن بۆ مۆبایل هەیە. ئەرکەکانی پرۆگرامەکە تایبەتن بە بواری گرافیکی، بەهۆیەوە دەتوانی، پۆستەر، برۆشۆر، بەرگی کتێب و گۆڤار و ئەوەی پەیوەندی بەو بوارەوە هەبێت دروست بکەی، کارکردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە و چونکە زۆربەی ئەوانەی بۆ ئەو بوارە پێویستتە لەبەردەستن. دەکرێت لە بەرهەمی فیکری کەسانی دیکەش هەر لەو پرۆگرامەدا سوود وەربگری.

بەشێکی گرنگی پرۆگرامەکە ئەوەیە دەکرێت چەند کەس پێکەوە لەسەر پرۆژەیەك کار بکەن. ئێستا زۆربەی شارەزایانی بواری گرافیك ئەو پرۆگرامە بەکار دێنن، چونکە لە زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ و کارئاسانی بۆ دەکات.



## ئەركی ڕاگەیاندنكاران ئاسانتر دەبێتەوە




لـەو سـەردەمەدا وەك هەمـوو پیشـەكانی دیكـە بەهـۆی زیرەكیـی دەسـتكردەوە، ئـەرك و كاری ڕۆژنامەنووسـیش گـۆڕانـی زۆری بەسەرداهاتووەو ئاسانكاری زۆری تێدا كراوە. ئامێـری PLAUD NOTE كـە تۆزێـك بارسـتاییەكەی لـە بزنـس كارتێـك زیاتـرە، و بـە پشت مۆبایلـەوە بـە هـەردوو سیستـەمی ئەندرۆیـد و ئـای ئـۆ ئێسـەوە دەنووسـێت دەنـگ تۆمـار دەكات و دواتـر دەنگەكـە دەكاتـەوە دەق. جگـە لـەوەش بـە پاڵپشـتی ژیـری دەسـتكرد دەتوانێـت دەقەكـە كـورت بكاتـەوە و خاڵـە گرنگـەكان دەستنیشـان بـكات. لـەوەش گرنگتـر دەتوانێت دەقەكان بـە سـەد زمـان وەربگێڕێـت. كێشـی تەنیا ٢٨ گرامـە. میمۆرییەكـەی ٦٤ گیگابایتە و دەتوانێـت ٣٠ كاتژمێـری بـەردەوام دەنـگ لەخۆیـدا تۆمـار بـكات.



### ژیریی دەستكردێك دەق دەكاتە شێوەی مرۆیی

ئەو دەق و بابەت و وتارانەی لەلایەن ژیریی دەستكردەكانە دەنووسرێن، ئەگەر تۆزێك وردبینی تێدابكرێت، هەست بەوە دەكرێت كە لەلایەن ژیریی دەستكردەوە دەنووسرێن و نەك لەلایەن مرۆڤەوە، هەر بەهۆی ژیریی دەستكردەوە دەكرێت هەڵسەنگاندن بكرێت كەئایا ئەوە مرۆڤ نووسیویەتی یا ژیریی دەستكرد.. بەڵام ماڵپەڕی ژیریی دەستكردی humbot.ai ئەو دەقانەی ژیریی دەستكرد دەیاننووسیّ، جارێكی دیكە دەیانگۆڕێت بۆ ژیریی ئینسانی، تەنانەت خودی ژیریی دەستكردەكانیش هەستی پێناكەن كە ئەمە بە شێوەی ئینسانی نووسراوە.. خودی ژیری دەستكردی humbot.ai هەڵسەنگاندنی بۆ دەكات، ئایا ئەم ژیریی دەستكردە لە داهاتوودا كێشە دروست دەكات؟ ئەوەیان خۆتان بڕیار بدەن.

## لاپتۆپی دوو ڕوو!

كۆمپانیـای لینۆڤـۆ لـە پێشـانگای سـاڵانەی MWC دا چەندیـن ئامێـری تەكنەلۆژیـای نوێی خستەڕوو، لـە نێویاندا لاپتۆپی جۆری ThinkBook Trans-parent Display Laptop كە لاپتۆپێكی ناوازەیـە و دوو ڕوویـە! واتـە لـە هـەردوو ڕووەكـەدا شاشـە دەبینـدرێ. وەك پەنجەرەیەكی ڕوون دەچێت. شاشـەكە ١٧ ئینجـە و كیبۆردەكـەی لەمسـییە. كێشـی لاپتۆپەكـە كیلۆیـەك و نیـوە و لـە ئەلەمینیـۆم دروستكراوە. هـەم پتەوە و هـەم كێشی سووكە. لاپتۆپی ناوبراو لـە ژیریی دەستكرد سـوود وەردەگرێـت. دەكرێت وەك لاپتۆپێكی نۆرماڵیش بێت و تەنیا یـەك ڕووی ببینـدرێت. (تـۆم بۆتلـەر)، بەڕێوبـەری بەرهەمەكانی لینۆڤـۆ دەڵێت، لاپتۆپەكـە بـۆ هونەرمەنـدان زۆر گونجاوە دەتوانـن بـە ئاسـانی وێنـەی پشـتەوە بكێشـنەوە. كیبۆردەكـەی هیـچ دوگمەیەكی نییـە و تەویـش هـەر شاشـەیەكە بەكارهێنـەر بـە پەنجـە یـا بـە قەڵەمـی تایبـەت پیتـەكان بنووسـێت.







# ماکیاژی سووک و خێرا بۆ خانمانی فەرمانبەر

ماکیاژی سووك و خێرا چارەسەری نموونەییە بۆ ئافرەتانی فەرمانبەر، چونکە دەتوانیت لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا بەکاری بهێنیت، بۆ ئەوەی دیمەنێکی گەش و سرووشتیت پێ ببەخشێت، بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەوڵێکی زۆر بدەیت.

• کۆنسیلەر بۆ شاردنەوەی عەیبەکان تەنیا لەو ناوچانەدا دابنێ کە پێویستیانە، وەك ژێر چاوەکان یان لەسەر پەڵە تۆخەکان.

• جێڵی «ڕەنگدار یان ڕوون»ی برۆ بەکار بهێنە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بە خێرایی، بەبێ ئەوەی پێویست بە هێڵکاری بکات.

• ماسکارای ڕەش یان قاوەیی بەکار بهێنە بۆ ئەوەی درێژی و قەبارە بدەیت بە برژانگت، بەبێ ئەوەی پێویستت بە برژانگی دەستکرد هەبێت.

• سێبەری چاو بە ڕەنگی سرووشتیی وەك بێجی، پەمەیی کاڵ، یان قاوەیی کاڵ بەکار بهێنە بۆ درەوشانەوەی چاوەکان.

• سوراوێکی کرێمی یان پاودەری بە ڕەنگی سروشتیی وەك ڕەنگی قۆخی یان پەمەیی کاڵ بەکار بهێنە، لەسەر ڕوومەتەکان دایبنێ و بە باشی تێکەڵی بکە بۆ ئەوەی دیمەنێکی سرووشتیت دەست بکەوێت.

• شێدارکەرەوەی لێوی ڕەنگدار یان سوراوێك بە ڕەنگی سرووشتیی وەك پەمەیی یان نیود بەکاربهێنە.



# گوارەی نەخشێندراو بە بەردی گرانبەهای شین بۆ خانمانی بووک

جیهانی خشڵ پڕە لە داهێنان، لە نێو ئەم داهێنانە ناوازانەشدا گوارەی نەخشێندراو بە بەردی گرانبەهای شین هەیە، وەك عەقیقی شین، یاقووتی شین، ئەکوامارین و.. هتد، ئەم ڕەنگە شاهانەیە کە هێمنیی دەریا و جوانیی ئاسمان دەگەیەنێت، کۆکەرەوەی کلاسیك و مۆدێرنە بۆ ئەوەی هەستێك لە شکۆمەندی و سەرنجڕاکێشی ببەخشێت.

بەردی لازورد: ئەم بەردە گرانبەهایە بە ڕەنگە شینە تۆخەکەی دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە هەڵبژاردنێکی نموونەییە بۆ ئەوانەی حەزیان لە دیمەنی ناوازەیە، بەزۆری خشڵە نەخشێندراوەکان بەو بەردە، لە زێڕی زەرد یان پەمەیی دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەنگی بەردەکەدا بگونجێت، بۆ دەرخستنی جوانییەکەی.

عەقیقی شین: یەکێك لە بەردە گرانبەها ناسراوەکان، عەقیقی شینە، کە لە جیهانی خشڵدا بە سەرنجڕاکێشی تایبەتمەندە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزووە جیاوازەکاندا بگونجێت، دەتوانیت لەگەڵ زێڕی سپی بیگونجێنیت بۆ بەهێزکردنی ڕەنگەکەی، یان زێڕی زەرد بۆ زیادکردنی هەستێکی کلاسیکیی گەرموگوڕ.

# ڕێگە دروستەکان بۆ شوشتنی جلوبەرگی خوری بەبێ شێواندنی

• خوێندنەوەی ڕێنماییەکانی چاودێریکردنی جلوبەرگی خوری: ئەمە بنەمایە بۆ ئەوەی جلوبەرگەکان تەمەنیان درێژبێت و بەهۆی پاککردنەوە و شوشتنەوە نەشێوێندرێن.

ڕێکخستنی جلشۆرەکە: پێویستە پارچەی خوری بە ئارامی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە کاتی شۆردندا، کە دەبێت جلشۆرەکە ڕێك بخرێت لەسەر خولی جلوبەرگی ناسك، یان جلوبەرگی خوری، لەگەڵ بەکارهێنانی ئاوی سارد.

بەکارهێنانی پاککەرەوەی جلشۆری مامناوەند: دەبێت پابەندبین بەم ئامۆژگارییەوە بۆ پاراستنی جلوبەرگی خوری، دوور لە بەکارهێنانی خاوێنکەرەوە تیژەکان.

دوورکەوتنەوە لە زیادکردنی سپیکەرەوەی جلوبەرگ: نابێت کلۆر یان سپیکەرەوەی ئۆکسجین بەکار بهێنرێت، لە کاتی شتنی پارچە خورییەکان، چونکە ئەو جۆرە ماددانە ڕیشاڵەکان لاواز دەکەن.

پێویستە جلوبەرگی خوری پێش هەڵگرتنیان بۆ وەرزی داهاتوو، بشۆردرێن، ئەگەر بە پیسی هەڵبگیرێن، ئەوا دەرفەتی دروستبوونی کەروو لەسەریان زیاترە.

بۆنی جلوبەرگ: بۆ ڕزگاربوون لە بۆنی جلوبەرگی خوری وا باشترە بۆ ماوەیەك لەبەر تیشکی مامناوەندی خۆردا بڵاو بکرێنەوە، هەروەها وا باشترە جلوبەرگی خوری لە شوێنی کەپس و داپۆشراودا هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی بەر هەوا نەکەون.

**ئامادەکردن: شیلان عەلی**



# زاناکانی دروستکەری وڵاتێک

ئەمانە پێنج قوتابی ژاپۆنی بوون لە ساڵی ١٨٦٣ بە ئامانجی خوێندن و فێربوون لە تەکنەلۆژیا و تەکنیکە مۆدێرنەکانی ئەو سەردەمە ڕەوانەی بەریتانیا کران. ئەم هەنگاوە بەشێك بوو لە هەوڵەکانی ژاپۆن بۆ مۆدێرنکردنی وڵات لە سەردەمی «مێیجی» دوای چەندین سەدە لە داخراوەیی. ئەم قوتابیانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە گواستنەوەی زانیاریی تەکنیکی و زانستی بۆ ژاپۆن، یارمەتیدەر بوون بۆ گۆڕینی لە وڵاتێکی دواکەوتووەوە بۆ هێزێکی پیشەسازی و زانستی. ئەوان بە دەستکەوتە جۆراوجۆرەکانیان ناسراون، کە بەشدارییان کردووە لە پێشکەوتنی خێرای ژاپۆن لە چەندین بواردا: ئینۆ کێنسوکێ (لە پشتەوە لای چەپ وەستاوە): بە «باوکی ئابووری و دراو» ناسراوە. ئینۆی کاورۆ (لە پێشەوە لای چەپ دانیشتووە): بە «باوکی دیپلۆماسی» ناسراوە. ئینۆی ماسارو (لە ناوەڕاست): بە «باوکی ئاسن و هێڵی ئاسنین» ناسراوە. ئیتۆ هیرۆبومی (لە دواوە لەلای ڕاستەوە وەستاوە): بە «باوکی ئەنجومەنی وەزیران» ناسراوە. یاماو یوزۆ (پێشەوە لای ڕاست): بە «باوکی ئەندازیاری» ناسراوە.





# ڕووەک لە شێوەی پارچە قوماش

شێوە و قەبارەی ڕووەك وەك گیانداران جیهانێکی ئاڵۆزە و هەر یەکێك ڕەنگ و قەبارە و شێوەیەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو ڕووەکەیە کە وەك پارچە قوماشێك دەکەوێتە بەر چاو، ڕووەکی یارێتا (Azzorella compacta) لە بۆلیڤیا و لە(بەرزی ١٤ هەزار پێ) دا دەڕوێت. ڕەنگە ئەمە لە قەوزە بچێت، بەڵام ئەوە نییە، ئەمە ڕووەکێکی گەڵا پانە و سەر بە خێزانی گێزەری Apiaceae یە. ئەم ڕووەکانە دەتوانن بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ گەشە بکەن، بۆ نموونە ڕەنگە تەمەنی ئەم نموونە گەورەیە لە هەزار ساڵ زیاتر بێت.

# خان بابای زۆر خۆر و زەبەلاح

قەڵەویی هەندێك مرۆڤ بە ئاستێکە کە جێگەی تێڕامانە، ئەو گەنجەی شێوەی دوو هێندەی مرۆڤێکی ئاساییە لە ژیانی زۆر خۆری و قەڵەوییەکی سەیردا دەژی، گەنجێکی پاکستانییە کێشی ٤٣٦ کیلۆگرامە، پاش تەمەنی ١٨ ساڵی کێشی جەستەی بەرەو زیادبوون چوو و بەرنامەکانی خواردنی ڕۆژانە بەم شێوەیەیە، ٥ لیتر شیر، ٣٦ هێلکە، ٣ کیلۆ گۆشتی سوور، ٤ مریشک، چەندین خواردنی دیکەش. خان بابا بێزار نییە لە زیادبوونی جەستەی، بەڵکو شانازیی پێوەدەکات و بەو هۆیەوە چەندین دەستکەوت و خەڵاتی بردووەتەوە و ناوی چووتە کتێبی گینس.







# شوێنەواری پەرەستگایەکی لە کوردستان

شوێنەوارەکانی کوردستان هێندە بە نرخن، کە مێژوویان بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەم شوێنە پێ دەگوترێت (ئاو ئەنبار)، دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆك، لە زۆر جێی دیکە ئەم چەشنە شوێنەوارە بە دی کراوە، هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن، ئەوانە شوێنی کڵێسا و پەرستن بوون، ئەو شوێنەوارە دەکەوێتە سەر بەرزایی چیایەکی کوردستان شوێنەواری پەرستگەیەکی سەیر، کە وێڕای ئەوەی ڕێگەیەکی دژواری هەیە کە دوای دوو کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتن، ئینجا دەگەیتە ئەو شوێنەوارەی لەسەر چیایەکی بەرزی کوردستان دروست کراوە. بەردی زۆر گەورە و ئەندازەیی بەکار هاتوون کە ٢م درێژن. دیوارەکان زۆر پانن، کە نزیك ٢م دەبن، ژوورێکی ١٠م درێژ و ٣ پان و ٣بەرز لە شاخ بەدەست هەڵکۆڵدراوە، کۆگایەکی ئاوهەڵگرتن ٢م بە ٢م لە شاخ هەڵکۆڵدراوە، ئەو باتۆمە (گۆپاڵ)ەی لەگەڵ دیوار و بەردەکان دانراوە، ١٢٠سم درێژە، قەبارەی هێندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبن کە بە ئەندازەیەکی سەیرەوە دانراون.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە پێویستی و حەزیان بە شتێکە، کە چی کەسانی دیکە لە بەردەمیاندا و بەبێ ڕەچاوکردنی هەست و دروونیان نۆشی دەکەن.



## مۆزەخانەی جنۆکەکان

جیهانی جنۆکەکان لە شاکارێکدا ئاماژەی پێ کراوە، وەك ئەوەی بوارێکی ڕاستەقینەی خەیاڵی بێت، ئەمەش لە مۆزەخانەیەك تایبەت کراوە و تیایدا ئاماژە بە جنۆکەکان دەکەن. مۆزەخانەیەکی ناتەقلیدیی لە شاری لەندەنی بەریتانیادا هەیە بە ناوی مۆزەخانەی «مێرلین کریپتید»، ئەم مۆزەخانەیە نمونەی زانستی کۆن یان جادووگەرەکان ئاشکرا دەکات، وەك پاشماوەی جنۆکە و ئەهریمەنەکان و ئەژدیهاکان و ئەوانی دیکە.



## دیمەنە سەیرەکان

**تیر و خێرایی ڕووناکی**

بەپێی یاساکانی فیزیا، ئەگەر تیرێك بە خێرایی ڕووناکی بهاوێژرێت بەرەو ڕووی پەنجەرەیەك، ئەوا پەنجەرەکە ناشکێنێ بەڵکو تیرەکە بەناویدا دەڕوات.



## یاسا

**پێدانی ئۆتۆمبێل**

ئەگەر ئۆتۆمبیل یان هەر سوارڕۆیەك بدەی بە کەسێك بەکاری بهێنی و مۆڵەتی شۆفێری نەبێت، لەم حاڵەتەدا پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە یان سوارڕۆکە دەکرێتەوە، هەمان سزای ئەو کەسەش دەدرێ کە بێ مۆڵەت شۆفێری دەکات. بەپێی مادە ٢١ لە یاسای ژمارە (٨٦) ی ساڵی ٢٠٠٤ لە یاسای هاتووچۆدا هاتووە: هەرکەسێك بێ مۆڵەت شوفێری بکات، یان مۆڵەتەکەی تایبەت نەبێ بەو ئۆتۆمبیلە، ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە ٢٥٠ هەزار کەمتر نەبێت و لە ملیۆنێك زیاتر نەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆر نیگەرانی لایەنی داراییت مەبە، بەم زووانە گرفتەکانت چارەسەر دەبن، لەلایەنی پیشەییەوە سەرەڕای بەرپرسیاریەتییەکی زۆر لەسەر شانت، توانای ئەوەت هەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەمو شتێك ئاساییە، پاڵپشتی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە گرنگی بە وردەکارییەکان بدە، کەمتەرخەمی دەبێتە هۆی تووڕەبوونی بەرپرسەکەت، ژیانی تایبەتیت پڕ دەبێت لە بەرزی و نزمی، ئامۆژگاری دەکرێیت وشەکانت بە وریاییەوە بەکار بهێنیت و ژیرانە ڕەفتار بکەیت، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕۆژێکی گرنگ دەبێت بۆ ئەو کەسانەی فەرمانبەرن، ئەنجامی کارەکانیان بەو شێوەیە دەبێت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی دەکەن، پێویستە پلان دابنێیت بۆ ئەوەی کارەکانت بەرەوپێش بەریت، لەلایەنی تەندروستیەوە شەوان تا درەنگ مەمێنەرەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە ناتوانیت بە تەواوی سەرنجت لەسەر ژیانی تایبەتیت بێت بەهۆی ئەو ئەرکە زۆرەی لەسەر شانتە، بەڵام ئەم ڕۆژانەی داهاتوو گۆڕانکاری ڕوو دەدات و کاتی زیاترت دەبێت بۆ کەسە خۆشەویستەکانت، لە ڕووی داراییەوە هیچ شتێك نابێت کە تووشی نیگەرانیت بکات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پابەند بە بەو بەڵێنانەی دەیدەیت لە لایەنی سۆزدارییەوە، بە نەرمی مامەڵە بکە و خۆت مەخەرە دۆخێکەوە کە دڵی خۆشەویستانت برەنجێنیت، لە لایەنی پیشەییەوە هەوڵی شکاندنی ڕۆتین بدە و هەوڵ بدە فێری چالاکی و کاری نوێ ببیت، ڕۆژێکی باش دەبێت لە ڕووی داراییەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دۆخی ماڵەوەت لە ئێستادا زۆر باش نابێت، ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامی گرفتە داراییەکانەوە بێت، ڕەنگە ئەمرۆ زۆر نیگەران بیت و تووشی دڵەڕاوکێ بیت، هەربۆیە هیچ بڕیارێکی بەپەلە مەدە و بە ژیرانە بیر بکەرەوە، لە ڕووی جەستەییەوە هیچ گرفتێکت نابێت.



## پەند و وتە

کیت ڕۆس میلەر، نووسەری ئوسترالی و لە دایکبووی ساڵی ١٩١٩ و لە ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستیی کەسێك دەڵێ: «ئەگەر کەسێك یەکێکی دیکەی خۆش بوێت، پێویستە پەنجەکانی بە نەرمی و ناسکی بە نێو ڕۆحیدا دابنێت و تاوەکو بە هیچ شێوەیەك بریندار نەکات و لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆشەویستی برینەکانی سارێژ بکات.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لەسەر دیوارێك دانیشتووە، هەوڵ بدە بزانیت شوێنەکەی بە وێنە کێشراوە، یان دیوارێکی ڕاستەقینەیە.

## بۆ زانیاریت

## هێنانەکایەی مشکی توکاوی هەنگاوێکە بۆ هێنانە کایەی ماموپ



لە ڕێگەی دەستکاریکردنی جەنەتیکییەوە، توانرا مشکی توکاوی بهێنرێتە کایەوە کە نەك بە تەنیا توکاویترن، بەڵکو باشتر بەرگەی ساردی دەگرن. بە گشتی دەستکاریی هەشت جینی ئەم مشکانە کرا کە حەوتیان وابەستەیە بە گەشەی مووی درێژەوە و هەشتەمینیشیان وابەستەیە بە زیادکردنی چەوریی لەشە. ئەم گرووپە وا بەنیازن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦دا ئیمبریۆی فیلی ماموپیان هێنابێتە کایەوە و لە ساڵی ٢٠٢٨دا ئەو فیلە دەهێننە کایەوە کە دەتوانێت لە ناوچە بەستەڵەکیەکاندا بژی. ئامانجیش، گوایە ئەوەیە کە بتوانرێت گرووپێکی فیلی ماموپ ئاسا بهێنرێتە کایەوە، کە لە ناوچە بەستەڵەکییەکاندا دەتوانن بژین و هاندەری گەشەکردنی گیا دەبن لەو ناوچانەدا. ئەوەش ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەم دەکاتەوە. ئەم هەنگاو و شیکردنەوەی ئەم گرووپە، کەوتووەتە ژێر ڕەخنەوە و هەموو زاناکان بە بۆچوونێکی زۆر دروستی نازانن. دەستکاریکردنی جینی مشکەکان لەوانەیە کارێکی ئاسان بێت، بەڵام کاتێك دێتە سەر فیل، ڕووبەڕووی ئاڵۆزیی زۆر زیاتر دەبینەوە. لە وەڵامدا، لێکۆڵەرەوەکانی Colossal دەڵێن ئەمە وەك کەرستەیەك بەکاردێت بۆ دەستکاریکردنی جینەکانی دیکە و پێش هەر دەستکاریکردنێکی گشتییش، نەخشەیەکی کاریگەری سەلامەت دادەڕێژرێت پێش ئەوەی دەستکاریی جینۆمی فیل بکرێت.

## فیلم

## داوەتکراوی دۆستانە - You›re Cordially Invited




فیلمێکی کۆمیدی و سەرکێشییە، باس لە پلانی هاوسەرگیریی کەسێك بۆ خوشکەکەی دەکات، هەروەها باوکی بووکەخانیش کە ماوەیەکی زۆرە لەم دوو خوشکە دوورە، بە شێوەیەکی ئاسایی و بەبێ ئەوەی داوەت کرابێت، بەشداریی ئاهەنگەکە دەکات، ئەمەش دەبێتە جێگەی چەندین کاری سەرکێشی و کۆمیدی، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٤٩) خولەکە، لە دەرهێنانی نیکۆلاس ستولەر، نووسینی جۆن گولیسیرین، لە نواندنی: ڕیس ویزەرسپوون، ویل فارێل، میردیت هانگنەر، جیمی تاترۆ.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕۆژێکی گرنگ دەبێت لە ڕووی پیشەییەوە، پەستانی پیشەیی زیاتر دەبێت لەسەرت، هەربۆیە پێویستت بە ڕێکخستنەوەی خۆت و پلانەکانت دەبێت، پاڵپشتیی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، بەتایبەتی کەسە گەنجەکانی خێزانەکەت، لە ڕووی تەندروستییەوە ئەگەر گرفتی هەناسەدانت هەیە ڕەنگە ئەمڕۆ ئەو گرفتەت گەورەتربێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕۆژێکی باش نابێت بۆ ژیانی تایبەتیت، دوور بکەوەرەوە لەوەی بۆ بچوکترین شت گرفت دروست بکەیت، پێویستە وریاتر ڕەفتار بکەیت، هەروەها ڕێزی کەسانی گەورەی خێزانەکەت بگرە، لە لایەنی پیشەییەوە بڕیارێکی گرنگ لەگەڵ خاوەنکارەکەت دەدەیت، هەربۆیە بە وریایی بیربکەرەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە گرفت لە گوێچکەکانت دروست ببێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە واز لە تەمەڵی بهێنە و ئەرکە گرنگەکانت لە کاتی خۆیدا و بە باشی جێبەجێ بکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانت بدە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی خێزانەکەتدان، تەندروستی دەروونت کاریگەریی لەسەر جەستەت دروست دەکات، هەربۆیە لە نیگەرانی خۆت دوور بخەرەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

باشترە سەرنجت لەسەر ئەرکە گرنگەکانت بێت لەبری ئەوەی خۆت بە کاری ئێرە و ئەوێ سەرقاڵ بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە پێداچوونەوەیەك بە کارەکانتدا بکە و کاتی ئەوەیە وانە وەربگریت لە هەڵەکانت، متمانەی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت بەهێزتر دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

باشترە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت پشت بە خۆت ببەستیت، بەڵام تەنیا ڕای خۆت مەسەپێنە و سوود لە بیرۆکەی کەسانی چواردەورت وەربگرە، ئەم ماوەیە کاتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانت بدەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە شاردنەوەی نهێنی زیان بە پەیوەندیی خۆت و خۆشەویستەکەت دەگەیەنێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەو ئەرکانەی لەسەر شانتە لە کاتی خۆیدا بە ئەنجامیان بگەیەنە، کەسانێکی زۆر چاویان لەسەر کارەکانتە، ڕۆژێکی تایبەت دەبێت لە لایەنی سۆزدارییەوە، دەتوانن پێکەوە سەردانی ئەو شوێنە بکەن کە حەزی پێ دەکەن، لە ڕووی تەندروستییەوە هیچ گرفتێکت نییە لە ئێستادا.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



## Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly
Gulan
April 7, 2025 Issue,No.1457

